سدیق ساڵح

# حکوومەتی کوردستان

( ١٩١٨-١٩٢٤ )

چاپی دووەم

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٦

٩٥٣,٢١٢
س ٨٤٥ سديق ساڵح
حکوومەتی کوردستان (١٩١٨-١٩٢٤)/ نووسینی سدیق ساڵح.
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٦.
١٨٤ل: (١٤,٨٥ × ٢١ سم)، نەخشە.
١- کوردستان- مێژوو ٢- حکوومەتی کوردستان ١٩١٨-١٩٢٤
٣- ناونیشان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پۆلێنو پێرستی ئامادە کردووە

سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح

زنجیرە: ٤٨
کتێب: حکوومەتی کوردستان ١٩١٨-١٩٢٤
نووسەر: سدیق ساڵح
مۆنتاج: سیروان خەلیل محەمەد
بەرگسازی: قادر میرخان
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ١٠٠٠
چاپ: دووەم
ژمارەی سپاردن: ٦٨٣ی ساڵی ٢٠٠٦
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

بنکەی ژین
بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
هەرێمی کوردستان: سلێمانی، سەرچنار، گەڕەکی ١١٩، شەقامی ٧٥ سەگرمە، خانووی ٧٣
نۆرماڵ: ٣١٨٣٦٣١ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩
E. Mail: bnkaizhin@yahoo.com سنووقی پۆست: ١٤

## سەرنج:

ئـەم بابەتـە هەوڵێکـە، پـشت بەسـتوو بـە سەرچـاوەی مێـــژوویی جیاجیـــا، بـــۆ بەڵگەنامەســـازی (توثیـــق)ی وردەکاریـەکانی مێـژووی (حکوومـەتی کوردستان) کە ساڵانی ١٩١٨–١٩٢٤ لە سێ ماوەی پچڕپچڕدا لـە ناوچەی سلێمانی بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموودی حەفید دامەزرا. ئەم دووەم چاپە، لێزیادکراوە.

# حکوومەتی کوردستان

## ١. ساغکردنەوە؛

### ١. ١. زاراوە:

ئەو حوکمە کوردییە کە شێخ مەحموودی حەفید، دوای بڕانەوەی یەکەم جەنگی جیهانی، لە سێ دەوری پچڕپچڕدا پێکی هێنا، لەو سەرچاوانەدا کە لەبارەیانەوە نووسیوە و پێویستم نەبینی ڕیزیان بکەم، بە ناوی جیاوازی وەك حوکمداریێتیی کوردستان یا کوردستانی جنووبی، حکوومەتی کوردستان یا کوردستانی جنووبی یا باشوور، دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، حوکم یا ئیدارەکەی شێخ، مەجلیسی ئیدارەی کوردستان یا لیوای سلێمانی، ناوبراوە.

لەکاتێکدا ڕۆژنامەوانیی کوردیی زمانی حاڵی ئەودەسەڵاتەو نووسراوی دائیرەکانی ئەو ڕۆژگارەو ئیرادەنامەکانی شێخ خۆی، لە هەرسێ دەورانی حکوومەتەکەدا، ڕاست وایە هەر بە (حکوومەتی کوردستان) ناساندوویانە. بۆیە ڕاست وایە (حکوومەتی کوردستان)ی پێ بوترێ. ئەم نموونانە، بۆ بەڵگەی دروستی، ئەهێنمەوە:

١- ئیرادەنامەی نمرە (١٧٠)ی (٨ی جیمادیل ئەووەلی ١٣٣٧- ٨ی شوباطی١٩١٩)ی حوکمداری کوردستان "مەحموود" بۆ (ڕەئیسی عولەمای عیراق مەلا عەبدولقادرزادە فەضیلەتمەئاب جەنابی مەلا حسێن

دام فضله العالي)، بە دەق نووسیویە: ((لە سایەی لوطفی خوداو بە یاوەریی حەضرەتی پەیغامبەری ئەنامو بە یاریی ئەنبییاو ئەولیای کیرام لە تەحتی حیمایەتی دەوڵەتی علییەی بریتانیادا حکوومەتی جەدیدەی جەلیلەی کوردستان تەشەکولی کردووە ...))[1].

٢- ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان" [2]:

* ژ١٠، ١٥ تشرین اول ١٩٢٢، ل١:

صوورەتی ئیرادەی علییەی حەضرەتی حوکمداری: عەدەد ١، ١٩ی صەفەرول خەیری ١٣٤١- ١٠ی تشرین ئەووەلی ١٩٢٢ لە مەملەکەتی سلێمانیدا نووسرا.

بۆ تەشکیلاتی حکوومەتی کوردستان نەصبو تعیینی ئەم ذاتانە لە قابینەی حکوومەتدا موناسیب دەبێ.

* هەمان ژمارە، ل٢:

موفەتیشی عموومیی حکوومەتی کوردستان میرلیوا صدیق القادری پاشا.

* هەمان ژمارە، ل٤:

---

[1] نموونەی ئەم ئیرادەنامەیەم لە مامۆستا شەهابی ڕەمزیی مەلا مارفەوە دەست کەوت، سوپاسی ئەکەم.

[2] ڕەفیق ساڵح، ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، لەسەرنووسینی سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٣.

لێرەبەدوا کە ئاماژە بۆ ڕۆژنامەکانی "بانگی کوردستان"و "ڕۆژی کوردستان"و "بانگی حەق"و "ئومێدی ئیستیقلال" کرا، لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە.

www.zheen.org

تەعین: مەشهوور ڕەسووڵ ناجی ئەفەندی کە لە ئەڵەبجە مەئمووری دەیەك بوو لەسەر ئیعلانی حکوومەتی کوردستان کە گەڕاوەتەوە سلێمانی ....

* ژ١٢، ٢٧ تشرین اول ١٩٢٢، ل١:

ئـیرادەی حوکمـداری عـەدەد ٣، ٢٤ی صـەفەری ١٣٤١، ١٥ی تـشرین ئەووەڵی ١٩٢٢ پایتەختی حکوومەتی کوردستان لە سلێمانیدا نووسرا.

* هەمان ژمارە، ل٢:

صـوورەتی ئـیرادەی علییـەی جـەنابی حوکمـداری کوردسـتان عـەدەد ٤،٣٠ی صــەفەری ١٣٤١– ٢١ی تــشرین ئــەووەڵی ١٩٢٢ پایتــەختی حکوومەتی کوردستان لە سلێمانیدا نووسرا.

* هەمان ژمارە، ل٦:

ئاسایــشی داخلــی: لــە مەرکــەزی حکوومــەتی کوردســتان یــەعنی سلێمانیدا لە سایەی هیممەتو عەزمی ئوloول ئەمرەوە ....

* ژ١٣، ٣ تشرین پانی ١٩٢٢، ل٣:

تەشەکورو بەیانی مەمنوونییەت: وارستەی عەرضو بەیانە کە جەنابی مەندووبی سامیی حکوومەتی فەخیمەی بریتانیا کە لەبەغداوە بۆ ناردنەوەی حەضرەتی (حوکمداری کوردستان) دام شوکتە بەذلی هیممەتی فەرموو و ئێستایش بۆ ئینتیظامی حکوومەتی کوردستانو ئیلحاقکردنی ئەو جێگایانە کە داخڵی کوردستانن بە سلێمانی مەشغووڵە.

ڕەئیسی شـەرعو عـەدل: لـە هەیئـەتی ڕوئەسـای (قابینـە) حکوومـەتی کوردستاندا تائێستا ڕیاسەتی شەرعو عەدل بە وەکالەت ئیفا ئەکرا ....

٣- ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان":

www.zheen.org

* ژ۱، ۱۵ تشرين ثانی ۱۹۲۲، ل۲:

ئەگەر بە نەظەری ئینصاف تەماشای ڕاست و چەپ و ئیستیقبالی خۆیان بکەن لێیان مەعلووم ئەبێ کە تەشەکولی حکوومەتی کوردستان لە هەموو خوصووصێکەوە صەد هەزاران خێر و خۆشیی بۆ عیراق تێدایە و ....

* هەمان ژمارە، ل۳:

۱- حەضرەتی شێخ قادر ئەفەندی‌ی سوپەهسالاری کوردستان تەرفیعەن بۆ ڕەئیسول ڕوئەساو نایبی حکوومەتی کوردستان ئینتخاب و تەعین کرا.

* ژ٥، ۲۰ کانون اول ۱۳۳۸، ل۳:

سیاسەتی ئەمڕۆ: حکوومەتی کوردستان کە ئەمڕۆ شوکور لە عالەمی بەشەرییەت و ئینسانییەتدا شان و شەرەفێ و لە ڕووی زەمیندا ناونیشانێکی بۆ خۆی پەیدا کردووە ....

* هەمان ژمارە، ل٤:

مەفرەزەی عەسکەرییە و پۆلیس کە لە مەرکەزی حکوومەتی علییەی کوردستانەوە بۆ چەمچەماڵ ئیعزام کرابوون ....

٤- سەراوردی نووسراوی ڕەسمی و مامەڵەپێکراوی دائیرەکانی سەردەمەکە، ناوی (حکوومەتی کوردستان) یان لێ دراوە. نموونەی ئەوە، ئەوراقی تاپۆی مانگی تشرینی دووەمی ۱۹۲۳ی خانوویەکی گەڕەکی گۆیژەیە کە بە فۆرمی (طاپو شکل ۱۵) و ناوی (حکوومەتی کوردستان) کراوەتەوە.

٥- (بۆردرۆی مەعاشاتی مانگی نیسانی ۱۳۳۹ی مەفرەزەی موحافیظی سواری- مایس ۱۹۲۳/۱۳۳۹)، ئەمە لە دامێنی حەوتەم

لاپەڕەیدا نووسراوە: ((وەکوو لەسەرەوە نووسراوە بۆ مەعاشی مەفرەزەی موحافیظی سواری پێنج هەزارو هەشتصەدو شەستویەك ڕووپیە لە خەزێنەی حکوومەتی کوردستان وەرگیرا))[٣].پێبەپێ، ناوەکانی سوپەهسالارو ڕەئیسول ڕوئەساو نایبی حکوومەتو ڕیاسەتەکانو موفەتیشی عومووميو قوماندانی عەسکەر، هەر "کوردستان"یان خراوەتە سەر، نەك کوردستانی جنووبی، یا شتێکی تر[٤]. نموونەیەکی دیاری ئەوە، نووسراوی ژمارە (٥٩٠/٦/٧)ی ڕۆژی (١٦ کانون اول ١٣٣٨)ی (ڕیاسەتی داخلییەی کوردستان)ە سەبارەت بە دانانی مەلا مەعرووفی مەلا ڕەسووڵی سیرێ بە وەکیلی شەرعو عەدل[٥].

شێخی گەورە، هەر لە یەکەم حکوومەتی کوردستانەوە تا مانگی تشرینی یەکەمی دەورانی دووەم حکوومەت، بە (حوکمداری کوردستان) خۆی ناساندووە[٦]. هەتا مۆری تایبەتی خۆیشی، (حاکم کردستان

---

[٣] سدیق ساڵح، (مەفرەزەی موحافیظی سواری– مایسی ١٩٢٣) لە بەڵگەنامەیەکدا ،"هەزارمێرد" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ١٨، کانوونی یەکەمی ٢٠٠١، ل٥٠-٧٣.

[٤] ڕۆژی کوردستان، ژ١، ١٥ تشرین ثانی ١٩٢٢، ل٣؛ ژ٣، ٦ کانون اول ١٣٣٨، ل٤؛ ژ١٢، ١٠ شباط ١٣٣٨، ل٣.

[٥] سدیق ساڵح، بەڵگەنامەیەکی دووەم حکوومەتی کوردستانی باشوور، "هەزارمێرد"، ژ٦، کانوونی یەکەم ١٩٩٨، ل١٢٠-١٢٥.

[٦] بانگی کوردستان، ژ١٠، ١٥ تشرین اول ١٩٢٢، ل١-٢؛ ژ١٢، ٢٧ تشرین اول ١٩٢٢، ل٢؛ ژ١٣، ٣ تشرین ثانی ١٩٢٢، ل١؛ ڕۆژی کوردستان، ژ١، ل٢.

بەڵگەیەکی بەردەست بۆ ئەو دواین ماوەیە، (صوورەتی ئیرادەی علییەی جەنابی حوکمداری کوردستان عدد ٤ ٣٠، صفر ١٣١٤، ٢١ تشرین اول ١٩٢٢)ە لە "بانگی کوردستان، ژ١٢، ل٢"دا.

www.zheen.org

محمود)ی لێ هەڵکۆڵراوە[٧]؛ بەڵام لە دوادواییەکانی هەمان مانگدا (١٩٢٢) خۆیی کردە (مەلیکی کوردستان)، ئەم ناسناوە تا ڕووخانی سێیەم حکوومەت [٨] و، ئەوەبەدوایش لە دەرەوەی شار هەر مایەوە[٩].

### ١. ٢. قەڵەمڕەو:

ئەگەرچی حکوومەتی کوردستان، وەك بە ناوەکەیو هەندێ ڕاگەیاندنی شێخی گەورەدا دیارە، ڕەنگە خۆی بە حکوومەتی هەموو پارچەکان، یا هیچ نەبێ، بە کاکڵەی حکوومەتی سەرتاسەری کوردستان زانیبێ؛ کەچی لە هەرسێ دەورەکەیدا نەك هەر کوردستانی جنووبی، کوردستانی عیراقی ئەمڕۆ، بەڵکە ئەو ناوچانەیشی لێ نەگرتەوە کە بۆی دیاری کرابوون، بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێك هۆ، بۆی هەڵنەکەوت ئەو ئاواتە بهێنێتەدی.

---

[٧] بروانە وێنەکەی لە: عبدالرقیب یوسف، لە کەلەپووری بەڵگەنامەیی کوردی، "ڕۆشنبیری نوێ" (گۆڤار)، بەغدا، ژ١١٠، حوزەیرانی ١٩٨٦، ل٤٨-٧٧؛ هەمان ئیرادەنامەی نمرە (١٧٠)ی (٨ی جیمادیل ئەووەڵی ١٣٣٧)ی حوکمداری کوردستان.

[٨] بەڵگەی بەردەست (ئیعلانی ڕەسمی)یە کە مەلیکی کوردستان مەحموود ڕۆژی ١٩٢٢/١٠/٢٩ نووسیویە ("بانگی کوردستان"، ژ١٣، ل٣).

هەروەها بڕوانە: ڕۆژی کوردستان، ژ٣، ٦ کانون اول ١٣٣٨، ل٤؛ ژ٧، ٣٠ کانون اول ١٣٣٨، ل١؛ ژ٨، ١٠ کانون ثانی ١٣٣٨، ل٤؛ ژ١١، ٣ شباط ١٣٣٨، ل٤؛ ژ١٢، ل٣؛ ئومێدی ئیستیقلال، ژ١، ٢٠ ایلول ٣٣٩، ل٣؛ ژ٢، ٢٧ ایلول ٣٣٩، ل١؛ ژ٤، ١١ تشرینی اول ٣٣٩، ل٤.

[٩] احمد خواجە، چیم دی، ب٢، سلێمانی، ١٩٦٩, ل١١١، ١٢٩، ١٣٦، ١٤٦.

www.zheen.org

### ١. ٢. ١. له یه‌كه‌م ده‌وراندا:

مێجه‌ر نۆئێل كه یه‌كه‌مجار هاته سلێمانی، به ئاشكرا ڕایگه‌یاند: شێخ مه‌حموود حوكمداری هه‌رێمی نێوان ڕووباری سیروان و زێی گه‌وره‌یه. ئه‌م ڕێوشوێنه، به قسه‌ی ویلسنی بریكاری حاكمی سیاسی‌ی بریتانیا له عیراق، كاتی و له هه‌ر وه‌ختێكدا بوایه شیاوی چاوپێداخشاندنه‌وه بوو[١٠].

هه‌رێمه‌كه، ڕاست لیواكانی سلێمانی و كه‌ركووك و هه‌ولێری ئه‌گرته‌وه؛ واته قه‌زاكانی پشده‌رو شاربازێڕو هه‌ڵه‌بجه‌و ناوه‌ندی سلێمانی، چه‌مچه‌ماڵ و كفری‌و تووزخورماتوو و ناوه‌ندی كه‌ركووك، مه‌خموورو كۆیه‌و ڕانیه‌و شه‌قڵاوه‌و ڕه‌واندزو زێبارو ناوه‌ندی هه‌ولێرو ناحیه‌ی نێروه ڕێكانی قه‌زای ئامێدی‌ی لیوای مووسڵ. ئه‌وه سنووره‌كانی ڕۆژهه‌ڵات و ڕۆژئاوای بوون. لای باكووری، بێگومان هه‌ر به سه‌رووی هه‌مان ئه‌و ناوچانه‌ی پێشووی ویلایه‌تی مووسڵ دوایی هاتووه. سنووری لای باشووریشی، كه‌م‌وزۆر له كفریی تێنه‌په‌ڕاندووه.

به‌وپێیه، قه‌زاكانی خانه‌قین و مه‌نده‌لی و به‌دره ده‌رهاوێژرابوون. قه‌زای زێبارو ناحیه‌ی نێروه ڕێكان و هه‌ردوو ناحیه‌ی برادۆست و مێرگه‌سووری سه‌ر به قه‌زای ڕه‌واندز نه‌بن كه ئه‌و بڕیاره گرتوونیه‌وه‌و به‌شێكی ناوچه‌ی بادینان پێك ئه‌هێنن و خه‌ڵكه‌كه‌یان به كرمانجی‌ی باكوور ئه‌دوێن، ئه‌وانی تر تێكڕا بریتین له ناوچه‌ی سۆرانی كوردستانی جنووبی.

بنكه‌ی ژین
www.zheen.org

---

[١٠] أرنلد تی.ویلسون، بلاد ما بین النهرین بین ولاءین، ترجمة فؤاد جمیل، ط١، ج٣، بغداد، ١٩٩٢، ص١٤-١٥.

دیاریکردنەکەی ویلسن گشتییە، ناوچەکانی بە وردیو سنووریانەوە دەست نیشان نەکردووە. بۆیە هیچ دوورنییە ئەو بەشە بچووکەی بادینان مەبەست نەبووبێ، هەروایش دەرچوو. ئەم لێکجیاکردنەوەیەی ناوچەکانی سۆران و بادینان، یەکەم هەوڵی بەکردەوە دابەشکردن و لێکترازاندنی پارچەی باشوورە، تەماشانەکردنەیەتی وەك یەك پارچەی لێکدانەبڕاوی هاوچارەنووس. دواتر کە حکوومەتی پاشایەتی‌ی عیراقیش دامەزرا، پێڕەوی هەمان ڕێوشوێنی کرد، جیاکردنەوەکەی کردە بارێکی واقیعی و بەردەوام.

دەسەڵاتی یەکەم حکوومەتی کوردستان، وەك ڕوون بووەتەوە، بەگشتی هەر لە ناوەندی سلێمانی و قەزاکانی ڕانیەو شارباژێڕو چەمچەماڵو هەڵەبجەو ناوچەکانی قەرەداغو سەنگاودا قەتیس بوو. ئەم دەورە، شارباژێڕ تاسەر شێخ محەمەد غەریبی زاوای شێخ قایمقامی بوو[11]. هەڵەبجە، حامید بەگی مەجید بەگی جافی کردبووە قایمقامی[12]. ڕانیە، شێخ ئەمینی سەندۆڵانی خزمی شێخی وەك قایمقام خرایە سەر[13]. ناوەندی سلێمانی، سەید عومەری مامی شێخ بوو بە موتەسەڕیفی[14].

---

[11] سي.جي. ادموندز، كرد وترك وعرب، ترجمة جرجبس فتح الله، بغداد، ١٩٧١، ص٩٧.

[12] بلاد ما بين نهرين بين ولاءين، ج٣، ص٣٧؛ م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، لەندەن، ١٩٩٠، ل٤٧٠.

[13] ڕفیق حیلمی، یاداشت، چ٢، بەشی یەکەم/ ب١، هەولێر، ١٩٨٨، ل٩٥، ١٠٠؛ دبليو. آر. هي، سنتان في كردستان، ترجمة فؤاد جميل، ج١، بغداد، ١٩٧٣، ص١٧٣، ١٧٧.

[14] یادداشت، ب١، ل٦٢.

www.zheen.org

خێلاتی دەستڕۆی شێخ بزەینی و هەمەوەندو جەباری لە قەزای چەمچەماڵ، بە ناحیەکانی سەنگاوو قەڵاسێوکەو بازیان و ئاغجەلەرەوە، بوونە لایەنگرو هاوکاری شێخ[15].

قەڵادزێ، بابەکر ئاغای پشدەری لەسەرەتاوە خۆیی کردە حاکمی؛ وەك دەسەڵاتدارانی ئینگلیز دانیان پێدا نا، شێخیش وای کرد[16]. بەڵام ناوچەکە هەر نەبوە بەشێکی ئەو حکوومەتە. کۆیە، لەهەووەڵەوە های یاریدەدەری حاکمی سیاسیی بوو؛ دوای شوباتی ١٩١٩ کاپتن بێڵ تا ئایاری ١٩١٩، ئەمجا ڕاندڵ بەو وەزیفەیە جێی گرتەوە[17]. ڕەشید ئەفەندیی ئەفسەرو مەفرەزەیەکی عەسکەری کوردستان، شەوی ١٩١٨/١٢/١٦ گەیشتنە ناو کۆیە، تا شێخ عوسمان بە قایمقامی ئەو قەزایە دابنێن. های، کردیە متمانەپێکراوی تایبەتی شێخ[18]. ڕۆژی ١٩١٨/١٢/٢١ حەماغای گەورە بە حاکمی شارو جەمیل ئاغای حەوێزیش بە جێگری دەست نیشان کرا[19]. هاوکات ڕانیەو کۆیە، لەڕووی ئیدارییەوە، خرانە سەر کۆیە. کۆیەیش تا ئەوکاتە، لە ڕێگەی حاکمی سیاسییەوە، بە لیوای سلێمانیەوە بەسترابوو[20].

---

[15] كرد وترك وعرب، ص٤١، ٤٢، ٤٣.

[16] سنتان في كردستان، ج١، ص١٧٣، ١٧٧.

[17] هەمان سەرچاوە، ل٢٢٦.

[18] هەمان سەرچاوە، ل١٦٧.

[19] هەمان سەرچاوە، ل١٧١.

[20] هەمان سەرچاوە، ل١٧٣، ٢١٩.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕەواندز، دواداوایییەکانی کانوونی یەکەمی ١٩١٨، یەکەم یاریدەدەری حاکمی سیاسیی ئینگلیزی بۆ دانرا. کاپتن کێرك کە تەمووزی ١٩١٩ لەوێ دامەزرا، چوارەمین یاریدەدەریان بوو[٢١]. هەولێر، نەخرایە ناو حوکمداریەکەی شێخ؛ تا تشرینی یەکەمی ١٩١٩ بەشێکی لیوای مووسڵ بوو، ١٩١٩/١١/١ ئەمجا کرایە لیوایەکی سەربەخۆ، قەزاکانی کۆیەو ڕەواندزیشی پێوە بەستران[٢٢].

شێخ، وەك مێجەر سۆن لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ساڵی ١٩١٩یدا نواندوویە، ئەیویست قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی لە خانەقینەوە تا ناوچەی شەمزینان، لە چیای حەمرینەوە تا سنووری ئێران بێ. گەورەترین دەسەڵاتی شێخ لە شوباتی ١٩١٩دا بوو کە کفریو کەرکووکیشی تێدا گرتەوە، لە ڕەواندزیش واوەتر چوو[٢٣].

ئەگەرچی شێخ، بە قسەی نۆئێل، بەوپێیە ئەجوولایەوە کە دەستووری پێدرابوو حوکمی ناوچەکانی نێوان سنووری ئێرانو زێی گەورە بکات[٢٤]، بەڵام کاربەدەستانی ئینگلیز تەماعی نیشتمانیی شێخیان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو ناوچەکانی کوردستان بۆ قووت نەچوو. مارتی ١٩١٩ نۆئێل لابرا، سۆن بۆ کزکردنی دەستڕۆییو بچووککردنەوەی ناوەندەکانی دەسەڵاتی شێخ، وەك حاکمی سیاسی خرایە شوێنی[٢٥].

---

[٢١] سنتان في كردستان، ج١، ص٢٣٥، ٢٣٦.
[٢٢] هەمان سەرچاوە، ل ٢١٩، ٢٢٣.
[٢٣] م. ر.هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٤٦، ٤٤٨، ٤٥٠.
[٢٤] هەمان سەرچاوە، ل٤٥٩، ٤٦١، ٤٦٣.
[٢٥] كرد وترك وعرب، ص٣٣.

www.zheen.org

سەرەتا کەرکووک لەو پێکهاتە ئیدارییە دەرهێنرا، کرایە لیوایەکی سەربەخۆ. کفریی لە حوزەیرانی ١٩١٩دا لێ کرایەوە[٢٦]. شێخ ئەمینی سندۆڵان نیسانی ١٩١٩ لە قایمقامیی ڕانیە لابرا[٢٧]، ڕانیەو قەڵادزێ لەوکاتەوە پێکەوە کرانە مەڵبەندێکی ئیداری کە ناوەندەکەی ڕانیە بوو، کاپتن بارکەر بە یاریدەدەری حاکمی سیاسیی دانرا[٢٨]. کاپتن لیزیش، بە داوای بەگزادەکانی جاف، بوو بە یاریدەدەری حاکمی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەی هەڵەبجە[٢٩]. دەسەڵاتی شێخ، سۆن وتەنی، دواجار هەر لە چوارچێوەی پانتاییەکی (٦٥٠٠–٧٠٠٠کم٢)دای نێوان زنجیرە شاخەکانو چەند دەشتێکی بەینی بازیانو شارەزورو هەندێ شوێنی ڕانیەو قەڵادزێدا، واتە لە شاخەکانی قەرەداغەوە تا ناوچەی ئاکۆ، مایەوەو گیر بوو[٣٠].

**١. ٢. ٢. لە دووەم دەوراندا:**

شێخ کە دوای ئەسارەت هێنرایە بەغدا، ڕاسپێردرا، وەك ئەدمۆندز نووسیویە، چالاکیی سیاسیی هەر لەناو لیوای سلێمانیدا بهێڵێتەوە.

---

[٢٦] م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٥٠، ٤٦٣.

[٢٧] یادداشت، بەشی یەکەم /ب٢، ل١٠٥.

[٢٨] سنتان في کردستان، ج١، ص٢٢٦.

[٢٩] م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٤٤؛ بلاد ما بين النهرين بين ولاءين، ج٣، ص٢٤.

[٣٠] م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٥٠.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هاوکات لێی ویسترا بۆ نەهێشتنی مەترسیی تورک بەکاربهێنرێ، بەرامبەر بەوەیش داواکانی کە هەموو کوردی هەرسێ لیواکە پشتگیریی ئەکەن، جێبەجێ بکرێن[٣١]. بەڵام شێخ خۆی، وەك دواتر بە نوێنەری ئووزدەمیری وتووە، گفتی ئینگلیز ئەوە بووە: ئەگەر داوا لە تورکەکان بکات ڕەواندز چۆڵ بکەن، یا خۆیان بۆی چۆڵ بکەن، ئەوا کەرکووك و هەولێر هەتا ئاکرێ و گشت شوێنە کوردنشینەکانی ویلایەتی مووسڵی بۆ ئەخەنە سەر کوردستان[٣٢]. ڕیاسەتی ئەمنییەتی عوموومیش، ئەودەمە لە ڕاگەیاندنێکدا بڵاوی کردوەتەوە کە تەشکیلاتی ڕیاسەتەکانی ئێستا کاتییە، مەندووبی سامی بەڵێنی داوە لیواو قەزاکانی کوردستان بخرێنە سەر ئەم حکوومەتە؛ ئەوسا تەشکیلاتی هەمیشەیی بۆ سلێمانی و کەرکووك و هەولێرو زاخۆو ئاکرێ و ئامێدی و دهۆك و کفری و خانەقین و ناوچەکانی تری کوردستان پێك ئەهێنرێ[٣٣].

شێخ هەر کە لەکفرییەوە بەڕێوە بوو بۆ سلێمانی، ژمارەیەکی زۆر سەرخێڵ و گەورەپیاوی کورد مەزبەتەیەکیان وەك بەڵگەنامە بۆ ئیمزا کرد، بۆ داواکردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بە سەرۆکایەتیی خۆی٣٤. دوای ئەوەی کابینەی (حکوومەتی کوردستان)یشی پێك هێنا، ئیدارەی حکوومەتی بردە قەزاو ناحیەکان. ئاڵای کوردستان کانوونی یەکەمی

---

[٣١] کرد وترك وعرب، ص٢٧٢، ٢٧٤.
[٣٢] یادداشت، چ٢، بەشی دووەم/ ب٦، هەولێر، ١٩٨٨، ل٧١.
[٣٣] بانگی کوردستان، ژ١٣، ل٢-٣.
[٣٤] کرد وترك وعرب، ص٢٧٢.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٩٢٢ لـه هەڵەبجـه٣٥، ناوەنـدی هـەمان مـانگ لـه چەمـچەماڵ٣٦ و ١٩٢٣/١/١٤ له ڕانیه٣٧ هەڵكرا.

هێزەكـانی جووڵانـەوەی ڕەوانـدز سـەرەتای كـانوونی یەكـەمی ١٩٢٢ ڕانیەیان چۆڵ كرد، بەڕێگەی بێتواتەدا كشانەوە بۆ ڕەواندز[٣٨]. بۆیە سـەید عەبدوڵڵای حاجی سەید حەسەن كرایه قایمقامی ئەوێ[٣٩]. مستەفا بـەگی عەبـدوڵڵا پاشـای وەسمـان پاشـای جـاف بـە بەڕێوەبـەری فەوقـەلعادەی ناحیەی پێنجوێن دانرا[٤٠]. له هەڵەبجەیش، ئەحمەد موختـار بـەگی جاف ئـەم دەورە قایمقـام بـوو[٤١]. وەك ڕەوانـدزو پـشدەر بەدەسـت جووڵانـەوەی ڕەوانـدزەوە بـوون، كۆیـه دیـسان هـیچ پەیوەندییـەكی بـەم حكوومەتـەوە نەبوو، جەمیل ئاغای حەوێزی قایمقامی بوو[٤٢].

ئەگەرچی حكوومەتانی بریتانیاو عیراق، ٢١ی كانوونی یەكـەمی ١٩٢٢ لـه بەیاننامەیـەكی هاوبەشـدا ڕایانگەیانـد: ڕازیـن كـورد لـه چوارچـێوەی

---

[٣٥] بانگی كوردستان، ژ١٣، ل٦" ڕۆژی كوردستان، ژ٤، ١٣٣٨/١٢/١٣، ل٣.
[٣٦] ڕۆژی كوردستان، ژ٥، ٢٠ كانون اول ١٣٣٨، ل٤.
[٣٧] هەمان سەرچاوە، ژ٧، ل٤؛ كرد وترك وعرب، ص٢٨٣؛ د.وليد حمدي، الكرد و كردستان في الوثائق البريطانية، لندن، ١٩٩١، ص١٦١.
[٣٨] كرد وترك وعرب، ص٢٧٩.
[٣٩] جـەلال تـەقی، بیرەوەریـەكانی ئەحمـەد تـەقی دەربـارەی شۆڕشـەكانی شـێخ مەحموودو سمكۆ، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٦٧.
[٤٠] بانگی كوردستان، ژ١٢، ل٢.
[٤١] ڕۆژی كوردستان، ژ١٤، ٢٤ شباط ١٣٣٨، ل٣.
[٤٢] كرد وترك وعرب، ص٢٧٩.

عیراقدا حکوومەتێکی ناوچەییی خۆی هەبێ[٤٣]، بەڵام لەڕاستیدا هیچ هەنگاوێکیان بۆ بەدیهێنانی ئەو حکوومەتە نەنا.

بەم شێوەیە، ئەم دەورەیەیش، سەرباری هەوڵدانی شێخ بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوی حکوومەتەکەی تا ناوچەکانی کەرکووک، کەچی دەسەڵاتی هەر لە ناوەندی سلێمانیو سەنگاوو قەرەداغو قەزاکانی هەڵەبجەو چەمچەماڵو ڕانیەدا مایەوە.

### ١. ٢. ٣. لە سێیەم دەوراندا:

ئەم حکوومەتە، لەچاو هی دوو دەورانی پێشوودا، پانتاییەکی زۆر تەسکترو بچووکتری بەدەستەوە بوو، چونکە زۆری قەزاو ناحیەکانی لێ کرایەوەو ڕێی نەدرا پەلیان بۆ بهاوێژێ. کاربەدەستانی ئینگلیز، هەر لە تەمووزی ١٩٢٣بەدواوە کە شێخ کەوتە پێکهێنانی تەشکیلاتێکی نوێی حکوومەت، ڕێوشوێنیان دانا بۆ جیاکردنەوەی قەزاکانی ڕانیەو قەڵادزێو چەمچەماڵو هەڵەبجەو (قەرەداغو سەنگاو)و ناحیەی ماوەتو دێهاتی ساداتی سەرگەڵوو، بە ڕاستیش لێی قەدەغە کران[٤٤].

بەڵام شێخ تێکۆشا مل بۆ ئەو بڕیارە کەچ نەکات؛ ئەوە بوو ١٩٢٣/٨/١٥ ڕایگەیاند تۆفیق جەلالی بە بەڕێوەبەری ناحیەی وارماوا، حەسەن بەگی عەلی بەگی وەسمان پاشای بە وەکیلی سەرۆکی هۆزی جاف داناوە[٤٥]. هەتا شێخ

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٤٣] هەمان سەرچاوە، ل٢٨١.

[٤٤] د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، ص١٧٦.

[٤٥] هەمان سەرچاوە، ل١٧٨-١٧٩.

محەمـەد غـەریبی جێگریـشی، کـە ڕۆژی دوایـی چـووە نـاو هەڵەبجـە بـۆ دامەزرانـدنی ئیـدارەی حکوومـەت، گەڕایـەوە. بـەڵام ئینگلیـز وارمـاوای بەستەوە بە کفرییەوە[٤٦]؛ مارتی ١٩٢٤یش، پۆلیس و مەئمووری مەدەنیی ناردە هەڵەبجە، بۆی سەر نەچوو، چونکە شێخ وارماواو خورماڵی گرت. بەوپێیە، قەزای هەڵەبجە بەدرێژایی ئەم دەورە دەسەڵاتێکی بەردەوامی نە شێخ و نە ئینگلیزی بەسەرەوە نەبوو. سەنگاویش حاڵەتێکی لەو شێوەیەی هەبوو.

ئـەوی زانـراوە، ئـەوڕەحمان ئاغـای ئەحمـەد پاشـا سـەرەتای ئـەم حکوومەتە تا ئەیلوولی ١٩٢٣ قایمقامی شارباژێڕ[٤٧]، سەید محەمەدی شێخ مستەفای موفتیش، حاکمی ناحیەی پێنجوێن[٤٨] بوو. ئەم حکوومەتەیش، بەگشتی، هەر حوکمی ناوەندی سلێمانی و قەرەداغ و پێنجوێن و قەزای شارباژێڕی، بەبێ ناحیەی ماوەت، کرد.

---

[٤٦] کرد وترك وعرب، ص٣١٣.

[٤٧] ئومێدی ئیستیقلال، ژ٢، ٢٧ ایلول ٣٣٩، ل٢.

[٤٨] ئەم ناوە لە دووەم تۆماری خەرجی و داهاتی شارەوانیی سلێمانیی سەردەمی سێیەم حکوومەتی کوردستاندا هاتووە، بڕوانە: عبدالرقیب یوسف، لە بەڵگەنامەکانی حکوومەتی شێخ مەحموود– تۆمارێکی شارەوانیی سلێمانی، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، بنکەی ژین– سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٢.

## ٢. پێشینەو مێژوو؛

### ٢. ١. یەکەم حکوومەتی کوردستان (١٩١٨/١١/١٧–١٩١٩/٦/١٨):

#### ٢. ١. ١. دوادواییەکانی یەکەم جەنگی جیهانی:

ڕەفیق حیلمی، وەك شایەتحاڵێکی ئەو ڕۆژگارە، وردەکاریەکانی کۆتاییی ئەو جەنگەی لە کوردستانی جنووبیدا وا هێناوەتەوە:

(( لەم دەورەدا لەڕووی خراپەو زوڵمو کردەوەی ناڕەوای کاربەدەستەکانی حکوومەتی عوثمانی، وە ناڕاستیو ناپاکی بەشی زوربەی مأمورەکانی عەسکەریو مەدەنییەوە خەڵق بەجارێ روویان لە حکوومەت وەرگێڕابوو. جگە لەمەش بەناوی (إعاشە)ی لەشکرەوە هەرچی خواردەمەنیو ئازووقەی فەقیرو هەژار هەبوو- بەتایبەتی هی دێهاتیو لادێیە بەسەزمانەکان بەبێ دوایی‌هاتن وە هەر ڕۆژە بە ناوێکەوە، واتە جارێ بە ناوی (مبایعە)و گاهێك بە ناوی (إعانە)وە زەوتو تالآن ئەکرا. بەشی زۆری ئەمانە ئەدزراو لەناو کاربەدەسو گەورە بێمرووەتو ناپاکەکاندا بەش ئەکراو بەشێکی زۆر کەمی ئەگەیشتە عەمارەکانی میری کە ئەدرا بە عەسکەرەکانی لەشکر وەیا بە ژنو ماڵو مناڵی مأمورەکانو ئەو زابتانە، کە خۆیان لە سنوورەکاندا سنگیان ئەنا بە گوللەوە. دیارە ئەمەش کەڵکێکی ئەوتۆی نەئەگرتو چە ئەهالیو چە عەسکەرەکانی لەشکر ڕۆژبەڕۆژ ئەکەوتنە حاڵێکی خراپترەوەو برسی‌ترو رووتو قووت‌تر ئەبوونو ئینسانی زۆر دڵڕەقیش بەزەیی پێیان ئەهاتەوە.

www.zheen.org

قینی تەبیعەتیش بوو بە سەربار" لەم ساڵەدا کە بەهۆی شەڕەوە چاندنی تۆوی دەغڵودان، و کاروباری فەلاحەتو جووتیاری بەدەس پڕوپیرێژن‌و پیرەمێردە بێهێزەکانەوە مابوو، بارانیش چوە بەستە وە هەروەکو خەڵقەکە بە چاوپێکەوتنی یەك‌لەسەریەکی دەردو بەڵا ڕاهاتبوون‌و دڵیان رەق بووبوو، دڵی رەقی تەبیعەتیش نەئەهاتە جۆش وە هیچ نەبێ بۆ رزگارۆکردنی هەژارە بێتاوانەکان لە برسیەتی‌و نەخۆشی، فرمێسکێکی نەئەڕژاند. بە ڕادەیێك کەوا ئەهات بەبیرا ئەم کەونە دڵۆپە ئاوێکی تیا نەبێ.

بەم ڕەنگە بێڕەحمی‌و بەزەیی پیانەهاتنەوەی تەبیەعت بە فەقیرو هەژارا لەلایەك، و ناپاکی‌و زەبروزەنگی کاربەدەستە خوانەناسەکان لەلایەکی ترەوە بوون بەهۆی قات‌وقڕییەکی بێدادو ماڵ وێرانکەر. بەجوورێك کە هۆقەیەك ئاردی تێکەڵ‌و پڕ لە خاك‌وخۆڵ چوە لیرەیەك. بە قەدرایی چەن مانگێك بێجگە لە ئەوانەی کە دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار بوون وەیا لە حکوومەت مەواجب‌و ئازووقەیان وەرئەگرت ئەو دوای ئەهالی کەوتنە سەغڵەتی‌و تەنگانەیێکی وا کە ئیتر مەپرسە. بۆ خواردن، ئاردە برنج، مێوژی رەش، تووی ووشك تەواو بوو و دەس نەئەکەوت.

ئینجا کەوتنە ئاردی بەڕوو خواردن. پەمووودانەش، بوو بە خواردنی دەوری هەرە نەگبەتی‌و لێقەوماوی فەقیرو هەژاری لوای سلێمانی. دیارە کە ئەم حاڵە بوو بەهۆی داهاتنی گەلێ جوورە نەخۆشی. لەماتێکا کە خواردەمەنی بەڵکو هەتا نانی ووشك‌و پاقلەی کولاویش بووبوو بە دەرمان‌و تەنیا خواپێداوەکان- ئەویش بە دەگمەن- دەسیان ئەکەوت،

www.zheen.org

دەرمان، دەسیش بکەوتایە لەوانە نەبوو بێتەوە بەبیرا وەیا چواری وا هەبوو کە بتوانێ بیکرێت.

لەبەر ئەمە هەموو نەخۆشێك نامزەدی مردن بوو. خۆزگە زووش ئەمردن وە پێش ئەوەی کە ببن بە مەینەتی دونیا، لەبەر چاو پاك ئەبوونەوە. بەڵام ئەم نەخۆشانە کە بەشی زۆربەیان هیچ دەردێکیان نەبوو" لەڕووی خواردنی خراپو نەرمەی تۆپیوی هەندێ باڵندەو مریشكو کەڵەشێر وەیا لەبەر خواردنی ئاردە بەڕوو، یان تووی ووشكو پەموودانە، پێش مردنیان بە ماوەییێکی تەواو رەقو ووشك ئەبوونەوە، ئینجا دەموچاوو دەسو پێیان ئەئاوصا، وە قژی سەرو ریشو سمێڵی چڵكنو ئاڵۆزاوی بەیەکاچویان بە رووی ئاوصاوو چاوی بەقوولاچویانا ئەهاتە خوارەوە. نەك نێرینە بەڵکو ژنە کەساسەکانو کچە جوانکیلەکانیش کە رووتو قووت مابونەوە لەشیان بۆ دانەئەپۆشراو بەتەنگ شەرمەوە نەمابون. ئینجا سەرەتای زستان دەرکەوت بەڵام زستانێکی سەختو بەپێچەوانەی فەصڵی دەغڵودان زستانێکی ئێجگار ساردو سۆڵەو بەباران. ئیتر ئەوانەی کە خوا پارویێك نانیشیدابوونێو بە کولەمەرگی سکیان تێر ئەکرد لەبەر هاوارو نووزەی بێهێزو دەنگی پاڕانەوەی ژنو منداڵو پیرەمێردە نەخۆشەکانی دەسوپێ ئاوصاو، کە لەژێر بارانو رەشەباو سەرمای زەمهەریری شەوانی زستانا لە کۆڵانەکانەوە ئەهاتە بەر گوێ، ئارامی لێ ئەبڕاو بەبێ دەسەڵات دەسی ئەکرد بە گریان. بەمەش هەر شوکر. بەڵام رۆژ نەبوو کە شارێکی وەکو سلێمانی، لە برسا وەیا لەبەر نەخۆشی کە ئەویش هەر لەڕووی

برسیەتیەوە بوو لە دە کەس کەمتری لێ بمرێت. ئەم ژمارەیە بەلای کەمەوەیە ئەگینا گەلێ رۆژی وا ئەبوو کە زیاتریشی لێ بمرێت. ئیتر شاردنەوەی نەرمەی مردوەکان لە تەوانای بەلەدیەدا نەما. بە تایبەتی دووای ئەوە کە لەبەر زۆری تێپەڕبوونی نەرمەی مردوو بە کۆڵانەکاندا زراوو زەندەقی زندووەکان چوو، ئینجا کاتی بەلادانەچوونو نەشاردنەوەی نەرمەی مردوەکان دەسی پێکرد. ئیتر پیاوم ئەویست کە روو بکاتە مزگەوتە رووخاوێك، بە چەپەرو لاکۆڵانێکدا تێپەڕێت، وەیا سەربکا بە کەلاوەیێکا وەیا چاو بە ژوورێکی چۆڵو تاریكو بۆگەنا بگێڕێت. بێگومان لە هەموو هەنگاوێکدا نەرمەیێکی رووتو قووتو ئەصاوو شینهەڵگەڕاوی بەرچاو ئەکەوت کە بەنیادەمی ئەترساندو ئەیسڵەماندەوە.

چاونووقاندنو راکردن لەم دیمەنە خەفەتپژێنەرانە کەڵکی نەئەگرت، بە خۆشاردنەوەو دوورکەوتنەوە رزگاری لەم وێنە پڕ لە عیبرەتانە، کە کزەی لە جەرگ ئەهێناو دڵی هەڵئەقرچاند، چنگ نەئەکەوت. رەوشتو خووی بەرز نەوی بووبوو، دڵسۆزیو داوێن پاکی لە بەشی زۆری خەڵق هەڵگیرابوو. بەکورتی سروشتی پاك لە قامووسی بەشەرا نەمابوو و سڕرابووەوە. داوێن پیسیو کەمتەرخەمی لە ناموسدا، گەیشتبوە رادەیێکی وا قەت نەیبینی. هەر لەم دەورەدا لە ئێرانیشەوە پۆل پۆل خەڵق بە سواڵ کردنو هەلاتوویی خۆیان ئەگەیاندە سلێمانیو لەمانە بەشێکیان بە فرۆتنی لەشیان ئەچوون بەرێوەو تا ماوەیێکی تریش بە کولەمەرگی ژیانلە خەڵقی شارەکەش ئەوانەی کە دەوڵەمەند نەبوون وەیا

هۆی ژیانیان بەدەسەوە نەبوو، وەیا لەوانە نەبوون کە بێنە بازاڕی بێشەرمیو کاسبی بەلەشیانەوە بکەن وردە وردە بە وێنەییێکی وا جگەربڕ توانەوەو بە ناخی عەرزا چوونە خوارەوە کە هەرگیزاوهەرگیز لەبیر نەچێتەوە))[٤٩]. سلێمانی هەر سێیەکی ژمارەی دانیشتوانی پێش جەنگی تێدا بە زیندوویی مابوەوە[٥٠].

دوای ئەوەی هێزەکانی ئینگلیز ڕۆژی ١٩١٨/٥/٧ شاری (کەرکووك)یان گرت، سوپای عوسمانی لە سلێمانی کشایەوە. سەرخێڵانو گەورەپیاوانی کورد کۆبوونەوەو بڕیاریان دا (حکوومەتێکی کوردیی کاتی) بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود پێك بهێنن، وا کە لایەنگری بریتانیا بێ. شێخ نامەی بە ناوی ئەو حکوومەتەوە بۆ کاربەدەستانی ئینگلیز نارد، بە هۆی عەبدوڵڵا صافیی یەعقووبییەوە بۆ جەنەڕاڵ مارشاڵی فەرماندەی هێزی ئینگلیز لە کەرکووك. شێخ لەو نامەیەدا وەك نوێنەری نەك هەر کوردستانی جنووبی، بەڵکە هی ڕۆژهەڵاتیش تا ئەگاتە شاری (سنە) خۆی پێناساندنو داوای لێ کردن یا ناوچەکەیان بداتە دەست یان خۆی وەك نوێنەری ئەوان حوکمی بکات؛ بۆی نووسین:

((خەڵکی کوردستان بە سەرکەوتنی ئینگلیز دڵشادن، چونکە بە زەبری هێزەکانی لە ملهوڕیو ستەمی تورك ڕزگار بوون، بە هیوان ڕێیان

---

49 یادداشت، بەشی یەکەم/ ب١، ل٢٩-٣٣.

٥٠ دافید کورن، المصدر نفسه/ ٢، "الاتحاد"، العدد ٣٢٤، ١٩٩٩/٦/٢٥؛ المس بیل، المصدر نفسه، ص٢٠٤.



بنکەی ژین www.zheen.org

بـدەن لـە سـايەی حـوكمی ئينگليـزدا ببووژێنـەوەو گەشـە بكـەن)).
قسەكانيشی وا بڕييـەوە: دەستەبەری ئەوە بكرێ كە نەهێڵرێ جارێكی تـرو لـە هـيچ هەلومەرجێكـدا تـورك بگەڕێتـەوە بـۆ كوردسـتان. هاوكـات سەرانی هەمەوەنديش بە نامە ئەو كاربەدەستانەيان ئاگاداركردەوە كە بە هاتنيـان خۆشـحاڵن و ئامـادەن بـە ئـاژاڵ و دانەوێڵـە كۆمـەكی سـوپاكەيان بكەن[٥١].

ئـەو هێزانـە ڕۆژی (٢٤/٥)، لەبـەر گوشـاری سـوپای تـورك و هـۆی تـری لۆجيستی و عەسكەری، كتوپڕ (كەركووك)يـان چـۆڵكرد. جـەنڕاڵ مارشـاڵ بۆ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی بريتانيای نووسـی: ناتوانـێ پارێزگـاری لـە شـارەكە بكـات، چـونكە پەلـە كـراوە لـە داگيركردنـی؛ ئەگـەر تێيـدا بمێننـەوە، ئەنجامەكـەی كارەسـاتبار ئـەبێ بـۆ هێزەكـانی ئينگليـز. هـەم زەخيرەی تـەواو شك نەئەبرا، هـەم كـەموكوڕی لـە هۆيـەكانی گواسـتنەوەدا هەبوو بۆ پەلاماردانی مووسڵ لە قۆڵی كەركووكەوە[٥٢]. توركەكان گەڕانـەوە

---

[٥١] احمد خواجـه، چيم دی، ب١، بغـداد، ١٩٦٨، ل١٨؛ رفيـق حلمـی، يادداشـت، بەشی يەكەم / ب١، ل٥٤؛ وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثـائق البريطانيـة، ص٤٤–٤٥؛ سر أرنلد تي. ويلسون، بلاد ما بين النهرين بين ولاءين، ترجمة فؤاد جميـل، ط١، ج٢، بغـداد، ١٩٩٢، ص١٧٧، ٣١٩، ٣٢٠؛ المـس بيـل، فـصول مـن تاريخ العراق القريب، نقله الى العربية وكتب حواشيه جعفر الخيـاط، ط٢، بغـداد، ١٩٧١، ص١٥٢.

[٥٢] سر أرنلد تی.ويلسون، المصدر نفسه، ص، ١٧٧، ١٧٨؛ المس بيـل، المـصدر نفسه، ص١٥٢؛ دافيـد كـورن، رجـلان أقحمـا الاكـراد بـالعراق: منـاورات كـوكس–

بۆ سلێمانی و کەرکووك. عەبدوڵلا صافی مەسەلەی نامەکەی شێخی گەیاندە بەرپرسانی تورك. بۆیە وەك بە مستەفا بەگی قایمقامی عەسکەری‌ی فەرماندەی فەوجەکەی تورك لە سلێمانی وترا، شێخی بە فێڵ دەستگیر کردو ناردیە کەرکووك. لەسەر ئەو کردەوەیە بڕیاری خنکاندنی درا. بەڵام عەلی ئیحسان پاشای فەرماندەی تازەی ئوردووی شەشەمی عوسمانی بانگی کردە مووسڵ؛ لەبەرئەوەی باری تورك لار بوو، شێخیش وەك سەرکردەیەکی دەستڕۆ ئەیتوانی لە تەنگانەدا فریایان بکەوێ، لێی خۆش بوو، کردیە سەرلەشکرێکی میللی‌و بە پێنجسەد لیرەی زێڕەوە ناردیەوە بۆ سلێمانی تا هێزی عەشایەر رێك بخات‌و چەك‌وچۆڵ‌و پێویستی‌ی تر لە سەربازگەکەی سلێمانی وەربگرێ[٥٣].

هێزەکانی ئینگلیز (١٩١٨/١٠/٢٥) شاری (کەرکووك)یان گرتەوە[٥٤]. ڕۆژی ٣١ی ئەو مانگەیش، بە مۆرکردنی ئاگربەستی مۆدرۆس، یەکەمین جەنگی جیهانی بڕایەوە. عەلی ئیحسان پاشا بە تەلگراف فەرمانی بە عەلی ڕەزا بەگی موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی دا ئیدارەی شار بداتە دەست شێخ مەحموود، ناسناوی (نەقیب) یشی بۆ وەرگرت. هەر فەوجە عەسکەرەکەی تورك بە فەرماندەیی‌ی ساڵح بەگی تابوورئاغاسی مایەوە[٥٥].

---

ویلسون /١، ترجمة د. حمید عبدالملك، "الاتحاد" (جریدة)، السلیمانیة، العدد ٣٢٣، ١٩٩٩/٦/١٨.

[٥٣] چیم دی، ب١، ل١٩؛ یادداشت/ ب١، ل٥٣، ٥٤.

[٥٤] ولید حمدي، المصدرنفسه، ص٤٦؛ المس بیل، المصدر نفسه، ص١٥٣.

[٥٥] یادداشت، ب١، ل٥٦-٥٧.

بنکەی ژین www.zheen.org

بــه داگیرکرانــی (مووســڵ)یــش لــه (١٩١٨/١١/١٠)دا، سەرتاســەری کوردستانی جنووبی بەکردەوە کەوتە ژێر ڕکێفی هێزەکانی ئینگلیز[٥٦].

بریتانیــاو فەڕەنــسە هــەر ئــەو ماوەیــە، وردتــر ١٩١٨/١١/٨، لــە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاند: ((مەبەستی فەڕەنسەو ئینگلتەرە لە چوونە مەیدانی جەنگ لە ڕۆژهەڵاتدا، ئەو جەنگەی کە تەماعەکانی ئەڵمانیا هەڵی گیرساند، ڕزگاریی تەواوو یەکجاریی ئەو گەلانە بوو کەساڵەهایە لەژێر نیری چەوسانەوەی تورکدا ئەناڵێنن، دامەزراندنی حکوومەتی نیشتمانیو ئیدارەی مەدەنیشە بۆیان کە دەسەڵاتەکەی لە ئیرادەی دانیشتوانی ڕەسەنو هەڵبژاردنی ئازادانەی خۆیانەوە وەرگرتبێ. هەریەکە لە فەڕەنسەو ئینگلتەرە جەخت لەسەر پشتگیریی ئەو مەبەستە ئەکەنو هاوکاری دامەزراندنی ئەو حکوومەتو ئیدارانەی نیشتمانین لە سووریاو هەرسێ ویلایەتی میزۆپۆتامیا، کە ئەو ناوچانەن وا هاوپەیمانان ڕزگاریان کردن، بەو ناوچانەیشەوە کە هێشتا لە هەوڵی ڕزگارکردنیاندان؛ سوورن لەسەر یاریدەدانی ئەم ئیدارانەو دان پێدانانیان کاتێک بەتەواوی دائەمەزرێن. فەڕەنسەو ئینگلتەرە نیازێکی ئەوتۆیان نییە خەڵکی ئەم هەرێمانە ملکەچی هیچ جۆرە حوکمێک بکەن، بەدەر لەوەی کە خۆیان هەڵی ئەبژێرن. بەڵام هەردوکیان یەك ئامانجیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە گەشەپێدانی کاری ئەم حکوومەتو ئیدارانەی وا خەڵك بە ئازادی هەڵیان ئەبژێرن، بە سەرپەرشتیو هاوکاریی ئەوان جێبەجێ ببێ. هەردوو دەوڵەتی ناوبراو دادو پاکیو یەکسانی لە مامەڵەدا دەستەبەر ئەکەنو تێ

---

[٥٦] ولید حمدي، المصدر نفسه، ص٤٦؛ المس بیل، المصدر نفسه، ص١٥٣.

www.zheen.org

ئەكۆشــن كاروبــاری ئــابووری چــاك بكــەن‌و كەســانی خــاوەن بــەهرەو لێهاتوویی هان بدەن‌و زانست بڵاو بكەنەوەو ڕق‌و كینەو ناكۆكی‌ی كۆن كە سیاسەتی تورك لە ناوچەكەدا دروستی كردوون، نەهێڵن. ئەمانە ئەو ئامانجانەن كە هەردوو هاوپەیمان لە وڵاتە ڕزگاركراوەكاندا هەوڵیان بۆ ئەدەن))[٥٧].

شێخ دیسان هەلی بارودۆخەكەی قۆستەوە، نامەیەكی بە عیززەتی تۆپچی‌و ئەحمەد فایەقی تاپۆی جووتە نوێنەریدا ناردە كفری لەڕێی موحسین ئاغاوە كە پێشتر پەیوەندیی بە كاربەدەستانی ئینگلیزەوە كردبوو، بە هەمان بۆچوونەكانی پێشوویەوە دڵنیای كردنەوەو داواكار بوو كورد لە لیستی میللەتانی ڕزگاریخواز ناوبوێر نەكەن[٥٨]. مێجەر نۆئێل وەك حاكمی سیاسی‌ی لیوای كەركووك كە ناوچەی نێوان زێی گەورەو ڕووباری سیروانی ئەگرتەوە، بە یاوەری‌ی ئەو دوو نێردراوەی شێخ، لەڕێگەی كفری‌یەوە هاتە دێی (داریكەلی). شیخ مەجلیسێكی لە ماڵی خۆیدا گرت" لەو پیاوماقووڵە ناسراوانەی شاری گەیاند كە دەستەیەكی ئینگلیز بەڕێوەن بۆ سلێمانی، داوای لێ كردن چەند كەسێك لە خۆیان هەڵبـژێرن بۆ بەپیرەوەچوونیان. ئەو كۆمەڵە بە وڵاخ ڕوویان كردە داریكەلی. دەستەكەی ئینگلیز هێزێكی چەكداریان لەگەڵدا نەبوو، بۆیە مەترسی‌ی مانەوەی فەوجەكەی توركیان هەبوو، لەپێشدا نەیانویست

---

[٥٧] یقظة الكرد، ص١٣٩؛ دافید كورن، المصدر نفسه/٢، "الاتحاد"، العدد ٣٢٤، ١٩٩٩/٦/٢٥.

[٥٨] یادداشت، ب١، ل٥٧؛ المس بیل، المصدر نفسه، ص١٨٧.

ژین www.zheen.org

بێنە ناو شار. بەتەما بوون شێخ لە داریکەلی بیانبینێ. بەڵام کە پێشوازیکەران چوون، دڵنیا بوون[٥٩]. ئەوە بوو پاشنیوەڕۆی (١٩١٨/١١/١٦) بە ڕێنوێنیەکانی بریکاری حاکمی گشتییەوە گەیشتنە سلێمانی، کە ئەمەیە:

((تۆ ئێستا لە ١ی تشرینی دووەم بەدواوە ئەفسەری سیاسیی لیوای کەرکووکی. ئەم لیوایە لەنێوان زێی خواروو و ڕووباری دیالەدایە تا سنووری تورکیا– فارس لەڕۆژهەڵاتەوە، بەشێکی ویلایەتی مووسڵە کە چارەنووسی یەکجارەکیی جێی بایەخی حکوومەتی خاوەن شکۆیە. ئەم هەرێمە حاڵی حازر بە ناوچەیەکی داگیرکراوی عەسکەری دائەنرێ‌و خۆمان بەڕێوەی ئەبەین‌و مامەڵە لەگەڵ سەرانی میللەتی ئەوێدا بەو سیفەتەو بەوپێیەیە. تکام وایە لەبیرت نەچێ کە ڕەنگە ئیدارە هێزی عەسکەری بنێرێ بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە سلێمانی مۆڵ بخوات.

لەوانەیە هێز بۆ شوێنی تری ڕۆژهەڵاتی سنووری ئێستایشمان بنێردرێ. ئەبێ بە هاوکاریی سەرانی ناوچەکە ڕێ‌وشوێنی پێویست دابنێی بۆ پاراستنی ئاسایش‌و نیزام بەتایبەت لە شوێنەکانی دەرەوەی سنووری ناوچە عەسکەریە داگیرکراوەکانی ژێر دەستی ئێمە. هەروەها ئەبێ چالاکیی نۆکەرانی دوژمن نەهێڵی، هێزەکانمان چ ئازووخەیەکیان ئەوێ بۆیان دابین بکەی. سەرپشکم کردووی لەو چوارچێوەیەدا کە بۆم

---

[٥٩] یادداشت، ب١، ل٥٧–٥٨؛ الدكتور احمد عثمان أبوبكر، كردستان في عهد السلام، القسم الثامن عشر، "الثقافة" (مجلة)، بغداد، العددان ١٠–١١، تشرين الاول– تشرين الثاني ١٩٨١، ص٧٠–٧٨.

بنکەی ژین www.zheen.org

دیاری کردووی، پارەی پێویست خەرج بکەی. با لای تۆو سەرانی ناوچەکەیش ئاشکرا بێ کە ڕێوشوێنەکانی دایان ئەنێی لەبەر ناچارین، بۆیە کاتیو ناوبەناو دوچاری چاوپێداگێڕانەوە ئەبن. سەرپشکم کردووی شێخ مەحموود بە نوێنەری ئێمە لە سلێمانی دابمەزرێنی. بۆیشت هەیە، ئەگەر بە گونجاوت زانی، کەسی تر لە هەریەکە لە چەمچەماڵو هەڵەبجەو شوێنەکانی تر دابمەزرێنی. ئەبێ ئەو سەرۆکانەی کە پەیوەندییان پێوە ئەکەی، بۆیان ڕوون بکەیتەوە کە حکوومەتی خاوەن شکۆ نایەوێ جۆرە ئیدارەیەکیان بەسەردا بسەپێنێ لەگەڵ دابو نەریتو ئارەزوویاندا ناکۆک بێ.

پێویستە لەسەرت هانی سەرۆک هۆزەکان بدەی کۆنفیدراسیۆن پێک بهێنن بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان بە چاودێریو ڕاوێژی ئەفسەرانی سیاسیی بریتانیا. ئەیشبێ باجی یاسایی خۆیان بدەن بەپێی یاساکانی تورکیا. بۆت هەیە لەم مەسەلەیەدا چی بە باش ئەزانی لەبەر ناچاریو هێندەی بەستە بە ئاسایشەوە، بیکەی))[٦٠].

نۆئێل، هەمان ڕۆژ ئەم برووسکەیەی بۆ بەغدا لێ داوە: ((ئەمڕۆ گەیشتمە سلێمانی، وەك مەلیك پێشوازیم لێ کرا. نوێنەرانی دێهات بە درێژایی ڕێگە ڕاوەستانو نیشانەی خۆشحاڵییان بە بۆنەی هاتنمانەوە پێوە دیار بوو)). هەر لەو یەکەم برووسکەیەشدا نووسیبووی: ((من وای نابینم پاشەڕۆژ کۆسپێکی زۆر بێتە ڕێی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەسایەی ئێمەداو بە کۆنترۆڵی ئەفسەرە سیاسییەکانمان، بە مەرجێك هەر

---

[60] جرجیس فتح الله، یقظة الکرد، ص١٩٩-٢٠٠.

www.zheen.org

ئێستا ڕێوشوێنی پەلەی بۆ دابنرێ. جووڵانەوەکە هیچ نەبێ لە سلێمانی بەهێزە)). نۆئێل پێبەپێ ڕایسپارد جووڵانەوەیەکی تری هاوشێوە لە چەند ناوچەیەکی کوردنشینی باکووری مووسڵ بخوڵقێنرێ[٦١].

### ٢. ١. ٢. دەورانی یەکەم حکوومەتی کوردستان:

نۆئێل ڕۆژی دوایی (١٩١٨/١١/١٧) لە کۆبوونەوەی فراوانی بەردەرکی سەرای سلێمانیدا کە عولەماو ئەشراف و سادات و تاجرەکان و خەڵکێکی زۆری شاری و دێهاتی و سەرخێڵان و هێندێ سەرخێڵی کوردی ڕۆژهەڵاتیش بەشداری بوون، وتارێکی درێژی بە فارسی خوێندەوەو ڕایگەیاند: شێخ مەحموود حوکمداری کوردستانە[٦٢]. هەر ئێوارەی ئەو

---

[٦١] كردستان في عهد السلام، القسم الثاني عشر، "الثقافة"، العددان ١١-١٢، تشرين الثاني- كانون الاول ١٩٨٠، ص٦٨-٧٦.

[٦٢] چیم دی، ب١، ل٢٠-٢١؛ یادداشت، ب١، ل٦٠-٦١؛ سر أرنلد تي. ويلسون، المصدر نفسه، ج٣، بغداد، ١٩٩٢، ص١٤-١٥، ١٧.

شایانی وتنە، کاک کەمال ڕەئووف محەمەد لە وتاری (١٩١٨/١١/١٥ نەک ١٩١٨/١١/١ یەکەم حکوومەتی کوردستان دامەزرا، "کوردستانی نوێ"، ژ١١٦٦، ١٩٩٥/١٢/١٥)دا، (١٩١٨/١١/١٥)ی بە مێژووی دامەزراندنی ئەم حکوومەتە دانابوو. سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ ڕاستی مێژووی (١٩١٨/١١/١٧)م لەلا ساغ بووەوە، بەڵگەی ڕۆژی گەیشتنە سلێمانیی "نۆئێل" (١٩١٨/١١/١٦)م خستە بەردەستی بەڕێزیان، ئەو هەڵەیەی بە وتارێکی تر (یێکەم حکوومەتی کوردستان ١٩١٨/١١/١٧ نەک ١٩١٨/١١/١ دامەزراوە، "کوردستانی نوێ"، ژ١٤٣٤،

www.zheen.org

ڕۆژە ئەهالی‌و گەورەپیاوان لە ماڵی شێخ مەحموود کۆکرانەوەو بەیعەت بە حوکمدار کرا. بڕیاریش درا نۆئێل دەست بە ڕێکخستن‌و یەکخستنی شارەکانی کوردستانی جنووبی بکات. نۆئێل ناوی حاکمی سیاسیی لێ نرا، بینای (مەکتەبی ئەعدادی– دواتر فەیسەڵییە)ی بۆ کرایە بارەگا[٦٣]. ئیتر حوکمدار مانگی ١٥٠٠٠ ڕووپیە مەواجیبی بۆ بڕدرایەوە. تەشکیلاتێکی بەڕێوەبردن، وەك ئەوەی پێشووی لیوا لە سەردەمی عوسمانیدا لە شاردا دامەزرا: سەید عومەری مامی شێخ کرا بە موتەسەڕیف، حاجی سەید حەسەنی مامەکەی تری بە حاکم یا ڕەئیسی شەرع، شێخ قادری حەفید بە سوپاسالار (سەرۆکی هێزی لیڤی)، تایەری محەمەد ئەفەندی‌ی فەرخە بە بەڕێوەبەری پۆلیس‌و حاجی ئاغاو مستەفا ئاغا بە یاریدەدەری، ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ (حەمدی‌ی ساحێبقران)یش بە سەرۆکی شارەوانی[٦٤]. عارف صائیب کاتبی تایبەتی شێخ بوو. شێخ ڕەئووفی زیایی‌ی سەقزی کە بۆ پیرۆزبایی‌ی دامەزرانی حکوومەتی کوردستان هاتبوە سلێمانی، چەند مانگێك مایەوەو شێخ ڕاوێژی پێ ئەکرد[٦٥]. بەو پێیە ئەم حکوومەتە نە ڕیاسەتەکان‌و نە ڕۆژنامەیەکی زمانی

---

١٩٩٧/٧/١٠) ڕاست کردەوە، کەچی هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئەم ساغکردنەوەیەی من تێدا نەبوو.

[63] یادداشت، بەشی یەکەم/ ب١، ل٦٢.

[٦٤] یادداشت، ب١، ل٦٢؛ چیم دی، ب١، ل٢٧؛ م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٠٨.

[65] شیخ رئوف ضیایی، یادداشتهایی از کردستان– خاطرات شیخ رئوف ضیایی از وقایع حضور روسیه و بریتانیا و عثمانی و آشوبهایی محلی، به

حاڵی وەك دوو حكوومەتەكەی لەوەبەدوای هەبوون. ئەوە نەبێ كە كوردی هەر لە سەرەتاوە كرایە زمانی ڕەسمیی بەڕێوەبردن.

ئـەو دەورەیـە، ڕەفیـق حیلمـی وتـەنی، ((سـلێمانی خرۆشـابوو. سـوارەیەكی زوربـەی عەشـایەر، لادێییـەكی زۆرو خـەڵقی دەوروپـشت، دێهاتیەكانی شێخ محمود دووابەدواو لە هەموو لایەكەوە روویان كردبوە ئـەم شـارە بـچووكە. كۆڵانـەكان، چـایخانەكانو قەیـسەریو بـازاڕ، مـاڵی گـەورەكانی سـلێمانیو دەوڵەمەنـدەكان، جمـەی ئـەهات. بـرنجو گـەنمی عـەماری میری كە لە توركەكان مابوەوە، هەر زەخیرەیەك كە لە عـەماری دێهاتەكانی شێخ محموددا هەبوو ئەكرا بە پلاوو چێشتو لە چێشتخانەی حوكمدارەوە ئەچوە ورگی ئەم عەشاماتەوە. لەولای تریشەوە مێجەر نۆئێل خـەریكی چارەسازی گرانیو برسیەتی بوو، پـەیتا پـەیتا لـە عـەمارەكانی كركوك، وە لە بەغداوە شەكرو چاو ئاردی سپی ئەگەیاندە سلێمانی، وە بە خۆڕایی بەسەر فەقیرو هـەژارو مأمورەكاندا دابەشی ئەكرد. ئەم شتانە لەوكاتەدا لە سلێمانی قات بوو و دەس نەئەكەوت. لەبەر ئـەوە هەرچی كە لـە فـەقیرو هـەژارەكانو مأمورەكـان ئەمایـەوە، بـەهۆی ڕەئیـسی بەلەدیـەی شارەوە ئەیخستە بازاڕەوەو بە نرخێكی كەم ئەفرۆشرا بەو دوای ئەهاڵی. بەم تەرحە خەڵقی شارو دێهاتـەكان، فـەقیرو هـەژارو لێقەوماوەكان كەوتنە خۆشـیو كـەمێك بووژانـەوە، نۆئێـل هـەر بەمـە نەوێستا. بـەڵكو روپیـەو بانكنۆتو قەدەرێكی زۆر لیرەی توركی ئاڵتونیشی رژاندە سلێمانیو بەبێ

---

كوشش عمر فاروقی، انتشارات صلاح الدین ایوبی- ارومیە، ١٣٦٧، ص٨٨-٩٥.

www.zneen.org

دەس پێـوە لـەرزین بەسـەر رەئـیس عەشـیرەتەکان و دەسـتەو دائـرەی حوکمـدارا بـڵاوی ئـەکردەوە. ئینجـا مەپرسـە. نۆکـەرو خزمـەتکار، کارەکەران و دایەن، مامان و کەنیزەك سەریان بەرز کردەوەو خۆیان گیڤ کرد. هەریەکە بە ناوێکەوە مووچەو بەرات و مەواجبیان بۆ بڕرایەوە. نۆکەر بە خەنجەرو دەمانچەوە، دایەن و کەنیزەکان بە هارەی خشڵ و هەیاسەو لاگیرەی زێڕینەوە کەوتنە فشەفش. شەڕواڵ و مرادخانی و چەفتەو مشکی سوورمەو ئاوریشمی دەستەی شێخان و دەس وپێوەند، دیمەنێکی تری دابوو بە سلێمانی.

لەدوای دەوری رووت وقووتی و برسیەتیەکی کوشندە، بووژانەوەیەکی وا کوتووپڕ دیمەنەکانی تێروتەسەلی و جوانی و خۆشبەختی- هەرچەندە بەخیلی پێبردنیشی تیا هەبوو- دیسانەوە جێی سوپاس بوو. چونکە هیچ نەبێ یادی هەژارە رووت وقووت ووشك هەڵاتوەکان و تەرمە ئاوساوو شینهەڵگەڕاوەکانی مردووی ناو مزگەوت و کەلاوەو لاکۆڵانەکانی دوێنێی لەبیر ئەبردەوەو هیوای ژیانی تازە ئەکردەوە. بەڵام وەکو کورد ئەڵێت: دەستەو دایەرەی نەفام بەمە بەرەو یاخیبوون ئەرۆیشتن و لە وزە ئەچوونە دەرەوە))[٦٦].

ویلسن ڕۆژی ١٩١٨/١٢/١ بە فڕۆکە هاتە سلێمانی، ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە نۆئێل پێشوەخت سازی کرد، نزیکەی شەست سەرگەورەی ناوچەکە بەشداری بوون. شێخ دوای گفتوگۆیەکی درێژخایەن مەزبەتەیەکی بە ئیمزای چل گەورەپیاو وەك نوێنەرانی خەڵك دایە دەستی، ئاماژەی تێدا کرابوو بۆ ئەوەی کە بریتانیا نیازیەتی گەلانی

---

[66] یادداشت، بەشی یەکەم/ ب١، ل٦٣.

www.zheen.org

ژێـر چـەپۆکی عوسمـانی ڕزگـار بکـاتو یاریـدەیان بـدات تـا قـەوارەی سـەربەخۆی خۆیـان دروسـت بکـەن. بۆیـە داوای لـیٚ دەکـەن پارێزگـاریی کـورد بکـات تـا پێـشکەوتنی زامـن ئـەبێ. "ویلـسن"یـش لـە پـەیامێکی نووسـراویدا ئاشـکرای کـرد: ڕیٚ لـە هـیچ هـۆزێکی هـەرێمی نێـوان زێی گەورەو ڕووباری سیروان ناگیریٚ بێتە ژێر ئالآی شێخ مەحموود کە ئەو ناوچـەیە لـەبری حکوومـەتی بریتانیـا بـەڕێوە ئـەباتو پـشتیوانییەکی مەعنەوی ئەکریٚ[٦٧].

شێخ پێی وابوو ئینگلیز ڕزگارکەری کوردە لە حوکمی تورك، یاریدەی ئەدات حکوومەتێکی کوردی پێك بهێنیٚ لە چیای حەمرینەوە تا سنووری ئێرانو ناوچەی شەمزینان درێژبێتەوە[٦٨].

نۆئێل کۆتاییی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی ئیـداریی ناوچـەکانی بـاکوورو بـاکووری ڕۆژئـاوای ئـەو هەرێمـە کـە بـۆی دەسـتنیشان کرابـوو، گەشـتێکی دەسـت پـیٚکرد. (١٢/٢٥) لـە کۆیـە بـوو، ٢٧ی ئەو مانگە لەوێوە ڕوویکردە ڕەواندز. بۆی دەرکـەوت هـەموان شێخ مـەحموودیان وەك نوێنـەری خۆیـان قبوولـەو حـەز بـە هاتنـەناو ئـەو فیدراسیۆنە کوردییە ئەکەن[٦٩]. هەر دوای سیٚ حەفتەیەکیش گەڕایەوە بۆ

---

[٦٧] سـر أرنلـد تـی.ویلـسون، المـصدر نفسه، ج٣، ص١٦-١٧؛ کردسـتان في عهد السلام، القسم الاول، "الثقافة"، العدد ٨، آب ١٩٧٩.

[٦٨] م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٤٦.

[٦٩] المـس بيـل، المـصدر نفسه، ص١٩١؛ دبليـو.آر. هـي، سـنتان في کردسـتان ١٩١٨-١٩٢٠، ج١، ص ١٧٣، ١٧٩؛ سـر أرنلـد تـي. ويلـسون، المـصدر نفـسه، ج٣، ص٢١؛ کردستان في عهد السلام، القسم الاول.

www.zheen.org

سلێمانی، پێشنیاری بۆ حکوومەتەکەی کرد دەوڵەتێکی کوردی پێک بهێنرێ بەرەو باکوور تا شاری (وان) بگرێتەوە[٧٠].

نۆئێل ئەم دەورانە هێشتا بە یەکجاری سلێمانیی بەجێنەهێشتبوو کە لە ماڵی شێخ مەحموود لەگەڵ چەند سەرخێڵ و گەورەپیاوو خوێندەوارێکی شاردا ئامادەی ڕێکخستن و نووسینەوەی چەند مەزبەتەیەکی پشتگیری بوو، حسێن نازم هی کوردانی ڕۆژهەڵاتی بەدەستی خۆی بە تورکی یان فارسی نووسیبووەوە کە عیززەتی تۆپچی و عەبدوڵڵا ئاغای حاجی حەمەسەعید بە ڕاسپێری شێخ نێردرابوونە ئەودیو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم بەشەی کارەکە[٧١]. ڕەفیق حیلمی ئەوانەی ترو نامەیەکی تایبەتیشی بۆ شەریف پاشای خەندان نووسییەوە. شەریف پاشا بەو بەڵگانە کرابووە دەمڕاستی کوردستانی باشوورو بەشێکی ڕۆژهەڵاتیش، تا لە کۆنگرەی ئاشتیدا بەناویانەوە داکۆکی لە مافەکانی کورد بکات. سەید ئەحمەدی بەرزنجی و ڕەشید زەکی کابانی فەڕەنسیزان دیاری کران نامەو مەزبەتەکان بگەیەننە دەستی لە پاریس.

ئەو جووتە دوای ١٩١٩/٣/١٩ بەڕێکەوتن و بە وڵاتی سووریادا گەیشتنە شاری بەیرووت. بەڵام تێکچوونی نێوانی شێخ و ئینگلیزو بەرپابوونی شەڕی دەربەندی بازیان، سەفەرەکەیان پەک خست؛ کاربەدەستانی فەڕەنسە بە فیتی ئینگلیز دەستگیریان کردن، هێنرانەوە

---

[٧٠] کردستان في عهد السلام، القسم الثاني عشر.

[٧١] م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب٢، لەندەن، ١٩٩١، ل١٢.

www.zheen.org

مووسڵو حوکم دران[٧٢]. شێخ ئاڵۆزترین گیروگرفتی ئینگلیز بوو؛ بە قسەی ویلسن، لایەنگرانی فرەژمارە بوون، تەماعی زۆرو نفووزێکی گەورەیشی هەبوون[٧٣]. شێخ هەر بەو ناوچە بەرتەسکەی بەردەستی قایل نەبوو، بەڵکە بێ پسانەوە هەوڵی دا خێڵە کوردەکانی هەولێرو ناوچە کوردنشینەکانی تری لیوای مووسڵیش بخاتە ناو قەڵەمڕەوی خۆی[٧٤]. نەك ئەوە، بگرە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە نوێنەری تێکڕای کوردانی ویلایەتی مووسڵو دیوی وڵاتی فارسیشە کە مەبەستیانە دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆ بە سەرۆکایەتیی ئەوو سەرپەرشتیی بریتانیا دابمەزرێت[٧٥].

کۆتاییی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ کاربەدەستانی ئینگلیز کەوتنە گومانەوە لە پەرەگرتنو گەورەبوونی دەسەڵاتی شێخ تا ئەوڕادە فراوانە.

---

[٧٢] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: سدیق ساڵح، ڕەشید کابان نوێنەرێکی کوردستانی باشوور (ساڵی ١٩١٩)، "پەیڤین" (گۆڤار) ، سلێمانی، ژ٤، دیسەمبەری ١٩٩٨.

تائێستا بە هەڵە وتراوە ئەوانە لە (حەڵەب) گیراون، لەکاتێکدا خوالێخۆشبوو خالید کابان لە باوکیی بیستبوو کە لە (بەیرووت) دەستگیر کراون. ئەوانە کە ڕێگەی تێپەڕینی ناو خاکی تورکیایان نەبوە، زیاتر ڕێی تێئەچێ چووبنە بەیرووت تا لەوێوە بە پاپۆڕ لە دەریاوە بچنە فەڕەنسە. بەجێ نییە، بە ٣ مانگ تا شەڕی دەربەندی بازیان، ئەمجا گەیشتبنە حەڵەب !

[٧٣] سر أرنلد تي. ويلسون، المصدر نفسه، ج٣، ص٢٣،٢٢.

[٧٤] وليد حمدي، المصدر نفسه، ص٧١.

[٧٥] سر أرنلد تي. ويلسون، المصدر نفسه، ج٣، ص١٧.

www.zheen.org

ویلسن پێی وابوو تەماعەکانی شێخ لەچاو هی ئەو پێشەوایانەی تردا کە بریتانیا لە ناوەڕاستو خوارووی عیراقدا مامەڵەی لەتەکدا ئەکردن، دەگمەنو ناوازەن. هاوکات متمانە بە شێخ ناکرێ، مەگەر ڕێوشوێنی توند دابنرێ بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکەی. ئەگەنا جڵەوی کاروبار لەدەست دەرئەچێ. بۆیە هاودەنگی دەستکاریکردنی سیاسەتیان بوو لە کوردستانی جنووبیدا، لەلایەکەوە بە گرتنەبەری ڕێگەیەکی بەڕێوەبردن کە هاوشێوەی هی ناوچەکانی تری عیراق بێو دەسەڵاتی شێخی تێدا دیاری بکرێ؛ لەلایەکی ترەوە هێندێ سەرۆکی نەیاریش لەدژی هان بدرێ[76].

ئەگەرچی وەزارەتی هیندستانو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، تا پێچرانەوەی ئەو ڕۆژگارەیش، سیاسەتێکی کوردیی ڕوونو داڕێژراویان نەبوو، بەڵام هەردوولا بەردەوام دووپاتیان ئەکردەوە کە کوردستانی جنووبی نەخرێتە سەر دەوڵەتی عەرەبیی ئایندەی (عیراق). هەتا وەفدی بریتانیایش لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریسدا، وای بۆ ئەچوو کە نابێ سنووری ئەو دەوڵەتە عەرەبیە تازەیە لە هێڵی ناوچەی عەرەبنشین واوەتر بچێ، هاوکات ویلسن لێبڕاوانە کاری بۆ ئەو پێوەلکاندنە ئەکردو پاساویشی بە هۆی ئابووریو ستراتیژی ئەدایەوە، چونکە ئەو هەرێمە

---

[76] یقظة الکرد، ص٢٢٣، ٢٨٨؛ عبدالرحمن إدریس صالح البیاتي، الشیخ محمود الحفید (البرزنجي) والنفوذ البریطاني في کردستان العراق حتی عام ١٩٢٥، دار الحکمة– لندن، آذار ٢٠٠٥، ص١٢٩.

نکەی ژین
www.zheen.org

گۆشتو دانەوێڵەو میوەو تووتنو شتیوای بۆ دابین ئەکردن، ئەبوە لەمپەریش لەبەردەم هەڕەشەی تورکیادا بۆ سەر عیراق[77].

ویلسن کۆتاییی شوباتی ١٩١٩ بانگ کرایە پاریس، ئەمجا لەندەن. ئەو پێشنیارەی ڕەت کرایەوە، فەرمانی درایێ ناوچە کوردنشینەکانی ویلایەتی مووسڵ بکرێنە چەند دەوڵەتۆکەیەکی کوردیی سەربەخۆ، سەرانی کورد بە ڕاوێژی ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز حوکمیان بکەن.

بەڵام کە گەڕایەوە، لەباتی ئەوە، نەخشەی بۆ کەمکردنەوەی دەستڕۆییی شێخ دانا کە ڕێگرێکی سەرسەختی بەردەم بەدیهاتنی بەرنامەکەی بوو، چونکە هێشتا کانوونی یەکەمی ١٩١٨ تەواو نەبووبوو کە لە پەلهاوێشتنی زیاتری دەسەڵاتی کەوتبوونە گومان، ئەویش ملی نەئەدا دەسەڵاتی دیاری بکرێو تێئەکۆشا کۆنترۆڵی زۆر کۆمەڵە عەشایەری گەورەتریش بکات. ویلسن لەگەڵ "نۆئێلو لیچمەنو سۆنو گۆردن"داکۆبووەوەو گفتوگۆی کرد، دواجار بڕیاری دا نۆئێل لەو کارە لابرێ، مێجەر سۆنی سەیرو تووڕەو بەزەبروزەنگ ناوەندی مارتی ١٩١٩ جێی بگرێتەوە[78].

---

[77] دافید کورن، المصدر نفسه/ ٢.

[78] المس بیل، المصدر نفسه، ص١٩٨،١٩٧، ١٩٩—٢٠٠؛ أرنلد ویلسون، المصدر نفسه، ج٣، ص٢٤؛ م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٦٣.

نۆئێل لەو ڕاپۆرتەی ساڵی ١٩٢١یدا وتوویە لابرام، نەك وەك ویلسن نووسیویە، بە ڕەزامەندیی تەواوی خۆی لاچووبێ (م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٦١).

www.zheen.org

نۆئێـل توندوتیـژیی نەئەنوانـد، لایـەنگری دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کوردیو دژی لکاندنی کوردستانی جنووبی بوو بە ویلایەتەکانی بەغداو بەسرەوە. لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢١یدا ڕووی ڕاستی ئەو مەسەلەیەی دەرخستووە: ((تا شوباتی ١٩١٩ هیچ ناکۆکیو پشێوییەك لەئارادا نەبوە. شێخ ڕێی درابوو حوکمی ناوچەکانی نێوان سنووری ئێرانو زێی گەورە بکات" بەپێی ئەو نەخشەو دەستوورەیش ئەجوولایەوە کە بۆی دانرابوون))[79]. لەوەبەدوا "گرینهاوس" بووە وەکیلی حاکمی سیاسی، لەکاتێکدا "کاپتن بێڵ" یاریدەدەری حاکم بوو، "مێجەر دانلیس" سەرپەرشتیی ڕێکخستنی هێزی پیادەو سوارەی ئەکرد کە ناوی (لیڤی)ی لێ نرا[80].

سۆن کە بەڕێگەوە بوو بۆ سلێمانی، بە وردی لە بارودۆخی کفریو کەرکووکی کۆڵییەوە، سیاسەتێکی بۆ خۆی داڕشت پێڕەوی بکات. ژمارەیەك قەزاو ناحیەو هۆزی لە جوغزی دەسەڵاتی شێخ هێنایە دەرێ. کە گەیشتە قایمقامیەتی کفری لە ناوەندی مارتدا، مووچەی مانگانەی بەسەر سەرانی تیرەکانی جافو بەگزادەکانیاندا دابەش کرد، کە پێشتر لە شێخیان وەرئەگرت. هەر لە مارتدا کفریو کەرکووك لە قەڵەمڕەوی شێخ کرانەوە، کران بە دەڤەرێکی تازە. لیز لە ١٩١٩/٣/١٥دا کرایە یاریدەدەری حاکمی سیاسیی کفری، کەوتە دابڕینی باڵی دەستەڕاستی حکوومەتەکەی شێخ بە پەیوەندیکردن بە بەگزادەکانی هەڵەبجەو

بنکەی ژین
www.zheen.org

[79] م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٥٩-٤٦٠، ٤٦١.
[80] یادداشت، ب١، ل٧٨، ٨٥.

عادیلەخانمەوە. بەوپێیە، هەڵەبجەیش بوو بە ناوچەیەکی ژێر ڕکێفی خۆی، ئینگلیزەکان ڕاستەوخۆ بەڕێوەیان ئەبرد[٨١].

پیادەو سوارەیەکی زۆر ڕیزبەستەی بەخێرهێنانی سۆن بوون و زۆر چادریش بۆ چاوەڕێکردن لە (دەشتی موشیراوا) هەڵدرا. ڕۆژی ١٩١٩/٤/٢٤یش گەیشتە شاری سلێمانی[٨٢]، هیچ ڕوویەکی نەدایە شێخ کە بۆ پێشوازیی هاتبوو[٨٣]. سۆن تا دوادواییەکانی ئەو سەروبەندەی حوکمی شێخ ١٩١٩/٥/٢٠، بگرە لەوەبەدوایش، هەر مایەوە. "نۆئێل"یش هەر ئەو ماوەیە دەستی بە گەشتێکی درێژتر و نوێی خۆی کرد بۆ کوردستانی باکوور[٨٤].

کاتێك مێجەر سۆن هێنرا، ویسترا شێخ لە خشتە ببەن بەوەی کە لەپاڵ مووچە ١٥ هەزار ڕووپیەییەکەیدا هەموو جۆگەو موڵکەکانی سلێمانیی بدەنێ بەرهەمیان بخوات، دەستی پێهەڵبگرن لە حوکمداری. شێخ دوای ڕاوێژکردن بە نزیکەکانی، ڕەتی کردەوە[٨٥].

---

[٨١] المس بيل، المصدر نفسه، ص٢٠٠؛ يقظة الكرد، ص٢٢٤؛ عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، الشيخ محمود الحفيد ....، ص١٣٢-١٣٣.

[٨٢] م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٥١.

[٨٣] چیم دی، ب١، ل٣٠؛ بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی، چ٢، ل١٤.

[٨٤] سەبارەت بەو گەشتەی بڕوانە: المس بيل، المصدر نفسه، ص٢٠٨-٢١٨؛ یادداشتەکانی مەیجەر نۆئێل لە کوردستان، وەرگێڕانی حسێن احمد جاف و حسێن عثمان نێرگسەجاڕی، بغداد، ١٩٨٤.

[٨٥] م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٣٦-٤٣٧؛ ڕەمزی قزاز، بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، سلێمانی، ١٩٧١، ل٢٢٠.

www.zheen.org

یەکەم حکوومەتی شێخ تاسەر دەسەڵاتی، کەموزۆر، لە ناوچەی سلێمانیدا گیری خوارد، زیاتر پەلی نەهاویشت. سۆن نەك هەر گەلێك ناوچەی لە چنگی شێخ دەرهێنا، بەڵكوو هێزەكانی لیڤی (٢٠٠٠ پیادەو ٤٠٠ سوار بوون) و پۆلیسی ڕاستەوخۆ خستنە ژێر دەستی خۆی[٨٦]. دەستیشی وەردایە ئیدارەی ناو شاری سلێمانی، ژمارەیەكی زۆر كاربەدەستو فەرمانبەری عەجەمو هیندیو عەرەبو ئەفغانیی تێڕژاند. دائیرەكانی حاكمی سیاسیو حاكمی عەسكەریو داراییو گوومرگو ئەوانی تریش، هەریەكە یاریدەدەر یا ڕاوێژكارێكی ئینگلیزیان چووە سەر[٨٧]. هەر ئەو ڕۆژانەیش مووچەكەی شێخ كەم كرایەوە بۆ ١٠ هەزار ڕووپیە[٨٨].

"شێخ ئەمینی سندۆڵان"ی قایمقامی ڕانیە، بۆ لێدانو چاوشكاندنی شێخ لەناو لایەنگرانیدا، بە زەبرو ڕاسپاردەی كاربەدەستانی ئینگلیز لابرا، كاپتن باركەر لە شوێنی بوو بە حاكمی سیاسی[٨٩].

پەوەندیی شێخ بە كاربەدەستانی ئینگلیزەوە، بەرەو ئەوپەڕی گرژیو پچڕان ئەچوو. ئا لەم كاتەدا، ئەوی زانراوە، تۆفیق فیكرەتی ئەفسەری پێشووی عوسمانیی بە نوێنەریی خۆی ناردە تاران تا پێوەندی بە باڵوێزی ئەمریكاوە بكات، پشت بەستوو بە بەندەكانی سەرۆك ویلسن،

---

[٨٦] یادداشت، ب١، ل١١٥؛ أرنلد تي. ویلسون، المصدر نفسه، ج٣، ص٢٥.

[٨٧] یادداشت، ب١، ل٧٧ و، ب٢، ل١٠٧–١٠٨؛ چیم دی، ب١، ل٢٥، ٢٨.

[٨٨] م.ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٤٨.

[89] یادداشت، ب١، ل١٠٠؛ هەمان سەرچاوە، ب٢، ل١٠٥.

www.zheen.org

زۆرلێکراوی کوردو عەدالەتی مەسەلەکەیی بۆ ڕوون بکاتەوە. بەڵام هەر فەرمانبەرێکی باڵوێزخانەکەی دی، سەفەرەکەی ئەنجامێکی بەرچاوی نەبوو[٩٠].

شێخ نائومێد بوو، بڕیاری دا بە چەك لە ڕووی ئینگلیزدا ڕابوەستێ. ڕایسپارد مەحموود خانی دزڵی لایەنگری بە بیانووی زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخ بەهێزێکەوە بێتە سلێمانی. ئەو هێزە (١٩١٩/٥/٢٠) گەیشتە سەر کەلی گۆیژە. سۆن بە بیانووی بەپیرەوەچوونی هاوسەرەکەی لە شاری بەسرە، خۆیی دزییەوە، مێجەر گرینهاوسی کردە جێگری خۆی، فەرمانی دا بەر بەو هێزە بگرن. بەڵام سپێدەی (٥/٢١) کە سوپای لیڤی، ڕەزا بەگی ئیسماعیل بەگ فەرماندەی پیادەو جەمال عیرفان فەرماندەی سوارەی بوو، بەرەنگاری هێزەکە بووەوە لە بناری گۆیژە، شکا. حسێنی مەلا محەمەدی عەتارو دوو ئینگلیزیش کوژران[٩١].

ئیتر شێخ بە چەند سەعاتێك کۆنترۆڵی شاری کرد، هەموو ئینگلیزەکانی گرت: شەش ئەفسەر (گرینهاوس‌و دۆگلاس‌و هۆڵت‌و ڕایت‌و دانلیس‌و شکۆفیل‌و بۆند)و نزیکەی دووسەد مەئموور کە هەر ١٥ مەئمووری هیندیی گەورەیانی لێ گلدایەوە، لەگەڵ ئەفسەرەکاندا بە دیلی ناردنیە دەبۆکە. ئەمجا دەستی بەسەر خەزێنەو تۆمارکانی حکوومەتدا

---

[٩٠] الدكتور كمال مظهر احمد، أضواء على قضايا دولية في الشرق الاوسط، بغداد، ١٩٧٨، ص٢١؛ بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی، ل١٥.

[91] یادداشت، بەشی یەکەم/ ب٢، ل١١٥؛ هەمان سەرچاوە، بەشی دووەم/ ب٤، لاپەڕەی دووەمی پێشەکی.

www.zneen.org

گرت" هێڵی تەلەفۆنی نێوان سلێمانی- کەرکووکی بڕی، تا هەواڵی شار نەگاتە کاربەدەستانی ئینگلیز؛ ئاڵای بریتانیای لەسەر دائیرەی حاکمی سیاسی داگرت، ئاڵایەکی تایبەتی خۆی، وێنەی مانگێکی یەکشەوە لەناو بازنەیەکی ڕەنگ سووری سەر تەختی قوماشێکی سەوز، لەجێ دانا؛ خۆیشی کردە یەکەم حوکمداری کوردستانی جنووبی[٩٢].

ویلسن، بەیانیی ڕۆژی دوایی، دوابەدوای ئەم ڕووداوە بە فڕۆکە هاتە سەر سلێمانی، ئەفسەرەکانی لە سەربانی دەبۆ بینی. بەیاننامەیەکی بۆ شێخ بەردایەوە، داوای تێدا لێ کرد بچێتە بەغدا تا چاوی پێ بکەوێ. چووە هەڵەبجەیش تا "لیز"ی یاریدەدەری حاکمی سیاسی لەگەڵ خۆیدا ببات. بەڵام نەیتوانی، عەشایەری ئەودیو سنوور بە هانای حامید بەگی جافی قایمقامی شێخەوە هاتبوون.

لیز دواتر بە هاوکاریی عادیلە خان ڕزگار بوو، گەیشتە خانەقین. بۆیە خانم ناسناوی "خان بەهادور"ی لە پاداشتی ئەو خزمەتەدا درایێ. ڕۆژی ٢٦ی ئایاریش، هەڵەبجە بە تەواووی کەوتە دەست شۆڕشگێڕانی شێخ[٩٣].

---

[٩٢] چیم دی، ب١، ل٣٧-٣٨، ٤١-٤٢؛ ب٣، سلێمانی، ١٩٧١، ل١٠٤؛ المس بیل، المصدر نفسه، ص٢٠٠، ٢٠١؛ سر أرنلد تي. ویلسون، المصدر نفسه، ج٣، ص٢٦؛ یادداشت، ب٢، ل١١١-١١٢.
ویلسن نووسیویە شێخ پوولی پۆستەیشی دەرکرد کە هەڵەیە، ئەوە لە سێیەم حکوومەتی شێخ (حوزەیرانی ١٩٢٣- تەمووزی ١٩٢٤)دا بووە.

[٩٣] سي. جي. ادموندز، کرد وترك وعرب، ص٣٤؛ سر أرنلد تي. ویلسون، المصدر نفسه، ج٣، ص٢٦-٢٧؛ المس بیل، المصدر نفسه، ص٢٠١؛ یادداشت، ب٢، ل١١٦.

www.zheen.org

قافڵەیەکی حکوومی لە کفرییەوە ڕووی کردە سلێمانی. هێزێکی شێخ لێی هاتە دەست، پەرێشانی کردو پارەو چەکو ئەسپی بە دەسکەوت کەوتە چنگ[٩٤].

ئەو ڕاپەڕینەی شێخ لە کوردستاندا دەنگی دایەوە، عەشایەر تا ناوچەی ڕەواندزیش کەوتنە خۆچەکدارکردنو چاوەڕوان بوون بتەنێتەوەو بەشداریی تێدا بکەن[٩٥]. ئەم ڕووداوە جێی داخە، بەقسەی ویلسن، ئەو قەناعەتە بڵاوەی ناو کوردستانی جنووبیی چەسپاند، کە پێی وایە ئینگلیز چیتر ناتوانێ کۆنتڕۆڵی وەزعەکە بکات. پریشکی شۆڕش پەڕییەوە بۆ سنووری ئێرانیش،چەند خێڵێکی حکوومەتی ئێران ڕاپەڕینو ڕایانگەیاند لایەنگری شێخ مەحموودنو پشتگیری لە خۆیو پڕۆژەی کوردستانی یەکگرتووی ئازاد ئەکەن[٩٦].

شێخ بە فەرمانێکی حوکمداری (ژ٣، ١٩١٩/٥/٢٢) دەستەیەکی بە سەرۆکایەتیی سەید عومەرو ئەندامێتیی ئەحمەد بەگی فەتاح بەگو سەید کەریمی سەید ئەحمەدو شێخ عەلی سەرکارو حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغاو ساڵح پاشاو حەمە بەگی قادر پاشا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەتی کوردستان هەڵبژارد[٩٧]. هاوکات نامەی بۆ سەرخێڵانی تری سۆرانو بادینان نووسی تا پشتگیریو هاوکاریی بکەن،

---

94 يقظة الكرد، ص٢٢٥.

٩٥ یادداشت، ب٢، ل١٢٩.

96 يقظة الكرد، ص٢٢٥.

٩٧ چیم دی، ب١، ل٤٤.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەوانە بۆ نموونە نامەی بە "فەخری واسیف بەگ"دا نارد بۆ شێخ ئەحمەدی بارزان، بەڵام ئەو هێزەی کە شێخ ئەحمەد بۆی ڕەوانە کرد، دواکەوت و بە فریای نەگەیشت[٩٨].

فەرماندەی کەرکووک، پاش ڕووداوەکەی سلێمانی، ١٩١٩/٥/٢٤ هێزێکی پێکهاتوو لە هەندێ سوارەو لیڤیی عیراقی و ژمارەیەك زرێپۆش و ئوتومبیلی سەربەتاڵی ڕەشاشی لویس بەسەرەوەی بە فەرماندەیی ی "مێجەر بووم"ی گەیاندە چەمچەماڵ، وا کە لەوێ جێگیر بێ. بەڵام سەرکردەی ئەو هێزە هیچ حسێبێکی بۆ قەوارەو زەبری هێزی کورد نەکرد، بگرە بە چاوێکی سووکەوە تێی ڕوانی، بۆیە لەوێ گیر نەبوو و یەکەوڕاست ڕووی کردە سلێمانی. هێزی کورد ١٩١٩/٥/٢٥ لە تاسڵووجە هەڵیکوتایە سەری، بەزاندی و تا ٢٥ میلیش دوای کەوت؛ چەندین زیانی قورسی ماڵی و گیانیی پێگەیاند، چوار زرێپۆش و نۆزدە ئوتومبیلی لێ تێك شکاند[٩٩]. حاجی حەمە ئاغای مامی عەلی حەسەن ئاغای ئاوکورتێ لەو شەڕەدا بریندارو عەبدوڵڵا ئاغای برای شەهید بوو[١٠٠]. محێدین ئەمین دۆغرەیی جەباریش شەهیدێکی تری ئەو شەڕە بوو[١٠١]. هێزێکی تری

---

[٩٨] چیم دی، ب١، ل ٣٩-٤٠؛ م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٨٦.

[٩٩] کرد وترك وعرب، ص٣٤؛ سر أرنلد تي. ويلسون، المصدر نفسه، ج٣، ص٢٧؛ م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٩٦.

[100] یادداشتی عەلی حەسەن ئاغای ئاوکورتێ، ل١-٢ (دەستخەت: بۆ مامۆستا عەبدوڕڕەقیب یووسفی نووسیوەتەوە).

[101] عبدالرقيب يوسف، لە کەلەپووری بەڵگەنامەیی کوردی/١، "ڕۆشنبیری نوێ" (گۆڤار)، بەغدا، ژ١١٠، ١٩٨٦.

کوردیش به فەرماندەیی‌ی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند چەمچەماڵی داگیر کرد، کاپتن بۆندی یاریدەدەری حاکمی سیاسیی بەدیلی گرت‌و بردیە سلێمانی[١٠٢].

شێخ لەوەبەدوا ئیسماعیل حەقی شاوەیسی بە نامەی فارسی‌ی خۆیەوە ڕەوانەی کەرکووك کرد تا لە نیازی ئینگلیز بگات، داوایان لێ بکات گفت‌و بەڵێنەکانیان دەرهەق بە کورد جێبەجێ بکەن. لەوێ جەنەڕاڵ فرایزەری دی، بێ‌ئەنجام گەڕایەوە[١٠٣].

شێخ قادری حەفید بە فەرمانی شێخ بە هێزێکی ٥٠٠ سوارەوە چووە (بنە)ی دێیەکی ئەولای باکووری چەمچەماڵ، تا ڕێی هاتوچۆی نێوان کەرکووك‌و چەمچەماڵ ببڕێ‌و بەر بە هاتنی هێزی ئینگلیز بگرێ. هێزێکی ئینگلیز لە ٢٩ی مایسدا ویستی خۆی بگەیەنێتە چەمچەماڵ، لێی دراو شکێنرا.

ستوونێکی تر دوابەدوای ئەو، بە فەرمانده‌یی‌ی مێجەر فرایزەر بەرەو دێی قەرەهەنجیر چوو کە ١٧ کم لەکەرکووکەوە دوورە، هێزێکی شێخ بە فەرماندەیی‌ی مەحموودخانی دزڵی ئابڵووقەی دا؛ بە یارمەتی‌ی هێزێکی تری ئینگلیز ئەمجا ڕزگاری بوو، کشایەوە بۆ کەرکووك. ٦/١ دووبارە بە هاوکاری‌ی هێزی ئاسمانی هێرشی بردەوە، شوێن‌و دێهاتەکانی کورد

---

102 عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص١٤٢.

١٠٣ اسماعیل حقی شاوەیس، حکومەتی کوردستان، "ڕۆژی نوێ" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ٥، ئابی ١٩٦٠؛ یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، کەمال نوری مەعرووف ساغی کردوەتەوە، دهۆك، ١٩٩٥، ل٥٧.

بۆردومـان کـران؛ بۆمبابـارانی دێی (بنـە)ی بـاکوورو دێی (تیمـار)ی باشووری ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵیشی کرد، زیانێکی قورسی پێ گەیاندن. لەبەر ئەوە هێزەکەی شێخ لە قەرەهەنجیر پاشەکشەی کرد[١٠٤].

شـێخیش ئـەو ماوەیـە لەگـەڵ پێـشمەرگەکانیدا لـە بـەری خـوارووی دەربەندی بازیان سەنگەری گرت، هێزێکی تێکەڵ لە چەکداری عەشایەرو لیڤی مەشق پێکراویش لە بەری سەرووبدا کۆکرایەوەو جێگیر کرا[١٠٥]. شێخ نەیویست لەدواوە فەرماندەیی چەکدارەکانی بکات. ئەمە نیشانەی دوو مـەرجی دیـاری پێـشەوایەتین: ئازایـەتی و بـاوەڕ بـە کێـشەکە[١٠٦]. دەنگـۆی هەسـتانی شـێخ، تـا ڕەوانـدز تەنییـەوە. عەشـایەری بەتایبـەت ناڕازی لە ئینگلیز کەوتنە خۆپڕچەککردن و خۆسازدان بۆ شەڕ؛ چاوەڕوان بـوون شـەڕ بپەڕێتـەوە بـۆ ئـەودیوی زێی پـچووك و لەشـكری شـێخ نزیـك بکەوێتـەوەو بـەری کۆیـە بگـرێ، تـا ئـەوانیش ڕاسـت ببنـەوە. لەبـەر ئـەوە باس وخواسی سەیروسەمەرەی هەڵبەستراو بڵاو ئەبووەوە[١٠٧].

یەکــەم بــەلاغی فەرمانــدەیی هێزەکــانی داگیرکــەری عــیراق لــە ١٩١٩/٥/٢٨دا ڕایگەیاند: ((شێخ مەحموود ناخافڵ لە ڕۆژی ٢٦ی ئایاری ١٩١٩دا جڵـەوی کاروبـاری حـوکمی لـە سـلێمانی گرتـە دەسـت، هەنـدێ

---

[١٠٤] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص١٤٤؛ چيم دی، ب١، ل٤٦؛ یادداشت، ب٢، ل١٢١-١٢٢.

[١٠٥] كرد وترك وعرب، ص٤٩.

[106] يقظة الكرد، ص٢٢٦.

[107] یادداشت، ب٢، ل١٢٩.

ئەکەی ژین
www.zheen.org

ئەفسەرو کەسی ئینگلیزی بە دیلی دەستگیر کرد. بۆیە هێزێکی سەربازەکانمان لە ٢٥ی مانگدا دەستبەجێ ڕووی کردە چەمچەماڵ. هێزێکی سۆراخکردن گەیشتە دەربەندی تاسڵووجەو ئەمجا چەمچەماڵ. هێزێکمان سازوتەیارە بە جۆرەها ئامرازی جەنگی، حاڵی حازر لە کەرکووک کۆبووەتەوە[١٠٨])). سەرانی ناوچەی ڕانیەو پشدەر، لەوانە غەفوورخانی سەرۆکی ئاکۆو سواراغای محەمەد ئاغای سەرۆکی پیران‌و عەباسی مەحموود ئاغای سەرۆکێکی پشدەر، دوادواییەکانی ئایاری ١٩١٩ بە چەکدارەکانیانەوە ڕوویانکردە ڕانیە، "کاپتن بارکەر"یان ناچار کرد ئەوێ بەجێ بهێڵێ‌و بچێتە کۆیە[١٠٩].

لایەنگرانی شێخ ڕوویانکردە کۆیەو لەگەڵ خەڵکە ڕاپەڕیوەکەدا بەگژ دەسەڵاتدارانی ئینگلیزدا چوون. عەبدوڵڵا ئاغای گەورەپیاوێکی شار، کاپتن ڕاندەڵی یاریدەدەری ئەفسەری سیاسیی ئاگادار کردەوە کە شار بەجێ بهێڵێ، ئەگەنا بەزۆر دەری ئەکەن. بۆیە ناچار چووە کەرکووک. ئینگلیز لە ١٠/٦دا، دوای بۆردومانێکی ئاسمانی، کۆیەی بە هێزێکەوە گرتەوە. ڕووی کردە ڕانیەیش‌و گرتی[١١٠].

جەنراڵ تیۆدۆر فرایزەری سەرکردەی تیپی هەژدەهەم لە مووسڵ، فەرمانی درایێ هێزێك لە دوو لیوای پیادەو سوارەو ئوتومبیلی چەکدار بەناوی (هێزی کوردستانی جنووبی)یەوە کۆبکاتەوە، بە خێرایی بجووڵێ.

---

108 عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج١، ص٢٧١.

109 عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص١٤٥.

110 هەمان سەرچاوە، ل١٤٥.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هێزێکی بچووکی پیادەو تۆپخانەی چیاییش بە سەرکردەیی‌ی موقەددەم بۆید لەنزیکی خانەقینەوە بەرەو ژوور نێردرا. هێزەکەی فرایزەر ناوەندی حوزەیرانی ۱۹۱۹ لە چەمچەماڵ مۆڵی خوارد، ٦/١٦ دەستی کرد بە چوونەپێشەوە بەرەو دەربەند؛ ٦/١٧ بەشێکی ئەو هێزە لە دێی (تەکیەی کاکەمەند)ی ٣ میلی باشووری ڕۆژاوای دەربەند بە هێزی کورددا هەڵپژا، بڵاوەی پێ کرد. شەوی ١٨/١٧ی حوزەیران هێزی پیادە پەلاماری برد، سەربازانی تۆپخانەی چیایی بە بەرزاییەکاندا هەڵگەڕان، تا لە هەموولایەکەوە گەمارۆی هێزەکانی شێخ بدەن؛ بە تووڵەڕێکانی لای دەستەڕاستی شاخدا چوونە ئەودیو، پشتیان لێ گرتن. موشیر ئاغای محەمەد سلێمان ئاغای هەمەوەندی فەرماندەی پێشووی هێزی سوارەی شێخ لە چەمچەماڵ هاوکاریو چاوساغیی کردن. بەرەبەیانی ٦/١٨ هێزەکانی شێخ تۆپباران کران. سەعات ٣,١٥ی بەیانی هێزێکی پیادە پەلاماری قولەکانی هێزی کوردی دا لە هەردوو بەری دەربەنددا. هێزێکی تریش بە پشتیوانیی تۆپخانە هێرشی هێنایە سەر دەربەند خۆی.

هێزەکانی شێخ خافڵگیر کران، لە هەموولایەکەوە بەر دەستڕێژ دران. کەچی تەسلیم نەبوون، ئەوەندەی پێیان کرا بەرەنگاریو شەڕیان کرد. بەڵام هێزەکانی بریتانیا، بە حوکمی ژمارە زۆریو پێشکەوتوویی‌ی چەکو ئامرازی جەنگی، سەرکەوت. شەڕ هەر دوو سەعاتی خایاند. شێخ قولەپێیەکیو کەمەری بریندار بوون، لەگەڵ زیاتر لە سەد کەسی هێزەکەیدا بە دیل گیرا، ٤٨ شەهیدیش هەبوون، لەوانە حاجی سەید حەسەن، تایەری محەمەد ئەفەندیی فەرخەو مولازم ڕەشیدی عاسیەخانو

شێخ تەهای ئامۆزای شێخ مارفی شووکێ[111]. بەڵام شێخ مارفی شێخ مستەفای شووکێ بە بریندارى كەوتە دەست هێزی ئینگلیزو بێسەروشوێن كرا[112].

ڕەعیلی سوارەی ٣٢یش، بە فەرماندەیی‌ی مولازم دینیهای، هەر ئەو ڕۆژەو پاش یەكلاییبوونەوەی شەڕەكە، بەخێرایی ملی نا بەرەو سلێمانی تا لە سەعات ٦,٥ی ئێوارەدا كە هێشتا خەڵكی شار لە هەواڵی ئاكامی شەڕ بێئاگابوون، گەیشتە جێ؛ دەمودەست چووە دەبۆكەو ئەفسەرەكانی

---

[111] هەمان سەرچاوە، ١٤٨-١٤٩؛ كرد وترك وعرب، ل٣٤-٣٥، ٤٩، ٥٠؛ یادداشت، ب٢، ل١٢٤-١٢٧؛ هەمان سەرچاوە، ب٤، لاپەڕەی دووەمی پێشەكی؛ چیم دی، ب١، ل٤٧؛ سر أرنلد تي. ويلسون، المصدر نفسه، ج٣، ص٢٩؛ ئاكۆ غەریب، شێخ مارف یەكەمین مەفقودی شۆڕشی شێخ مەحمود، "خاك" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ٢٩، تشرینی دووەمی ١٩٩٩، ل١٧؛ زانیاریی ڕۆژی ١١/١٠/٢٠٠٦ی بەڕێز دكتۆر عوسمان شێخ عەبدوول.

[112] جێی وتنە، شێخ مارف كوڕی شێخ مستەفا كوڕی شێخ حسێن كوڕی سەید ئەحمەد كوڕی شێخ تەهای گەورەیە. لە دێی (شووكێ) دانیشتووە. لە شەڕی تەكیەی پشت دەربەندد‌ا بریندار‌بووە. دواتر بەشداریی شەڕی (دەربەندی بازیان)یشی كردووەو بە توندی بریندار بووە" لەبەر سەختیی برینكەی، نەیتوانیوە خۆی بگەیەنێتە (ماین تەیارە) ناوەكەیو دەستگیر كراوە. ئیتر ون كراوە. دوای شەڕ، ماڵ و منداڵی ئاوارەی دیوی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بووە، تا پایزێكی درەنگ لە (هەنگەژاڵ) ماوەتەوە. كە گەڕاوەتەوە، میرزا فەرەجی حاجی شەریف دوو هەزار ڕووپیە سزای داگیركردنی موڵكەكانیی داوە (بڕوانە: هەمان بابەتی گۆڤاری"خاك").

ئینگلیزی ئازادکرد. هێزەکانی تری ئینگلیزیش ڕۆژی دوایی (٦/١٩) نزیکی شار بوونەوە، بەشی زۆریان لای پردی قلیاسان چادریان هەڵدا. ئەدمۆندزو کۆمەڵێك سوارە سەعاتێکی پێشنیوەڕۆ چوونە ناو شار.

دەستبەجێ کاپتن بۆند لەگەڵ ئەفسەرێکی کورددا نێردرایە بازیانو دڵنیابوون کە ئەو دیلە گەورەیە شێخە، واتە شێخ تا (٦/١٩) هەر لەوناوەدا هێڵرابووەوە. ڕۆژی (٦/٢٣)یش سەرجەمی هێزی ئینگلیز گەیشتە ناو شار. هێزەکەی خانەقینیش، پاشتر لەگەڵ هێزێکی سلێمانیدا هەڵەبجەیان داگیر کردەوە، هەر"لیز"یشی بۆ برایەوە[١١٣].

ئەم بەلاغە لە سلێمانی بە کوردی بڵاو کرایەوە: ((ئەو هێزانەی کە شێخ مەحموود کۆی کردنەوە لە دەربەندی بازیان، بە تەواوی تێك شکێنران. دەرکەوت زۆری لایەنگرانی شێخ کوژرانو نزیکەی ١٠٠یان لێ بەدیل گیرا. گەلێك تفەنگو چەکی جەنگیی تر دەسکەوت هەبوو. بینرا شێخ مەحموود بە توندی بریندار کرابوو، بە تەنیا لە مەیدانی جەنگدا کەوتبوو، هەموو لایەنگرەکانی بەجێیان هێشتبوو؛ هەڵگیرا بۆ خەستەخانە، پزیشکان چارەسەری ئەکەنو بایەخ بە تیمارکردنی ئەدەن))[١١٤].

سەربازانی هێزی بریتانیا لە دەوروبەرو شیوەکانی سلێمانی بڵاو بوونەوە، هەر کەسێ ڕێی بگرتنایە دەستگیریان ئەکرد. ٦/٢٥ دەوری

---

[١١٣] کرد وترك وعرب، ص٤٩-٥٠، ٥١-٥٢؛ بيل، المصدر نفسه، ص٢٠٣.

[114] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص١٥١.

بنکەی ژین
www.zheen.org

دێی (وێڵـەدەر)یـان دا، بڕێـك چـەكیان لێ گـرت‌و زەوت كـرد. لـە ٦/٢٧دا ڕوویـان كـردە (داریكـەلی)و داگیریـان كـرد. دێی (خێوەتـە)یـشیان گـرت؛ وتیـان شـێخ قـادری سمایـل عـوزێری خـۆیی تێـدا شـاردبوەوەو تـوانیی ڕابكات. هێزێكی تریان بەرەو هەڵەبجە چوو. لایەنگرانی شێخ كە لە دێی (وێلەكە)ی ٤٠كم دوور لە سلێمانی بەرەنگاری بوونەوە، بڵاوەیان پێ كرا، ئەویش لە ٦/٢٨دا چووە ناو هەڵەبجە. سریەیەكی تری بریتـانی كە لـە سـلێمانـی‌یـەوە هـاتبوو، چـووە پـاڵی، كـشان بـەرەو دێی (عەبابـەیلێ)؛ خەڵكەكـەی چـۆڵی كردبـوو. سـریەیەكی تـر لـە هەڵەبجـەوە ڕووی كـردە گوڵعەنبـەر (خورمـاڵ)، بـەبێ بـەرگری گرتـی. چـەند سریـەیەك لـە تـەموزدا كێومـاڵی دۆڵـەكانی خورمـاڵ‌و بەرزنجـەو ئـەو ناوەیـان كـرد، لایـەنگرانی شێخیان تێدا ئەگرتن، یا هەڵئەهاتن.

دوو مـەفرەزە ١٠ ڕۆژی كۆتـایـی تـەمووز لـە ناوچـەی (قـەرەداخ) گـەڕا بـەدوای پیاوەكـانی شـێخدا" چـووە دێی (قـازان)و (ڕەبـات)و (ئیـبراهیم خانــچی)و هـــی تـــر، ماڵـــەكانیان پـــشكنی؛ گـــەلێ كەســـی بەشـــداری جووڵانەوەكەی شێخ گیرا، ژمارەیـەكی زۆری چەك‌و كەلوپـەلی تایبـەتیان لێ زەوت كردن. دەست كرا بە دانانی حامیەیەكی عەسكەری لەو ناوچـەیە بۆ پـشتیوانی‌ی دەسـەڵاتی ئینگلیـز كـە لـە سـلێمانی ڕێـك ئەخرایـەوە. بـەو شـــێوەیە ناوچـــەكانی ســـوورداش‌و شـــارباژێڕو بەرزنجـــەو پێنجـــوێن‌و خورماڵ‌و قەرەداغ‌و سەنگاو پشكنران[١١٥].

[115] هـەمان سەرچـاوە، ل١٥١-١٥٢ (لـە ژمـارە ٦٢١ی ١٩١٩/٨/٥ی ڕۆژنامـەی "العرب" وەرگیراوە)؛ كرد وترك وعرب، ص٥٢، ٥٣.

فەرمانـــدەیی عەســـکەری بریتانیـــا، ســـەرکوتکردنی ئـــەو جووڵانەوەیەی کرد بە بەهانە بۆ یەکلاییکردنەوەی حیسابی خۆی لەگەڵ سەرجەمی نەیارەکانیدا لە کوردستان؛ ئەوە بوو دەستی بە پشکنین و گەڕان کرد، ٨/١ گەیشتە دێی (بامەڕنی)ی نزیکی ئامێدی، ئەوانە دەستگیر کران کە پێشتر چەکیان لە ڕووی ئینگلیزدا بەرز کردبوەوە. ٨/٦ چووە شارۆچکەی ئامێدی، هەندێك لە گیراوەکانی ئیعدام کرد. خەڵکیش ٨/٨ تۆڵەی لە هێزەکەی جێگیری ئەوێ کردەوەو زیانی گیانی و ماڵیی پێ گەیاند.

چالاکی لە ڕۆژئاوای ڕووباری خابووریش نوێنراو دۆڵی گۆیان گیرا. بەڵام ڕۆڵەکانی ئەو هۆزە بەرگرییەکی دلێرانەی وایان کرد کە ویلسن بڵێ: ((ئەمانە دڕندەترین هۆزن کە ناچارین مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین))[116]. ١٣ی ئاب بەیاننامەیەك بڵاوکرایەوە سەبارەت بە بەرقەراربوونی ئاسایش و ئارامی لە پەڕاوپەڕی کوردستانی جنووبیدا[117].

ئەو هەلومەرجە ماڵەکانی شێخ مەحموودو چەندین سەرکردەو ئەفسەرو لایەنگری وەك حاجی سەید عومەرو حاجی سەید حەسەن و تایەری محەمەد ئەفەندی و عیززەت نەجیب و کاکەحەمەی ئەمین عەتارو ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ و سەید نووریی نەقیب و سەید کەریمی سەید ئەحمەد، بەگشتی نزیکەی سەد ماڵێك تالان کران[118]. ئیتر خێزانی شێخ و دەوری

---

[116] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص١٥٢-١٥٣.
[117] كرد وترك وعرب، ص٥٣.
[118] چیم دی، ب١، ل٥٠-٥١.

نکەی ژین
www.zheen.org

سێ سەد خێزانێکی تر لە شار هەڵاتن و خۆیان دەرباز کرد، ئاوارەو پەرپوەی دێهات و ناوچەکانی دەوری سلێمانی و کوردستانی ئێران و تەنانەت لای شاری (وان)یش بوون[119].

شێخ مەحموودو شێخ محەمەد غەریبی زاوای، لەگەڵ دیلەکانی تردا کە ژمارەیەك ئەفسەری وەك قالەی ئایشەخان و ئەدهەم ئەفەندی و محەمەد ئەفەندیی قەرەداغی و عەلی یاوەری سالح پاشاو ڕەشید سدقی غەفوورو عیززەتی تۆپچی و ڕەشید جەودەت"یان لەناو دابوو، گەیەنرانە بەغدا[120]. شێخ سەرەتا بۆ چارەسەر برایە نەخۆشخانە. ویلسن لەوێ سەری لێ دا، شێخ پێی وت: هیچ دادگایەکی عەسکەری ناتوانێ موحاکەمەی بکات. بازیبەندەکەی دەستیی کردەوە، دەقی بە کوردی نووسراوی هەر چواردە بەندەکەی "ویلسن"ی سەرکۆماری ئەمریکا و ڕاگەیاندنی ۱۹۱۸/۱۱/۸ی بریتانیا- فەرەنسەی لەسەر دیوی ناوەوەی بەرگی قورئانێکدا پیشان دا تا ناوەرۆکیانی بیر بێنێتەوە[121].

---

[119] بۆ درێژەی ئەو بەسەرهاتە بڕوانە: چیم دی، ب۱، ل٥١-٥٢؛ یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل٦٦-٧٨؛ مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، محمدی مەلا کەریم هێناونیەتە سەر شێوە نووسینی نوێ و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیون، بەغدا، ۱۹۸٥، ل١٥٣-١٩٥.

[120] چیم دی، ب۱، ل٤٩؛ یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل٦١؛ یادداشت، ب۲، ل١٦٤.

[121] سر أرنلد تي. ویلسون، ج۳، ص۳۰.

www.zheen.org

لەکاتێکدا ویلسن دەمێك بوو گاڵتەی بە تایبەت بە بەندی دوازدەهەمی ئەو بەندانە ئەهات کە سەبارەت بە ڕزگاریی گەلانی ژێر دەستی عوسمانی بوو، ناوی نابوو ((وەسێتی دوازدەهەم)). تەنانەت نەیهێشت تا تشرینی یەکەمی ١٩١٨ لە ناوچەکانی حوکمی خۆیدا بڵاوببنەوە[١٢٢].

شێخ مەحموودو شێخ محەمەد غەریبی زاوای خرانە بەندیخانەی (هنێدی) تا ڕۆژی (١٩١٩/٧/٢٥) کە درانە دادگایەکی عورفیی عەسکەری[١٢٣]. میرزا فەرەجی حاجی شەریفو حەمەبەگی قادر پاشاو شێخ نەجیبی قەرەداغیو عیززەت بەگی وەسمان پاشاو عەونی ئەفەندیی حاجی گووروونو حاجی مەلا سەعیدی کەرکووکلی زادەو حاجی ئاغای حەسەن ئاغایش وەك شایەت لە سلێمانییەوە برانە بەغدا. شێخ تاوانی شۆڕشکردنو بەرهەڵستیی ئینگلیز بە چەكو داگرتنو سووکایەتیکردن بە ئاڵای بریتانیای درایە پاڵ. بەڵام ئەگەرچی حوکمی ئیعدامی درا، مەردانە داکۆکیی لە خۆیو کێشەی میللەتەکەی کرد، ڕوونی کردەوە کە ئینگلیز بە خواستی کوردو بەبێ شەڕ هاتە کوردستانی جنووبیو بڕیاری دا بیکاتە حوکمدار، بەڵام لەگەڵیدا سەرڕاست دەرنەچوو. لەبەرئەوە بەو حوکمەی دادگا ڕازی نییەو دادپەروەریی تێدا نابینێ. هەتا بەڕادەیەك تووڕە بوو، سەروپێچکەیی بە توندی دا بەسەر سنگی سەرۆکی دادگادا[١٢٤].

---

[١٢٢] دافید کورن، المصدر نفسه/ ٢.

[١٢٣] م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٥٢١، ٥٢٩.

[١٢٤] چیم دی، ب١، ل٥٣-٥٤؛ یادداشت، ب٢، ل١٦٥-١٦٧؛ یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل٦١-٦٢.

www.zheen.org

جــەنراڵ ســێر جــۆرج مــاكمۆنی ســەركردەی گــشتیی ئەودەمــەی هێزەكـانی ئینگلیـز، لەوبارەیـەوە وتوویـە: ((ئـەمزانی شـێخ نامـەردێكی نەفرەتییـە، خـەڵك لـە منیـان ئـەوێ بیخنكێـنم. بـەڵام پـێم وابـوو ئـەوە هـیچ ویژدان‌و دادێكی تێدا نییە. یەكلاییكردنەوەی كێشەی پاشەڕۆژی عیراق، بـە ڕادەیـەك هێـواش بـوو مرۆڤـی سەرسـام ئـەكرد. شـێخ مـەحموودیش قەرزاربارێ لایەنگرییەكی كاتیی ئینگلیز نەبوو. كاتێ ڕاپەڕی، هەر چوار یـا پێـنج ئەفسەرە دیلەكـەی نەكوشـت. لەبـەر ئـەوە پـێم وانـەبوو عادیلانـە گەمەیەكی ئینگلیزی ئەكـەم، ئەگـەر فـەرمانم بدایـە گوللـەبارانی بكـەن))[١٢٥]. بۆیە ئەو سزایەی بۆ كردە زیندانی هەمیشەیی، كەمتریش كرایـەوە بـۆ ١٠ سـاڵ زینـدانی. شـێخ محەمـەد غـەریبیش حـوكمی پێـنج سـاڵ زینـدان‌و غەرامـەی ١٠ هـەزار ڕووپیـەی درا. ویلسن بـە ڕەسمـی بـە ئیعدامنـەكردنی

---

شـایانی باسـە، وەك ئەحمـەد خواجـە نووسـیویە، پێناچـێ ئـەوە گرینهـاوس بووبـێ كـە شـێخ سەروپێـچەكەی داوە بـە سـنگیدا، چـونكە نـاوبراو –بەقسەی ئەدمۆنـدز– دوای هاتنـە نـاوەوەی هێزەكـانی ئینگلیـز هـەر ماوەتـەوەو مـانگی تــەمووز لەبــەر شــارەزاییی ناوچــەكە، یــاوەریی ســتوونەكانی كــردووە بــۆ پشكنینی ناوچەكانی دەوروبەری شارو ئەو كارە تا ناوەندی ئابی خایاندووە. سـەرەتای ئـابیش مۆڵـەتی وەرگرتـووەو سـەفەری كـردووە (كـرد وتـرك وعـرب، ص٥٢، ٩٠). هـیچ بەڵگەیـەكیش بەدەسـتەوە نییـە كـە ئـەوە، وەك شـێخ لـەتیف وتوویە، دانلیس بووبێ. ئەوەندە هەیە شایەتەكان لەگەڵ كاپتن بۆندی حاكمی سیاسیی چەمچەماڵدا چوونەتە بەغدا. بۆیە دوور نییە ئەو بووبێ.

[١٢٥] يقظة الكرد، ص٢٢٧؛ دافيد كورن، المصدر نفسه/ ٣–٤، "الاتحاد"، العدد ٣٢٥، ١٩٩٩/٧/٢.

شێخ ناڕازی بوو؛ وای بۆ ئەچوو تا شێخ زیندوو بێ، لایەنگرانی هیوادارو ناحەزانیشی زارەترەك ئەبن. لەبەرئەوە مردنیی بەلاوە گرنگترین هۆکاری سەقامگیربوونی ئاشتیو ئارامی بوو[126].

دواجار شێخ، لەگەڵ شێخ حەمەغەریبی زاوایدا، دوور خرانەوە بۆ دوورگەی (ئەندامان) لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناو دەریای هیندی[127]، دیلەکانی تریش ماوەیەك لە بەندیخانەدا مانەوە، دوای ١٠ هەفتە بەردران[128]. لەوەبەدوایش سەردەمی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز، بەتایبەت لە ناوچەی سلێمانیدا، دەستی پێکرد.

## ٢. ٢. دووەم حکوومەتی کوردستان (١٩٢٢/١٠/٩–٣/ ١٩٢٣/٣):

### ٢. ٢. ١. یەکەم خولی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز لە سلێمانی (١٩١٩/٦/١٩–١٩٢٢/٩/٤):

شێخ مەحموود ئەیویست ئینگلیز یاریدەی بدات تا کورد، دوای وێرانکاریەکانی جەنگ، بکەوێتە سەر پێی خۆیو فێری شێوەی نوێی حوکم ببێو لە چاوتێبڕینی تورکو فارسو عەرەبیش لای بدات؛ پێی

---

[126] سر أرنلد تي. ويلسون، المصدر نفسه، ج٣، ص٣٠؛ المس بيل، ص٢٠٣؛ یادداشت، ب٢، ل١٦٩؛ یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل٦٥.

[127] چیم دی، ب١، ل٥٥؛ یادداشت، ب٢، ل١٦٩؛ یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل٦٥؛ كرد وترك وعرب، ص٥٣.

[128] ويلسون، المصدر نفسه، ج٣، ص٢٩.

www.zheen.org

وابـوو هـاتنی ئینگلیـز مایـەی ڕزگاربوونـە لـە حـوکمی سـاڵەهای تـورك، هـەلێکی لەباریشە بۆ دامەزراندنی دەوڵـەتێکی کـوردی بـە سـەرۆکایەتی‌ی خـۆی. بـەڵام ئـەوەی بـۆ بـەدی‌نـەهات، کۆتـایی‌ی یەکـەم حوکمداریەکـەی، دوور خرایەوە بۆ هیندستان.

لەکاتێکـدا ویلـسن بـە باشـی ئـەزانی چـەند دەوڵـەتۆکەیـەکی کـوردی‌ی سەربەخۆ لە کوردستانی جنووبی دابمـەزرێنرێ، بـە سـەرۆکایەتی‌ی چەند کـوردێکی هەڵکـەوتوو و بـە سەرپەرشـتی‌ی بریتانیـا[١٢٩]. مەبەسـتی لـەوە بـەدیهێنانی ئـارەزووی خـەڵك‌و سـەرانی کـوردی ناوچـەکەو ڕێگـرتن لـە یـەکگرتنی هـەموو کـورد بـوو. بـەوە ئامـانجی خۆیـان جێبـەجێ ئـەکرد. هاوکـات نۆئێـل پێـی وابـوو نابـێ کوردسـتان پارچەپارچـە بکـرێ، ئـەبێ دەوڵـەتێکی یـەکگرتووی لێ پێـك بهێنـرێ. پێشنیاریـشی کـرد سـنووری کوردی بـەپێ‌ی هێڵـی ئـەتنۆلۆجی‌ی نێوان کـوردو عـەرەب دیـاری بکـرێ. لـەڕووەوە وای بـۆ ئەچـوو کـە هێڵـی درێـژکراوە لەفوراتـەوە تـا مووسـڵ کەم‌وزۆر سنووری لای باشـوور دەست نیشان ئـەکات" هێڵی نەتـەوەیی‌ی نێـوان عـەرەب‌و کـوردیش لـە مووسـڵەوە تـا خـوارووی خانـەقین درێـژ ئەبێتەوە.

هەرچـی سـنووری ڕۆژهەڵاتـە، لەفارسـەوە ئەکشێ‌و هـەردوو ناوچـەی سنەو سەقز ئەگرێتەوە، لەوێوە تا دەریاچەی ورمێ‌و سنووری ڕووسیا و نزیکی چیای ئاڕارات. سنووری باکووریش لەگەڵ هێڵە تەریبـەکان (هێڵی

---

[129] ولسن، المصدر نفسه، ج٣، ص٣٧.

www.zheen.org

دریـژی‌و پـانی)دا بـه پلـه‌ی ٣٥ جـووت دێتـه‌وه[١٣٠]. بـه‌ڵام ویلـسن بـه‌م دیاریکردنه ڕازی نه‌بوو.

دائیره‌ی پێشووی ئه‌فسه‌ری سیاسی که بینای قوتابخانه‌ی ئه‌عدادی‌ی ده‌ورانی حوکمی عوسمانی بوو، ساڵی ١٩١١ به پیتاکی خه‌ڵك دروست کرابوو، له یه‌کـه‌م خولی حوکمی ڕاسته‌وخۆی ئینگلیزدا کرایه باره‌گای عه‌سکه‌ری. خه‌ڵکه‌که داوایان کرد چۆڵی که‌ن، بۆیه ناچار گوێزایانه‌وه بۆ ده‌بۆی عه‌سکه‌ری‌ی سه‌ر گردی قشڵه[١٣١].

مێجـه‌ر سـۆن کـه پـێش ڕووداوه‌کـانی مـایس- حـوزه‌یرانی ١٩١٩ سلێمانیی به‌جێهێشتبوو، ١٩١٩/٧/١ هاته‌وه. ٨/١٣ به‌یاننامه‌یه‌ك ده‌رکرا سـه‌باره‌ت بـه دابینبـوونی ئاسـایش‌و ئـارامی لـه سه‌رتاسـه‌ری کوردستاندا[١٣٢]. سۆن، به‌رنامه‌یه‌کی بۆ ئاوه‌دانکردنه‌وه‌و پێش‌خستنی ناوچه‌ی سلێمانی داڕشت که ئه‌م قه‌زاو ناحیانه‌ی ئه‌گرته‌وه: سه‌رچنارو تانجـه‌رۆو قـه‌ره‌داغ‌و سـوورداش‌و سرۆچـك‌و زاب (شـوان)و سـه‌نگاوو هه‌ڵه‌بجـه‌و پێنجـوێن‌و شـارباژێڕو شـیوه‌که‌ڵ‌و قـامیش‌و چه‌مـچه‌ماڵ‌و بازیان‌و خورماڵ‌و هۆرێن- شێخان‌و ڕانیه‌و خه‌له‌کان- چناران‌و قه‌ڵادزێ‌و مه‌رگه‌و ناوده‌شت[١٣٣]. ڕێگاکانی ده‌ره‌وه بۆ سوورداش‌و هه‌ڵه‌بجه‌و کفری چاك کران" دوو پرد بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ڵه‌بجه له‌سه‌ر تانجه‌رۆ کرا، پردێکی پێنج

---

[130] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص١٧٠، ١٧٢.
[١٣١] كرد وترك وعرب، ص٧٩.
[١٣٢] هه‌مان سه‌رچاوه، ل٥٣.
[١٣٣] سیروان به‌کرسامی‌و عه‌لی ناجی کاکه‌حه‌مه ئه‌مین عه‌تار، پێشکه‌وتن یه‌که‌مین ڕۆژنامه‌ی سلێمانی ١٩٢٠-١٩٢٢، هه‌ولێر، ١٩٩٨، ل١٥٠، ١٥٨، ١٦٢، ١٦٦.

بنکه‌ی ژین
www.zheen.org

تاقیش بۆ هی کفری بە خشت هەڵبەسترا. جادەکانی ناوشاریش دەستیان پێدا هێنرا[134].

بینباشی (موقەددەم) ڕەزا بەگی ئیسماعیل بەگ، لەبەر خزمەتی دڵسۆزانە، جەنەڕاڵ سێر جۆرج ماکمۆن شمشێری شەرەفی پێ بەخشی؛ کرا بە یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لە شارباژێڕ کە ئەوسا (سیتەك) ناوەندی بوو، پاشانیش بە یەکەم قایمقامی قەزای شارباژێڕ لە (چوارتا)ی ناوەندی تازەیدا[135]. تۆفیق وەهبی کە هەر دوابەدوای شەڕی دەربەندی بازیان گەڕایەوە بۆ سلێمانی، لەبری نەقیب ڕ. ی. بارکەر، بوو بە یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لە ڕانیە[136]، دواییش بە فەرماندەی هێزی لیڤی لە سلێمانی[137]. غەفوور ئاغای حاجی ئەولای گەورە بە سەرۆکی شارەوانی‌ی سلێمانی دانرا[138]. ساڵی دواییش، مەحموود ئەفەندی‌ی قادرئاغا، پاش مردنی عەبدوڵڵا بەگی یاوەر، لە جێی ئەو بە سەرۆکی تازەی شارەوانی هەڵبژێردرا[139].

سلێمانی ئەم سەروبەندە، جگە لە قوتابخانەی سەرەتایی‌ی (نموونەی سەعادەت) کە ڕەشید زەکی کابان بەڕێوەبەری بوو، (نموونەی عیرفان)یشی وەك قوتابخانەیەکی ئەووەلی‌ی چوار پۆلیی تێدا کرایەوە لە خانووی حاجی

---

[134] هەمان سەرچاوە، ل٤٣، ٢٣٣-٢٣٤.
[135] کرد وترك وعرب، ص٩٩.
[136] هەمان سەرچاوە، ل٨١.
[137] رفیق حلمی، یادداشت، چ٢، بەشی یەکەم / ب٣، ل٣٣.
[138] کرد وترك وعرب، ص٨٣.
[139] پێشکەوتن، ل١٨٩-١٩٠.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەحمەد جادر لە گەڕەکی دەرگەزێن، سەعید زەکی فەتاح کرایە بەڕێوەبەری[١٤٠]. کاپتن هۆڵتی یاریدەدەری حاکمی سیاسی لە یەکەمیاندا دەرسی ئینگلیزیی ئەوتەوە[١٤١].

کاربەدەستانی ئینگلیز هەر دوای دوورخرانەوەی شێخ مەحموود، بۆ هەم پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کە ناوو دەسەڵاتی شێخ بەجێیان هێشتبوو، هەم دڵدانەوەی خەڵكو زیاتر کۆنترۆڵکردنی هەرێمەکە، کە هەلومەرجەکەیش لێی چاوەڕوان ئەکرا بەرەو گرژیو ئاڵۆزی بچێ، بیریان لەوە کردەوە یەکێکی تر بخەنە شوێنی. حەمدی بەگی کوڕی محەمەدڕەشید پاشای خدێو کوڕی سلێمان پاشای بابان[١٤٢]، لەو گەورەپیاوە ناسراوانەی کورد بوو کە بە شیاوی ئەو پلەوپایەیە زانرا. هەتا سەفەرێکیشی، زیاتر ڕێی تێئەچێ کانوونی دووەمی ١٩٢٠و کەمتریش لە کانوونی یەکەمی ١٩١٩دا بووبێ، بۆ ڕێك خرا بۆ کوردستان؛ هاتە سلێمانی، سەری لە ناوچەی پشدەر داو گەڕایەوە بۆ بەغدا[١٤٣]. کە گەڕایەوە، ئەم نامەیەی بۆ کاربەدەستانی ئینگلیز نووسی:

---

[١٤٠] هەمان سەرچاوە، ل١١٤، ٢٤٠.

[141] یادداشت، بەشی دووەم، ب٥، ل٧١.

[١٤٢] بۆ ژیاننامەکەی، بڕوانە: میر بصري، أعلام الکرد، ریاض الریس للکتب والنشر- لندن- قبرص، ١٩٩١، ص١٩٥-١٩٦.

[١٤٣] بەپێی ئەو نامەیە کە ڕۆژی ٢٥ کانوونی دووەمی ١٩٢٠، دوای سەفەرەکەی، بۆ ن. ب. فولەری نووسیوە، ئەبێ کەموزۆر ئەو مانگە یا مانگی پێشووتر چووبێتە سلێمانی. لەگەڵ ئەوەیشدا، نامەی سەبارەت بە سەفەرێکی وا گرنگ، زیاتر ڕێی تێئەچێ گەرماوگەرمو هاوزەمان (واتە کانوونی دووەمی ١٩٢٠)

((بەڕێز

ڕووتان لێ ئەنێم سوپاسی بێپایانم قبووڵ بکەن، چونکە من قەرزاری چاکەی ئێوەم کە هەم یەکەم سەردانی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەمتان بۆ ڕێک خستمو ئەفسەری سیاسیتان لە کوردستان یارمەتییەکی چاکی داون. هەروەها سوپاستان ئەکەم بۆ ئەو کۆمەکە مرۆدۆستانەیە کە لە ساتێکی شلۆقدا پێشکەشی کورد کرا، کاتێک سەدانیان ڕۆژانە بەدەست برسێتییەوە ئەیان ناڵاند. ئەوی ڕاستی بێ مایەی خۆشحاڵیمە کە ئەبینم گەلەکەم سەرلەنوێو دوای ئەوەی لەو حوکمە خراپە ڕزگاری بوو، ئەبووژێتەوە. من دڵشادم، چونکە دەوڵەتە مەزنەکەتان کە ڕەنگە ببێتە سەرهەڵوێستی میزۆپۆتامیا، بایەخ بەو بەشەی کوردستان ئەدات کە کاروبارەکەیم بە شێوەیەکی تایبەت بەلاوە بایەخدارە. من قەناعەتم وایە کە یەکخستنی ئیدارەی پەیوەندیی نێوان کوردستانو میزۆپۆتامیا کلیلی گەشەکردنە. هیوامە زانیاریی فراوانو سامانی زۆرو زەبەند بە خێرایی گەلێکی تەندروستو دەوڵەمەندیان بۆ بەدی بێنێ))[١٤٤].

بەڵام دوای هەڵسەنگاندنو لێوردبوونەوە، لەو پۆستەدا دانەنرا. ئەگەرچی مونەووەرانو سەرانی ناوچەی سلێمانی ڕێکخراوێکیان بە ناوی (کۆمەڵی سەربەخۆیی کوردستان)ەوە (١٩١٩-١٩٢٠) پێک هێنا بۆ

---

نووسرابێ (الدكتور احمد عثمان أبوبكر، كردستان في عهد السلام، القسم الثالث والعشرون، "الثقافة"، العدد ١، كانون الثاني ١٩٨٣، ص٥٨-٦٧).

[144] الدكتور احمد عثمان أبوبكر، كردستان في عهد السلام، "الثقافة"، العدد١، كانون الثاني ١٩٨٣، ص٦٢-٦٣.

پـشتیوانی‌ی حەمـدی بـەگی بابـان‌و زەمینـە خۆشـکردن بـۆ بـوونی بـە حوکمـداری کوردسـتانی جنـووبی، بـەڵام کۆمەڵەکـە، لەبـەر بـێدەنگی‌ی حەمـــدی بـــەگ‌و جێبەجێنـــەبوونی ئـــەو پـــڕۆژەی جێگرتنەوەیـــە، پووکایەوە[١٤٥]. سەرباری ئەوە، چەند دەستەو کۆمەڵێکی نەیار بە نهێنی خەریکی خۆڕێکخستن‌و بەیاننامە بڵاوکردنەوەو چالاکی‌ی سیاسی بوون دژ بە ئینگلیز[١٤٦].

سـەرخێڵانی هەمەوەنـدو زەنگەنـەو ڕۆغزایـی‌و مکایـەلی‌و ڕەبـاتی‌و ئـالیوەیی‌و شـێخانی قـەرەداغ، لـە بـەهاری ١٩٢٠دا لـە (ژاڵـە)ی لای دێی (کرپـچنە) کۆبوونـەوە، بڕیاریـان دا ئینگلیـز تەنگـەتاو بکـەن‌و بـەرەنگاری ببنـــەوە، تـــا ناچـــاری هێنانـــەوەی شـــێخ مـــەحموود بـــێ. هـــەتا چـــەند شەڕێکیـشیان لـە ناوچـەی چەمچەماڵ‌و خـوارووی کرپـچنە کـرد[١٤٧]. ئـەو شەڕانە، لەپاڵ چالاکی‌ی تری ئێرەو ئەوێدا، بوونە هێزێکی گوشاری کارا.

---

[١٤٥] یادداشت، چ٢، بەشی دووەم/ ب٤، ل١٠٩-١١٩.

لەبـەر ئـەوەی ڕەفیـق حیلمـی دواتـر لـە سـاڵانی سـیدا ئـەو بیرەوەریانـەی نووسیوەتەوە، ئەبێ دەستکاری‌ی ناوی ڕاستی ئەو کۆمەڵەیەی کردبێ، چونکە هـەردوو زاراوەی (کۆمـەڵ)و (سـەربەخۆیی) ئەوسا ئەوەنـدە نەکەوتبوونـە نـاو ئـەدەبیاتی سیاسـی‌و ڕۆژنامـەوانی‌ی کوردییـەوە، (جەمعییـەت)و (ئیـستیقلال) لـەبریبان بـەکار ئـەهێنرا، وەك ئـەوە لـە ناوەکـانی (جەمعییـەتی کوردسـتان-١٩٢٢)و ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال ١٩٢٣-١٩٢٤)دا دەرکەوتووە.

[146] چیم دی، ب١، ل٦١-٦٤.

[147] عبدالرقیب یوسف، لە کەلەپووری بەڵگەنامەیی کوردی/١، "ڕۆشنبیری نوێ" (گۆڤار)، ژ١١٠، ١٩٨٦، ل٧٤.

ئەنجومەنی ئیدارەی شار، ڕۆژی ١٩٢٠/٤/١٧، ئەمانەی بۆ هەڵبژێردرا: حاکمی سیاسی سەرۆك، بینباشی عەبدوڵڵا بەگی یاوەر و تۆفیق وەهبیو میرزا فەرەجی حاجی شەریفو حاجی برایم ئاغای خەفاف و خواجە یونتۆب ئەندامان. تۆفیق وەهبی، ئەودەمە فەرماندەی هێزی لیڤی بوو[١٤٨].

سۆن چاپخانەیەکی هێنایە سلێمانی، چەند کەسێکی فێری چاپ کرد: شێخ عەبدولمەجیدی شێخ عارف، شێخ محەمەد تەییبی برای، محەمەدئەدیب عەزیزو محەمەد تۆفیق[١٤٩].

ئەو چاپخانەیە، جگە لە ئەوراقی پێویستی دائیرەکان، ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"ی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی سلێمانیدا پێ لەچاپ درا کە یەکەم ژمارەی ڕۆژی ١٩٢٠/٤/٢٩ لێ دەرچوو.

ناوچەکانی کوردستانی جنووبی، ئەم سەردەمە، کەموزۆر پشێوییان تێکەوت. کاپتن بێڵی حاکمی سیاسیی ئامێدیو کاپتن ماکدۆناڵدی بەڕێوەبەری پۆلیس ڕۆژی ١٩١٩/٧/١٥، ساپو ترووپ دوو مانگ دواتر لە ناوچەی ئامێدی کوژران[١٥٠].

---

[١٤٨] پێشکەوتن، ل٤٨.

[١٤٩] احمد خواجە، چیم دی، ب٢، سلێمانی، ١٩٦٩، ل٤٩، ٥٠، ٥٢؛ د. کەمال مەزهەر، چمکێك لە مێژووی یەکەم چاپخانەی کوردی لە شاری سلێمانی، "ڕۆشنبیری نوێ" (گۆڤار)، بەغدا، ژ٧٧، تشرینی یەکەمی ١٩٧٩.

[١٥٠] م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، ل١٩٣.

www.zheen.org

کاپتن بێلی حاکمی سیاسی مووسڵ و سکۆتی یاریدەدەری، ٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٩، بە دەستی زێباری و بارزانیەکان لای دێی پیرەکەپرە لەسەر ڕێگەی ئاکرێ کوژران[١٥١]. ئیبرایم خانی دەلۆ ڕۆژی ١٩٢٠/٨/٢٢ شاری کفری گرت، کاپتن سالمۆندی حاکمی سیاسیی دەستگیر کردو ئەنجومەنێکی بۆ بەڕێوەبردنی شار پێك هێنا. بەردانی سالمۆند بەسترایەوە بە هێنانەوەی شێخ لە ئەسارەت. هێزەکانی ئینگلیز، دوای هەوڵێکی زۆر، لە ٩/١٠ دا ئەمجا کفرییان بۆ گیرایەوە[١٥٢].

کۆنگرەی لەندەن، شوباتی ١٩٢٠ لەلایەن گەورە دەوڵەتانی هاوپەیمانەوە بەسترا؛ یەکێ لە بابەتە قسەلێکراوەکانی مەسەلەی ویلایەتی مووسڵ (کوردستانی جنووبی) بوو، وەك کێشەیەکی کراوە هێڵرایەوە[١٥٣]. کۆنگرەی سان ڕیمۆیش نیسانی ئەوساڵە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە سازکرا. هەرسێ دەوڵەتی بریتانیاو فەڕەنسەو ئیتاڵیا، ڕۆژی ١٩٢٠/٤/٢٣، پڕۆژەی ڕێککەوتنێکی سێقوڵییان سەبارەت بە کوردستان ئیمزا کرد[١٥٤].

---

[١٥١] المس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، ص٢٢٦.

[١٥٢] مستەفا نەریمان، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ، بغداد، ١٩٨٥، ل١٣٢-١٣٤، ١٤٠-١٤١، ١٥٠.

[١٥٣] الدكتور احمد عثمان أبو بكر، كردستان في عهد السلام، القسم الثامن، "الثقافة"، العدد٧، تموز ١٩٨٠، ص٤٥-٥٤.

[١٥٤] المصدر نفسه، القسم التاسع، "الثقافة"، العدد ٨، آب ١٩٨٠، ص٣٤-٤٦، والقسم العاشر، العدد ٩، أيلول ١٩٨٠، ص٩٢-١٠٣.

www.zheen.org

پەیمانی سیڤەر ١٩٢٠/٨/١٠ لەنێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانیدا مۆرکرا، بەوپێیە لە سێ بەندی (٦٢، ٦٣، ٦٤)یدا بڕیار درا پلانێکی ئۆتۆنۆمی، لە ماوەی شەش مانگی جێبەجێکردنی پەیمانەکەدا، بۆ ناوچە کوردنشینەکانی نێوان ڕۆژهەلاّتی فورات و باشووری سنووری خوارووی ئەرمینیاو باکووری سنووری تورکیا- سووریاو تورکیا- عیراق دابنرێ. ئەگەر کوردی ئەو ناوچانە، لە ماوەی ساڵێکی بەجێهێنانی پەیمانەکەدا، داوای لە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد سەربەخۆ بێ و لە تورکیا جیاببێتەوە، گەر ئەنجومەن زانیی شیاوی ئەو جۆرە سەربەخۆییەیە، ئەیداتێ. هاوپەیمانان لەم حاڵەتەدا لارییان لەوە نابێ کە کورد بچێتە پاڵ دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی پێکهاتوو لە کوردی دانیشتووی ئەو بەشەی کوردستان کە تا ئەوکاتە لەناو ویلایەتی مووسڵدا بوو[١٥٥].

ڕەواندز، لە ١٩٢٠/٨/٣٠ بەدواوە کە هێزەکانی ئینگلیز بە تەنگ پێهەڵچنینی نووری باویل ئاغاو باوکی و خدر ئاغای حەمەدەشینی سەرچیاو شێخ کاکەمینی سەلاّن (سەران)و شێخانی بجێل و عەشیرەتی سوورچی و خدر ئاغای کۆڕێ و خەڵکی ناوچەکە چۆڵیان کرد، بوو بە بنکەی بەرهەڵستان و ئەو هێزانەی تێچوون. غەفوورخانی ناودەشتیش چووە پاڵیان[١٥٦]. ئەوانە کەوتنە هەوڵدان بۆ پەیداکردنی پشتیوان و هێنانی هێزی تورك بۆ ناوچەکە. تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ ئەحمەد تەقی

---

[١٥٥] الدكتور فاضل حسين، مشكلة الموصل، ط٢، مطبعة السعد- بغداد، ١٩٦٧، ص١٣.

[١٥٦] دبليو. آر. هي، سنتان في كردستان ١٩١٨-١٩٢٠، ترجمة فؤاد جميل، ج٢، بغداد، ١٩٧٣، ص١٣٣-١٣٥؛ یادداشت، ب٦، ل١٤-١٥.

نکەی ژین
www.zheen.org

وەك نوێنەری بەرهەڵستانی ناوچەی ڕەواندزو پشدەرو ڕانیە، بە یاوەریی فەتاحی شانەگەرو حەمید ناوی پیاوی شێخ ئەمین، چووە (وان)[١٥٧].

یەکەم حکوومەتی کاتیی عیراق ١٩٢٠/١٠/٢٥ بە سەرۆکایەتیی عەبدوڕڕەحمان ئەننەقیب دامەزرا، تا ١٩٢١/٨/٢٣ مایەوە[١٥٨]. ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو حکوومەتە ١٩٢٠/١١/١٠ بە ڕەزامەندیی کاربەدەستانی ئینگلیز، بڕیاری دا چەند کەسێکی دوورخراوە بۆ دوورگەی (هەنگام) بهێنرێتەوە بۆ عیراق[١٥٩]. ئەوە شێخی گەورەی نەگرتەوە.

ماڵو منداڵوخزمو دۆستو لایەنگرانی شێخ کە دوای شەڕی دەربەندی بازیان ئاوارەی دیوی کوردستانی ئێران بوون، چوونە سەقزو ورمێو ناو مەنگوڕ، پاشان نەهریو کۆنەشارو چاریەی کوردستانی تورکیا لای سمکۆ[١٦٠].

ئەوانە، کەمو‌زۆر و بەتایبەت ماڵو کەسوکاری شێخ، یەکەم نیوەی ساڵی ١٩٢١، دوای ئەوەی لێبوردنی حاکمی سیاسییان بۆ وەرگیرا، گەڕانەوە بۆ سلێمانی، ماڵو منالی شێخ ڕێی درا لە (داریکەلی) دابنیشێ[١٦١]؛ لەوانە شێخ قادری حەفید کە لە شاری سەقز گیراو تەسلیمی بەغدا کرایەوە،

---

157 بیروەریەکانی ئەحمەد تەقی، ل٢٦.

١٥٨ عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ط٥، ج١، بيروت، ١٩٧٨، ص٨.

١٥٩ هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

١٦٠ کەمال نوری مەعرووف، یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل٦٦-٧٧.

١٦١ هەمان سەرچاوە، ل٧٥.

ئەو مێژووە، بەپێی گێڕانەوەی ناو یادداشتەکە، بە مەزەندە دیاری کراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٤ی حوزەیرانی ١٩٢٠، گوایە لەگەڵ تۆفیق قادرو محەمەد فەتاحدا، ڕەوانەی بەسرە کرا بە نیازی ناردنە هیندستان[١٦٢]، مایسو حوزەیرانی ١٩٢١، هەر لە بەغدا بوو[١٦٣].

ئەو دەورانە، "سەید تەهای نەهری"ش یەکێکی تر بوو لەو سەرکردە کوردانە کە خرایە بەر قسەو هەڵسەنگاندن بۆ دانانی بە حوکمداری ناوچەی سلێمانیو ڕەواندز لەبری شێخی گەورە. بەڵام دواجار بە کەسێکی تواناو گونجاو بۆ ئەو مەبەستە نەزانرا[١٦٤].

١٩٢١/٢/١٢ کۆنفرانسێك، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئینگلیزو تورکانی کەمالی لە لەندەن بەسترا. کارەکانی سەری نەگرت، چونکە تورکەکان قایا نەبوون پەیمانی سیڤەر ببێتە بناغەی بابەتی دانوستانی نێوان هەردوولا[١٦٥].

١٢ی مارتی ١٩٢١یش کۆنگرەی قاهیرە سازدرا، کە دوانزە ڕۆژی خایاندو چل تا پەنجا دانیشتنی لەوپەڕی نهێنگریدا لە (ئوتێلی سەمیرئەمیس)ی قاهیرە بۆ کرا، لەبەر ئەوە کورد دوای ماوەیەکی درێژ ئەمجا ئاگاداری باسوخواسەکانی بوون سەبارەت بە پاشەڕۆژی کوردستان. بەڵام ئەزانرا کێشەی کورد یەکێك بوو لەو دوو گرنگترین

---

[١٦٢] پێشکەوتن، ل٧٨.

[١٦٣] هەمان سەرچاوە، ل٣٠٢.

[١٦٤] محمد رسول هاوار، سمکۆ (ئیسماعیل خانی شوکاك)و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، چاپخانەی ئاپێك-سوید، ١٩٩٦، ل٣٣٧-٣٣٨.

[165] يقظة الكرد، ص٣٦٥.

ژینکەی ژین www.zheen.org

مەسـەلانە کـە لـەبارەی عیراقـەوە خرانـە بەرچـاو[١٦٦]. چەرچـەڵی وەزیـری کۆڵۆنیـەکان‌و سـێر پیرسـی کۆکـسی مەنـدووبی سـامی‌و مێجـەر یـۆنگ‌و مێجەر نۆئێل‌و جەعفەر عەسکەری‌و جەنەڕاڵ هاڵدنی فەرماندەی گشتی‌ی هێزی بریتانیا لە میزۆپۆتامیاو ساسۆن حسقێل ئامادەی بوون.

دائیرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاداشتێکی دایە لیژنەی سیاسی کە ئەمەی تێدا هاتووە: ((بیروڕای بەهێزمان ئەوەیە، ناوچەکانی کوردی‌ی تەواو ڕەسـەن نابـێ بخرێنـە ناوئـەو دەوڵەتـە عەرەبییـە کـە لـە میزۆپۆتامیـا دائەمـەزرێنرێ، بـەڵکوو ئـەبێ حکوومـەتی خـاوەن شـکۆ ئەوەنـدەی بتوانـێ هـانی پرنـسیپی یەکگرتنی کورد بدات‌و چاودێری‌ی ناسنامەی نەتەوەیی بکات. درێژکراوەی ئەو ناوچەیە کە دەرفەت‌و توانایی بۆ حکوومەتی خاوەن شکۆ ئەڕەخسێنێ لەسەر ئەم سیاسەتە بەردەوام بێ، بە حوکمی ناچاری پشت بە مەرجەکانی یەکجارەکی بەلاداخستنێکی ئاشتییانەی کێشەکە لەگەڵ تورکیادا ئەبەستێ. ئەم ناوچەیە ڕووبەرەکەی بگاتە هەرچەندێك، ئەگەر جۆرە نیزامێکی کوردی‌ی ناوەنـدی هــەبێ، کــۆنترۆڵی حکوومــەتی خــاوەن شــکۆ ئاســان ئــەکات ڕاوێژکارێکی ئینگلیزی بخرێتە تەك" بە مەرجێك ئەو ڕاوێژکارە بەسترابێتەوە

---

[166] هەمان سەرچاوە، ل٢٣٦.
بەهەشـتی جـەرجیس فـەتحوڵلا لـە کتێبەکەیـدا (یقظـة الکـرد، ص٢٤١، ٢٤٢) ئامــاژەی بــەوە داوە کــە مێژوونووســانی عــەرەبی لــە وێنــەی عەبــدوڕڕەزاق حەسـەنی‌و فـازڵ حسێن‌و محەمـەد تـاهیر ئەلعومـەری‌و ڕۆژنامـەوانی‌ی عەرەبی‌ی عیراقـی سـەردەمەکەیش بـە مەبەسـتەوە هـەوڵیان داوە زانیاریـەکانی تایبـەت بـە کوردی ئەو کۆنگرەیە بشارنەوەو هیچی لەبارەوە نەدرکێنن.

بە مەندووبی سامی لە میزۆپۆتامیا، لە ڕێی ئەویشەوە پەیوەندیی بە حکوومەتی خاوەن شکۆوە ئەبێ[١٦٧])).

چەرچەڵ ئۆتۆنۆمییەکی تەواوی بۆ کوردستانی جنووبی پێ باشتر بوو، تا دەوڵەتێکی لەمپەر لەنێوان گوشاری تورکیا لە دەرەوەو هەر جووڵانەوەیەکی دژی بریتانیادا لە ناوەوە دروست بکات. هاوڕای نۆئێل و یۆنگیش بوو کە ئەو ڕۆژانە بە جەختکردنەوە وتوویانە: ((ئێمە نەك هەر پشتگیریی نەلکاندنی ناوچە تەواو کوردنشینەکان بە دەوڵەتی عەرەبیی میزۆپۆتامیاوە ئەکەین، بەڵکە پێویستە حکوومەتی خاوەن شکۆ تا پێی بکرێ برەو بە بنەماکانی یەکبوونی کوردو نەتەوایەتی بدات)). چەرچەڵ، لەم بارەیەوە وتوویە: حکوومەتی پاشەڕۆژی عیراق و سوپای عیراق: ((هیوا و ئاواتەکانی کورد فەرامۆش ئەکات و وەك کەمایەتی ئەیچەوسێنێتەوە ... ئەگەر کورد دەرفەتی بۆ نەڕەخسێ خۆی حوکمی خۆی بکات و بەو دەوڵەتە تازەیەوە لکێنرا، ئەوسا هەر میرێکی بنەماڵەی شەریفی مەککە، هەرچەندە دیموکراتی بێ و گیانی بێلایەنیی هەبێ، هەر کە خۆی لە جێ وڕێیەکی بەهێزدا بینییەوە، دوور نییە ببێتە ڕێگر لەبەردەم بەرژەوەندو ئاواتە نەتەوەییەکانی کورددا وەك کەمایەتییەکی ئیتنی. لەبەر ئەوە تاکە ڕێگەیەك بەرژەوەندی بریتانیای تێدا پارێزراو بێ، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی لەمپەرە لەنێوان تورکیا و عیراقدا[١٦٨].

---

[167] يقظة الكرد، ص٢٣٧.

[١٦٨] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە؛ دافيد كورن، رجلان أقحما الاكراد بالعراق: مناورات كوكس– ولسون/ ٣–٤، "الاتحاد"، العدد ٣٢٥، ١٩٩٩/٧/٢.

بنکەی ژین
www.zheen.org

کۆکس لە کۆبوونەوەی لیژنەکەدا ڕۆژی ٣/١٥ وتی: کورد زۆرینەی ناوچەکانی کەرکووك‌و سلێمانی‌و باکووری ویلایەتی مووسڵ، کە بەشێکی جیانەکراوەی عیراقە، پێك ئەهێنن. هێربەرت یۆنگ ڕەخنەی لێ گرت‌و پێشنیاری کرد دەستبەجێ‌و بەبێ دواخستن دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنرێ‌و بخرێتە سایەی چاودێری ڕاستەوخۆی مەندووبی سامییەوە، نەك بکرێتە پارچەیەکی عیراق یا ناو چوارچێوەی بەرپرسی‌ی حکوومەتەکەی کۆکس. نۆئێلیش پشتگیریی کرد.

لیژنە کۆبوونەوەی خۆی بە ڕەچاوکردنی ڕاسپاردەی یۆنگ کۆتایی پێ هێنا، بەوەی کە کوردستانی جنووبی نەخرێتە سەر عیراق. هەریەکە لە چەرچەڵ‌و نۆئێل‌و لۆرەنس کە زۆربە بوون، پشتیوانییان لەم پێشنیارە کرد، پێرسی کۆکس‌و گێرتروود بێڵیش دژی بوون. بەڵام زۆرینە لەسەر ئەوە پێك هاتن کە ئەم بڕیارە تا دوای سێ ساڵی تر کاری پێ نەکرێ، تا کورد نوێنەرایەتییەکی بۆ ساز ئەبێ، کە ڕەنگە حەز بە چوونەپاڵ عیراق بکات یا نەیکات[١٦٩].

کۆکس لە ١٩٢١/٥/٦دا یەکەم هەنگاوی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرە، ئەم بەیاننامەیە بوو وەك کارنامە بۆ ئەفسەرانی سیاسی لە مووسڵ‌و کەرکووك‌و سلێمانی‌و هەولێر:

((مەندووبی سامی شێلگیرانە‌و بەکردەوە ئەڕوانێتە ڕێوشوێنەکانی پێویستی بەڕێوەبردنی ناوچە کوردنشینەکان لە عیراق. ترس هەیە

www.zheen.org

---

169 یقظة الکرد، ص٢٣٨.

بلکێنرێ بە حکوومەتی بەغداوە، بۆیە هەندێکیان داوای سەربەخۆیی ئەکەن. هاوکات سەرانی ڕای گشتیی کورد هەست بە بایەخی زۆری پەیوەندییەکانی ئابووریو پیشەسازی ئەکەن کە بە عیراقیانەوە ئەبەستێ. لەم کاتەدا مەندووبی سامی پێویستیی بە زانیاری هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستەڕێی خواستەکانی کورد. ئەگەر بیانەوێ لە چوارچێوەی عیراقدا بمێننەوە، ئامادەیە پێشنیاری ئەم چارەسەرانەی لای خوارەوە بۆ حکوومەتی عیراق بکات:

١- ناوچە کوردنشینەکانی لیوای مووسڵو سایەی ئینتیدابی بریتانیا، لیوایەکی لاوەکی پێك دێنێ لە قەزاکانی زاخۆو ئاکرێو دهۆكو ئامێدیو ناوەندەکەی دهۆك ئەبێ؛ یاریدەدەرێکی موتەسەڕیفی ئینگلیز بە هاوکاریی چەند قایمقامێکی ئینگلیز بەڕێوەی ئەبات، وا کە کورد یا عەرەبی کوردیزان بخرێتە شوێنیانو کورد لێیان ڕازی بێ. ئەم لیوا لاوەکیە لە کاروبارەکانی داراییو قەزاییی خۆیدا ملکەچی حکوومەتی نیشتمانیی بەغدایە. پێبەپێ نوێنەرانی خۆیشی ئەنێرێ بۆ مەجلیسی دامەزراندن (المجلس التأسيسي). بەڵام بۆ مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە ئیدارەی گشتییەوە، ئەوە قایمقامەکان ئەچنەوە لای موتەسەڕیفە ئینگلیزەکەیان. دامەزراندنیش لە ئیدارەدا، مەندووبی سامی بە ڕاوێژپێکردنی حکوومەتی خۆجێیی ئەیگرێتە ئەستۆ.

٢- مەندووبی سامی ڕێوشوێن بۆ مەسەلەی بەشداریپێکردنی ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز لە بەڕێوەبردنی هەولێرو کۆیەو ڕەواندزدا دائەنێو ئەبێ پابەندی ڕەچاوکردنی ئارەزووی خەڵکەکەیان بن لە

www.zheen.org

دامەزراندنی فەرمانبەرانی حکوومەتدا. هەر کاتێ هەلومەرج ڕەخسا وردەکاریی ئەوەیش دائەڕێژرێ.

٣- سلێمانی وەك موتەسەڕیفیەتێك مامەڵەی لەگەڵدا ئەکرێ، موتەسەڕیفێك بەڕێوەی ئەبات و ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاریی ناوچەیی یاریدەی ئەدات. مەندووبی سامی ڕاوێژکارێکی ئینگلیزی بۆ دەست نیشان ئەکات و ئەیخاتە تەکی؛ تا ئەودەمەی وا ئەم موتەسەڕیفە دائەمەزرێنرێ، ئەفسەری سیاسی لە جێی ئەو ئەبێ. ئەم موتەسەڕیفەیش مەندووبی سامی تا چ ڕادەیەك بە پێویستی بزانێ، دوای ڕاوێژکردن بە خۆی و حکوومەتی بەغدا، دەسەڵاتی ئەداتێ. قایمقامەکانی حاڵی حازر ئەبێ ئینگلیز بن، بە مەرجێك کە کوردی لێوەشاوە پەیدا بوون بخرێنە شوێنیان)).ئەم بەیاننامەیە، بە بۆچوونی جەرجیس فەتحوڵڵا، سەرەتای لادان بوو لە بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرە[170].

بە گەیشتنی مەفرەزەیەکی تری تورك، بە فەرمانەدەیی یووزباشی مەحموود فازڵ، تەشکیلاتێکی مەجلیسی میللی لەمانە ڕێك خرا:

١-شێخ ڕەقیبی سوورچی- ڕەئیسی مەجلیس،
٢-ئەحمەد تەقی- جێگری ڕەئیس،
٣-باویل ئاغا و غەفوورخانی ناودەشت و سەعید بەگ و شێخ جواد "شێخ عەبدوڕڕەحمانی سەران" و ساڵح بەگ و شێخ کاکەمینی سەلان- ئەندامانی مەجلیس،
٤-ەگۆك "ئەحمەد بەگ"- قایمقامی ڕەواندز،

[170] هەمان سەرچاوە، ل٢٣٨-٢٤٠.

www.zheen.org

٥-نووری باویل ئاغا- ڕەئیسی جەندرمە،
٦-شەوکەت ئەفەندی- ڕەئیسی بەلەدییە،
٧-مستەفا ئەفەندیی ڕەواندزی- مودیرماڵ[١٧١].

شێخ مەحموود، بەپێی ڕاپۆرتێکی نۆئێل، مارتی ١٩٢١ لە دوورگەی (هەنگام)ی نزیکی تەنگەلانی هورموز بووە[١٧٢]. ڕەنگە سەرەتای ئەوساڵە، یا کۆتاییی ساڵی پێشوو لە (ئەندامان)ـەوە هێنرابێتە ئەوێ. مێجەر سۆنیش ڕۆژی ١٩٢١/٣/٥ سلێمانیی بە مۆڵەتی شەش مانگ بەجێهێشت. پێئەچێ ئەو ڕۆیشتنەی سۆن، لەبەر گۆڕانی بۆچوونی ئەو دواییەی بووبێ، کە لەگەڵ هی مەندووبی سامیدا جووت نەهاتوەتەوە، چونکە ئەوترێ: لە ١٩٢١ـەوە داوای لە بریتانیا کردووە دەوڵەتێکی کوردی لە سایەی خۆیدا دابمەزرێنێ. سۆن باوەڕی بە مافی چارەی خۆنووسینی کورد هەبوو، بۆیە کوردی کردە بەشداری ئیدارەی خۆجێییو فێری ئوسووڵی حوکمی ئەکردن[١٧٣].

کۆکس لە نامەیەکدا بۆ چەرچەڵ بۆی نووسی، ئەوەی لە دەقی ماددەی ٦٤ی پەیمانی سیڤەر هەڵهێنجاوە کە پێویستە درێژە بە بەڕێوەبردنی

---

[171] بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی، ل٣٤؛ یادداشت، ب٦، ل٢١-٢٢.
[١٧٢] م.ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، ل٤٦٤.
[١٧٣] يقظة الكرد، ص٢٢٨؛ أي، إم. هاملتون، طريق في كردستان، ترجمة جرجيس فتح الله، مطبعة دار الجاحظ- بغداد، ١٩٧٣، ١٥٦؛ دافيد كورن، هەمان سەرچاوە، /٣-٤، "الاتحاد"، العدد ٣٢٥، ١٩٩٩/٧/٢؛ دراسة تحليلية لمستقبل كردستان السياسي/١، "الاتحاد"، العدد ٤٣١، ٢٠٠١/٧/٢٧.

www.zheen.org

ناوچە کوردیەکان بدات. وەزارەتی کۆلۆنیەکانیشی ئاگادار کردەوە کە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ شارەزایانی کورددا کردووە؛ بە کۆی دەنگ بڕیار دراوە کە چاکترین چارەسەر هەموو بیروڕاکانی تێدا لەبەرچاو بگیرێ ئەوەیە کە کوردستان، لەبەر مەبەستی دارایی و بودجە، وەك بەشێکی لەجیابوونەوەنەهاتووی عیراق بمێنێتەوە. هەرچی مەسەلەی ئۆتۆنۆمیشە، ئەوە مەندووبی سامی ڕاستەوخۆ وەك ئۆتۆنۆمییەکی خۆجێیی لەڕێی چەند فەرمانبەرێکی کوردو ئینگلیزەوە سەرپەرشتیی بکات.

چەرچەڵ بە برووسکەی ژمارە ٢٠١ی ڕۆژی ٥/٢١ وەڵامی دایەوە: ((کە قاهیرەم بەجێهێشت بۆچوونێکی جیاوازم لەسەر بەرامبەر یەکتر ڕاگرتنی بیروڕاکانی تایبەت بە سیاسەتی کوردی لەلا دروست بوو. پێم وایە ئێوە ئەو بەشەی میزۆتامیا کە ئەبێ ڕاستەوخۆ بەڕێوە ببرێ، جا لە کۆتاییدا هەر چارەنووسێکی هەبێ، لەو بەشە جیائەکەنەوە کە دواجار ئەخرێتەپاڵ عیراق)). دیسان بە برووسکەی ڕۆژی ٥/٢٥ی خۆی بیری کۆکسی هێنایەوەو ڕایسپارد کەرکووك نەخاتە ناو عیراق. ڕایەکەی پێشووی جەخت کردەوە کە مێشکیی پڕکردبوو: ((دەوڵەتێکی کوردیی لەمپەر لەڕووی ئەتنییەوە لە خەڵکانی غەیرە عەرەب پێك بهێنرێ)). ئەمجا ڕێنوێنی و فەرمانەکانی خۆی دەرکرد بۆ دائیرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پێویستە پشت بەستوو بە بڕیاری کۆنگرەی قاهیرە مێجەر نۆئێل و شێخ مەحموود بگەڕێنرێنەوە بۆ کوردستان[١٧٤].

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[174] یقظة الکرد، ص٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٢.

ئیتر گۆڵد سمیث لە یەکی مارتەوە بوو بە حاکمی سیاسی[١٧٥].
مەندووبی سامی ڕۆژی ١٩٢١/٥/٣٠، بە فەرمانی شای بریتانیا، لێبوردنی گشتیی بۆ تاوانبارانی تا تشرینی١٩٢٠ دەرکرد، وا لە ٣٠ی مایسەوە بەربدرێن و بهێنرێنەوە[١٧٦]. دیسان شێخی نەمری نەگرتەوە.

هاوزەمان مەندووبی سامی بە حاکمی سیاسیی ئینگلیزی لە سلێمانی ڕاگەیاند کە ئەو ناوچەیە تا سێ ساڵی تر ناخرێتە ناو ئیدارەی عیراق، دوایی بیری خۆیان ئەنوێنن بۆ چوونە پاڵ حکوومەتی میللیی بەغدا یان نا[١٧٧].

٦/٩ چەرچەڵ هاتەوە سەر ئەوەی پێ دابگرێ و بڵێ: پێویستە سوود لە خزمەتەکانی نۆئێل وەربگیرێ کە پەیوەندییان بە شێخی دوورخراوەی هیندستانەوە هەیە، بۆیە ئەبێ لە ٤/١١ بەدواوە بەربدرێ. بەڵام کۆکس بەئەنقەست خاوەخاوی تێدا کرد و گوێی نەدایە بێزاریی چەرچەڵ کە دەرکی پێ کردبوو مەندووبی سامی لەڕادەبەدەر بەرهەڵستی هێنانەوەی ئەو دوو پیاوەیە. کۆکس دوای دوو مانگ ئەمجا لە ٦/٨دا وەڵامی داواو پرسیارەکانی چەرچەڵی دایەوە؛ چەند بەهانەو پاساوێکی بەکارهێنا تا قەناعەت بە دائیرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات کە پلانەکەی ڕاست و دروستە بۆ چارەسەری مەسەلەکانی ناوچەکە[١٧٨].

---

[١٧٥] پێشکەوتن، ل٢٢٥.
[١٧٦] تاريخ الوزارات العراقية، ج١، ص٣٨-٣٩؛ پێشکەوتن، ل٢٧٤.
[١٧٧] پێشکەوتن، ل٢٧٨.
[178] يقظة الكرد، ص٢٤٣.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەوڵەکانی کۆکس بەردەوام بوو. چەرچەڵیش هەر لەسەر بۆچوونی خۆی سوور بوو: ((ئەبێ حوکمی عەرەبی، بە دیاریکراوی تەنیا خاکی عەرەب بگرێتەوە)). بەڵام ئیتر کۆکس ئەیتوانی بڵێ زۆربەی کورد لە ٥/٦دا ڕاوێژی پێ کراوەو جیانەبوونەوەی هەڵبژاردووە، نابێ ئەو ئارەزوەیان فەرامۆش بکرێ. نەتەوەپەرستانی عەرەبیش وا ڕاهێنراون کە عیراق بە ویلایەتی مووسڵەوە دروست ئەکرێ؛ لەکاتێکدا نائومێدکردنیان ئەبێتە مایەی تەقینەوەیەکی توندی وەك ئەوەی ساڵی ١٩٢٠. ڕاپۆرتو نامەو برووسکەکان بەرودوا هاتن. بۆیە چەرچەڵ لە ١٩٢١/٦/٢٦دا کۆبوونەوەیەکی بە دائیرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، بە نوێنەرانی هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە. هەر کە مێجەر سۆنو ستیڤن لۆنگریکی یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لە لیوای کەرکووك چووە پاڵیان، زۆربەی ڕاپۆرتو پێشنیارەکانی کۆکس ڕەت کرانەوە، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی بڕیاری کۆنگرەی قاهیرە بوون. بەوپێیە، ڕێگەچارەی دووەم کە هاندانی ناوچەی کوردنشین بوو بۆ حوکمێکی سەربەخۆ، پەسند کرا، سۆنو نۆئێلیش قبووڵیان کرد. دائیرەی سیاسی لە وەڵامدا ئاماژەی بۆ ئەو جووتە کردووە: ((دائیرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێی وایە ڕاوێژکارانی کۆکس کەسی وەك سۆنو لۆنگریکیان تێدا نییە بتوانێ بە متمانە یا شارەزاییەکی لە وێنەی ئەواندا قسە بکات))[179].

فەیسەڵی کوڕی شەریف حسێن کە بۆ شای عیراق دەست نیشان کرابوو، ڕۆژی ١٩٢١/٦/٢٩ گەیشتە بەغدا. لەو دەنگدانە گشتییەدا کە لە

www.zheen.org

[179] هەمان سەرچاوە، ل٢٤٣-٢٤٤.

لیواکانی عیراقدا بۆی کرا بۆ باوەڕپێهێنانی وەك مەلیك، لیوای کەرکووك دژی فەیسەڵ دەنگی دا، سلێمانی بەشداریی تێدا نەکرد. هەولێرو مووسڵیش مەرجیان دەستەبەرکردنی مافی کەمەنەتەوەکان بوو بۆ دامەزراندنی ئەو ئیدارانە کە هاوپەیمانان لە پەیمانی سیڤەردا بەڵێنیان پێدابوون. فەیسەڵ ڕۆژی ١٩٢١/٨/٢٣ تاجی شاهانەی لەسەر نرا[١٨٠].

کە فەیسەڵ کرایە مەلیك، سەرنج درا دەوڵەتە تازەکە لە ٧٩٪ی شیعەی عەرەبو ١٨٪ی سوننەی عەرەبو ٣-٤٪ی شیعەی کوردو مەسیحی پێك دێ. بەڵام پێوەلکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دانیشتوانە کوردەکەیەوە، ئەو هاوکێشەیەی ئەگۆڕی بۆ ٤٥٪ سوننەو کەمایەتیەکانو ٥٥٪یش شیعە. ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر مانەوەی حوکمی لە چنگی چینی سوننەی حوکمداردا زامن ئەکرد[١٨١].

هەر ئەو سەروەختە، واتەواتی هێنانەوەی شێخ مەحموود بڵاوبووەوە. بەڵام حاکمی سیاسی لە سلێمانی، بەهۆی ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"ـەوە، ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوە، بە دەق ڕایگەیاند: ((هێشتا حکوومەت هیچ نییەتی نییە بهێڵێ شێخ مەحموود بێتەوە بۆ عیراق یا کوردستان))[١٨٢].

ڕۆژی ١٩٢١/٨/١، تاقمێکی بچووکی چەتەی تورك کە ١٢ کەس بوو، دوای چوونی ئەحمەد تەقیی نوێنەری بەرهەڵستانی ڕەواندز، بە تۆپێكو دوو مەترەلۆزو چەند تفەنگێکەوە، بە فەرماندەیی یووزباشی محێدین

---

[١٨٠] تاريخ الوزارات العراقية، ج١، ص٤٥، ٥٢، ٥٩.

[181] يقظة الكرد، ص٢٥٦.

[١٨٢] پێشکەوتن، ل٣٠٢.

بنكەی ژین
www.zheen.org

بەگ گەیشتە ڕەواندز. ئەوانە، دواتر بە هاوکاریی هێزی عەشایەری کورد، (حەریر)و (باتاس)یان گرت، شێخ ڕەقیبی سوورچی کرایە حاکمی حەریر[183]. ئیتر نەیارانی ئینگلیز ڕوویان کردە ناوچەی ڕەواندز. بەشێکی ئاغایانی پشدەریش بە سەرۆکایەتیی هەباسی مەحموود ئاغای ناحەزی ئینگلیز، لەگەڵ هاوبیرانی وەك شێخ ئەمینی سندۆڵان و ساڵح ئاغای ئەحمەد ئاغاو بایز ئاغای عەباس ئاغادا، بەهاری ۱۹۲۲ هاتنە ڕیزی جووڵانەوەکە، ئەحمەدی حەمەئاغای بێشێریان وەك نوێنەری خۆیان ناردە ڕەواندز. فارس ئاغای زێبار بۆ پیرۆزبایی سەرکەوتنی جووڵانەوەکە هاتە ڕەواندز. شێخ ئەحمەدی بارزان هات، ۲۰ بارزانیی بە فەرماندەیی شەریف ناوێك لەوێ هێشتەوە. میرانی ئەحمەد بەگی بێتواتەو ڕەشید بەگی کوڕیشی هاتنە ڕەواندزو لایەنگرییان نیشان دا. یەکەم کاری مەجلیسی میللیی ڕەواندز هێرش بۆ بردن و داگیرکردنی حەریرو باتاس بوو. دەسەڵاتیشی پەرەی سەند، تا ناوچەکانی ئاکرێ و ڕانیەو دەربەندی گرتەوە[184].

نامەگۆڕگێی نێوان کۆکس و چەرچەڵ لە پاشماوەی ساڵی ۱۹۲۱و سەرەتای ۱۹۲۲دا هەر لەو دوو خاڵە گرنگەی کۆڵییەوە. سۆن دژی ئەوە بوو کە کورد بە کەمایەتییەکی عیراقی دابنرێ؛ کۆتایی ئەو ساڵە بە ڕاشکاوی ڕای خۆی بەرامبەر بە سەپاندنی حوکمێکی عەرەبی بەسەر

[183] هەمان سەرچاوە، ل۳۱۳؛ بیرەوەرییەکانی ئەحمەد تەقی، ل۳۳، ۳۵؛ یادداشت، ب٦، ل۱۹–۲۰.

[184] یادداشت، ب٦، ل۱٥، ۲۲؛ بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی، ل۳٦.

www.zheen.org

سلێمانیدا دەربڕی، وا کە ئەبێ کاتیو ڕێخۆشکەر بێ بۆ خولقاندنی دەوڵەتێکی کوردی، بۆیە دەستی پێ لە کارەکەی کێشرایەوە. مەندووبی سامیو حکوومەتی عیراق ئامادە بوون دان بە ناسنامەی کوردیدا بنێن، بە مەرجێك لە چوارچێوەی عیراقدا بێ. کۆکس بڕیاری دا لە ١٩٢١/٥/٦دا پرسو ڕاوێژ بە کورد بکات، تا ئارەزووی دەستەو تاقمە کوردیەکان بە بەڵگە بهێنرێتەوە: ئاخۆ ئەیانەوێ لەناو قەڵەمڕەوی حکوومەتی عیراقدا بمێننەوە ؟! بەڵام ئەم ڕاپرسییە تەنیا بە هەڵبژاردەیەکی پیاوماقووڵانو ناودارانی ناوچەکەو ئاغاو سەرخێڵەکان کرا، ئەوانیش زۆریان ئەیانزانی سیاسەتی ئینگلیز بەرەو کوێ ئەچێ لە میزۆپۆتامیا، کەمیشیان هەستیان بە پێویستیی خۆسازدان ئەکرد بۆ بەربەرەکانیو بەگژداچوونەوەی ئەو سیاسەتە. ئەوانەی سلێمانی هەموو جۆرە لکاندنێکیان بە عیراقەوە ڕەت کردەوە، بەڵام ئەوان لەو هەڵوێستەیاندا تەنیا بوون[185].

زستانی ١٩٢١-١٩٢٢ مەحموود خانی دزڵی زنجیرەیەك هێرشی بردە سەر هەڵەبجە، نائارامیی خستە ناوچەکە[186]. کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند ١٩٢٢/٦/١٨ کاپتن بۆندی حاکمی سیاسیی چەمچەماڵو کاپتن ماکانتی فەرماندەی لیڤیو غەفووری خەجێی پیاوی بۆندی لەنزیکی دەربەندی بازیان کوشت[187]. سەید محەمەدی جەباری مودیر ناحیەی

---

[185] یقظة الکرد، ص٢٤٦، ٢٤٧.

[186] هەمان سەرچاوە، ل٢٤٧.

[187] کرد وترك وعرب، ص٢٢٣؛ یادداشت، ب٣، ل٢٦؛ بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی، ل٤٨-٤٩.

تکەی ژین
www.zheen.org

ناوچەکەی کوشت. ئیتر ئەوانە لەگەڵ فەقێ محەمەدی هەمەوەندو دووسەد سوارێکدا هەڵاتنە ڕەواندز[١٨٨]. خەڵاتی ١٠٠٠٠ ڕووپیە دانرا بۆ هەر کەسێك شوێنی کەریم بەگ دەست نیشان بکات[١٨٩].

کاتێ ئوزدەمیری ئەفسەرێکی بە ڕەچەڵەك چەرکەسی سوپای تورك ١٩٢٢/٧/٢٣ گەیشتە ڕەواندز[١٩٠]، جێی یوزباشی محێدین بەگی گرتەوە، بوو بە قوماندانی قووای عەسکەری و میللیی ڕەواندز، جووڵانەوەکە گوڕی تێکەوت؛ هێزەکانی هێرشیان کردە سەر (ناودەشت)، ١٩٢٢/٨/١٢ گرتیان. ٨/٣١یش (دەربەندی ڕانیە)یان لە هێزەکانی ئینگلیز پاك کردەوە، هەتا شاری (کۆیە)یشیان پێ چۆڵ کردن.[١٩١] تەنانەت چل سەربازی تورك و هێزێکی پشدەریان، بە فەرماندەیی ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەری، ناردە دێی (قەمچووغە)، بە نیازی گرتنی سلێمانی.

دەنگۆی هاتنی ئەو هێزەیش لەڕێی تورکخواکانەوە لەناو شاردا بڵاو بووەوە. هاوکات تەشکیلاتێکی ئیدارییان لە ڕانیەو پشدەر پێك هێنا، بەم شێوەیە:

---

[188] یادداشت، ب٦، ل٢٦؛ چیم دی، ب١، ل٨٤.

[189] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص٢٠٦ (لە ژمارە ٥٢٩ی ١٩٢٢/٦/٢٩ی "الموصل"ـەوە وەرگیراوە).

[١٩٠] یادداشت، ل٢٢٤؛ بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی، ل٤٦-٤٧.

[١٩١] کرد وترك وعرب، ص٢٢٩-٢٣٤؛ یادداشت، ب٦، ل٢٧-٢٨.

بۆ درێژەی ئەو شەڕانە، بڕوانە: بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی، ل٤٧-٥٢.

بایز ئاغای عەباس ئاغا- قایمقامی پشدەر،
قادر ئاغای مستەفا ئاغا- مودیری مەرگە،
شێخ ئەمینی سندۆڵان- قایمقامی ڕانیە،
غەفوورخان- مودیری ناودەشت،
ئەحمەد تەقی- موفەتیشی ئیداریی هەردوو قەزا،
یووزباشی فەوزی بەگ- قوماندانی عەسکەرو قووای میللیی ڕانیە،
ڕەمزی بەگ- بە هێزێکی عەسکەرو عەشایەرەوە پارێزگاریی دەربەندی پێ سپێردرا[١٩٢].

مەلیک فەیسەڵ، چوار حەفتە دوای تاج لەسەرنان، هانی مەندووبی سامیی دا نەهێڵێ ناوچە کوردیەکان وەك لە پەیمانی سیڤەردا هاتووە، لە مەملەکەتی عیراق دابڕێن[١٩٣].

سێر پێرسی کۆکسی مەندووبی سامی تشرینی یەکەمی ١٩٢١ ڕەزامەندیی چەرچەڵی وەزیری کۆلۆنیەکانی وەرگرت بۆ لکاندنی ناوچە کوردنشینەکان بە عیراقەوە؛ وا کە ئۆتۆنۆمییەکی ناوچەییان هەبێ و هاوبەشیی ئەنجومەنە گشتیەکەی بکەن؛ ئەگەر حەزیشیان نەکرد، نەخرێنە ژێر دەستی عەرەب. ئیتر لەوکاتەوە مەسەلەی کورد، لانی کەم هێندەی پەیوەندیی بە سیاسەتی بریتانیاوە هەبوو، کۆتاییی هات[١٩٤].

---

[192] بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی، ل٥٢-٥٣.
[193] یقظة الکرد، ص٢٦١.
[١٩٤] داڤید کورن، هەمان سەرچاوە/ دوا ئەڵقە، "الاتحاد"، ژ٣٢٦، ٩/٧/١٩٩٩، ل١٥.

نکەی ژین
www.zheen.org

ئەنجومەنی تایبەتی لیوای سلێمانی، ڕۆژی ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١، هەڵبژێردرایەوە، لەمانە: حاجی سەعید ئاغاو حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغاو جەمال عیرفان و حاجی برایم ئاغای خەفاف و چوار کەسی قەزاکان– ئەمین ئاغای ڕەشید ئاغای هەمەوەندو حەمەساڵح بەگی حەمەعەلی بەگو حامید بەگی مەجید بەگی وەسمان پاشاو هەمزە ئاغای ئەولا ئاغاو چواریش لە مەئمووران– ئەحمەد موختاری قازیو سدیق مەزهەرو ساڵح پاشاو کاپتن هۆڵتی یاریدەدەری حاکمی سیاسی[١٩٥].

ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی پاشایەتیی عیراق لە ١٩٢١/١٢/٢٧دا بڕیاری دا زمانی عەرەبی، لەبری ئینگلیزی، لە سەری ساڵی دارایی داهاتووەوە (نیسانی ١٩٢٢) ببێتە زمانی ڕەسمی لە هەموو وڵاتدا. هەر ئەو ئەنجومەنە، ساڵی دوایی و لە ١٩٢٢/٧/٢دا بڕیاری لەسەر یاسای (الجمعیات)[١٩٦] دا، کە کورد بەپێی پێنجەم خاڵی چوارەم ماددەی یاساکە، مافی ئەوەی لێ سەنرایەوە کۆمەڵەو حیزبی سیاسیی کوردیی ڕێپێدراو دابمەزرێنێ؛ پێبەپێ دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار ی سیاسیی کوردیی ئاشکرایشی لێ قەدەغەکرا. ئەو بڕیارە بە درێژاییی حوکمی پاشایەتی کاری پێ کرا.

---

[١٩٥] پێشکەوتن، ل٣٥٣–٣٥٤؛ یادداشت، ب٣، ل٢٠–٢٢.

[١٩٦] تاریخ الوزارات العراقیة، ج١، ص١١٣؛ الحکومة العراقیة/ وزارة العدلیة، مجموعة البیانات و النظامات العدلیة ما صدر بین ١٩٢٠/١٠/١– ١٩٢٢/١٢/٣١ من قوانین، مطبعة العراق– بغداد، بلا، ص٢٣٢، ٢٣٣.

www.zheen.org

شێخ فەرەجی بانی بنۆك، ئایاری ١٩٢٢ بە خزمو عەشیرەتەوە ڕێی سلێمانی- هەڵەبجەی بەست. هێزێکی لیڤی، بە فەرماندەیی جەنراڵ نایتینگێڵ پەلاماری دێی (بانی بنۆك)ی داو سووتاندی. حەمەی سان ئەحمەدیش لە ناوچەی شەمێران هەستا، ئەوناوەی لە حکوومەت پاك کردەوە[197]. ڕەفعەت بەگی ئیسماعیل بەگی داودە لە ناوچەی داقووق لە ئینگلیز یاخی بوو، هەتا لای توزخورماتووی خستە بەر شالاوی تێکدانو پشێوی. کۆتایی ئایار هۆزەکانی جەباری لە ناوچەی کەرکووك چەکیان هەڵگرتو لە ئینگلیز ڕاست بوونەوە[198].

هەمان ساڵ، "ئەحمەد بەگی ڕیشێن"ی بەگزادەیەکی جاف، کە لەبەر پەیوەندیی بە مەحموود خانی دزڵی‌یەوە بە هاندانی بەگزادەکانی هەڵەبجە گیرابوو، لە سلێمانی خرابوە بە چاودێری، هەڵاتو چووە لای "جافر سوڵتان"ی سەرۆکی هەورامان. کاتی هەڵاتن، شەڕێکی مەردانەی لەگەڵ هێزی ئینگلیزدا کرد. ڤیتزگیبۆنی فەرماندەی هێزەکەو ١١ لیڤیی تر لەو شەڕەدا کوژران. لە (هەورامان)یش فڕۆکەی نێردرایە سەرو لێی خرایە خوارەوە[199].

ساڵی ١٩٢٢ بەشێکی مونەووەرانی سلێمانی پێیان وابوو هەلومەرجی شۆڕش لە کوردستانی ئێران لەبارترە، بۆیە بڕیاریان دا بچنە پاڵ

---

[197] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص٢٠٥ (لە ژمارە ٥٢٧ی ١٩٢٢/٦/٢٢ی ڕۆژنامەی "الموصل"ـەوە وەرگیراوە) ؛ چیم دی، ب١، ل٧٩-٨٠، ٨٢.

[198] هەمان سەرچاوە، ل٢٢٣.

[199] یادداشت، ب٥، ل٦٧.

www.zheen.org

جووڵانەوەکەی سمکۆ، تا هێزو گوڕێکی پێببەخشنو نەخشیان لە ڕێنوێنیو پێش خستنیدا هەبێ؛ لەوانە، سدیق شاوەیسو ڕەشید جەودەتو عارف صائیبو فایەقی ئیسماعیل بەگو ماجد مستەفاو فوئاد مەستی، ڕوویانکردە ئەودیو. هەر کە گەیشتنە بۆکان، بیستیان وەزیری جەنگی ئێران ڕایگەیاندووە کە جووڵانەوەکەی سمکۆ شکێنراوە. لەبەرئەوە ناچار گەڕانەوە، لە دێی (چنگیان) بیستیان ئینگلیز سلێمانیی بەجێهێشتووە، شێخ قادر بووەتە دەسەڵاتداری شار، ئیتر هاتنەوە[٢٠٠].

ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی داواکارانی هێنانەوەی شێخ زیاد ئەبوو. ڕای گشتیی بریتانیایش تەنگی بە حکوومەت هەڵئەچنی، داوای گێڕانەوەی سەربازانی ئینگلیز بۆ وڵاتی خۆیانو کەمکردنەوەی خەرجیی عەسکەریی ئەکرد؛ ڕازی نەئەبوو خەرجیی زیاتر بسەپێنرێ. هاوکات خەزێنەی بریتانیا تووشی کورتهێنان بووبوو[٢٠١]. لەبەرئەوەی کەس نەبوو بخرێتە شوێنی شێخ مەحموود، گوڵد سمیث ناچار بوو ڕاسپێرێ شێخ بە هەمان پلەوپایەی پێشوویەوە بهێننەوە[٢٠٢]. ئەوە بوو ١٩٢٢/١/٢٧ لەگەڵ شێخ محەمەد غەریبدا گوێزرایەوە بۆ کوێت. ڕۆژی ٩/١٣ی ئەو ساڵەیش لەوێوە هێنرایەوە بۆ بەغدا[٢٠٣].

---

[٢٠٠] احمد خواجه، چیم دی، ب١، چاپخانەی شفیق– بغداد، ١٩٦٨، ل٦٤؛ ك، صفحات من الماضي يرويها الاستاذ فؤاد مستي، "التآخي" (جريدة)، بغداد، العدد ١٥٨٢، ٢١ كانون الثاني ١٩٧٤.

[201] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص٢٠٧، ٢١١.

[٢٠٢] كرد وترك وعرب، ص١١٤.

[٢٠٣] م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٢٧٤، ٢٧٥.

شێخ، بە بۆچوونی دانا ئادەم شمیدت، ئەبوو لەبەر بەرژەوەندی بریتانیا بهێنرێتەوە. تورکەکان هێزی ئینگلیزیان لەوناوەدا پەرێشان کردبوو. بەکارهێنانی شێخ بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسیانە، ئەبوە هۆی جۆشدانی هەستی نیشتمانیی کورد بۆ زیاتر بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی تورك. ئەوسا ئینگلیز پێی ئەکرا ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٩، کە بەشێکی زۆری کوردی تێدا هاوسۆزی شێخی شۆڕشگێڕی دیل بوو، بە قازانجی خۆی بخاتە کارو شێخ بکاتەوە بە حوکمدار. بەوپێیە شێخ ئەبوە ڕەمزی یەکخستنی هەستی نیشتمانی، بەڵام ئەمجارە بە پشتیوانیو دەستخۆشیی بریتانیا[٢٠٤].

هێنانەوەی شێخو کردنی بە حوکمداری سلێمانیو دەوروبەری، جەرجیس فەتحوڵڵا وتەنی، پاداشتێکی ئایەخو هیچ بوو. شێخ لەوە بێئاگا نەبوو کە بە ناچاریو لەبەر کارێکی گرنگ هێنراوەتەوە. جا ئەگەر بۆ ئەوە بووبێ کە ملیان بۆ داوای خەڵکەکە شۆڕ کردبێ، یا بەڕادەیەك بێهێزو بێسەرەودەرە بووبن نەیانتوانیبێ بەبێ ئەو کۆنتڕۆڵی کوردستان بکەن، بەڵام هێنانەوەکەی بەڕوونی سەلماندی کە ئەویان بە گرنگترین شەخسیەتی باشووری کوردستان زانیوە[٢٠٥].

---

هاوار لە کتێبی (تاریخ الکویت السیاسی)ی "حسین خلف الشیخ خزعل"ی وەرگرتووە کە شێخ لە هیندستانەوە هێنرایە کوێت، پشت بەستوو بە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢١ی نۆئێل کە وتوویە شێخ ئەوکاتە لە دوورگەی هەنجام بووە، ڕاستتر وایە لەو دوورگەیەوە هێنرابێتە کوێت.

[204] عبدالرحمن إدریس صالح البیاتی، المصدر نفسه، ص٢١٩.

[205] یقظة الکرد، ص٢٥٨.

حکوومـەتی تورکیـا لـە ١٩٢٢/٣/٧دا بڕیـاری دا "ڕەمـزی بـەگ" بـە قایمقامی ڕەواندز دابنرێ" کۆتاییی ئایار کە گەیشتەجێ، بە هەڕەشەو گفـتو بـەڵێنو دەم چـەورکردنو مـەرایی کەوتـە چـالاکی کـردن لـەناو هۆزەکاندا، بە هەڵبەستنی هەواڵی نزیکبوونەوەی هێزێکی گەورەی تورکی بۆ دەرهێنانی سلێمانیو کەرکووكو هەولێر لە چنگی ئینگلیز[٢٠٦].

سۆن لـە وتارێکدا نووسیویە: سـەرکەوتنی تـورك لـە ناوچـەی ڕانیـە، بـەهۆی ئـەو سیاسـەتە چـەوتەوە بـوو کـە کاربەدەسـتانی بریتانیـا لـە کوردسـتان پێـڕەوی کـرد. سـەرباری ئـەوە، شـکانی سمکـۆ لـە ئێـرانو بڵاوەپێکردنی لایەنگرەکانی، زۆرینەیانی ناچار کرد بچنە پاڵ تورك، کە دەمودەست بەکاری هێنان. زۆری هێزەکەی ئووزدەمیر لە کوردانی سەر بە سمکۆ بوون[٢٠٧].

تۆفیـق وەهبـی لەوماوەیـەدا پێـی وابـوو پێویـستە کـورد ڕازی بکـرێ، بەوەی کە ڕێـی بدرێ حوکمدارێك بۆ سلێمانی هەڵبـژێرێ. ئـەوە بـوو لـە حوزەیرانی ١٩٢٢دا پێشنیاری کرد بە هەڵبژاردن حوکمدارێك بۆ ناوچەی سلێمانی دیاری بکرێو ئیدارەیـەکی کوردی بـە چاودێری ئینگلیـز ڕێك بخـرێ، بایــەخ بــە خوێنــدەواریو ڕۆشــنبیری بــدات. کاربەدەســتانی ئینگلیزیـشی لـەوە ئاگـادار کـردووەوە کـە دانیـشتوانی ناوچـەکە داوای هێنانـەوەی شێخ ئەکـەن[٢٠٨]. تەنانـەت بۆ ئـەم مەبەسـتە لەگـەڵ مـس بێڵـدا

---

[206] هەمان سەرچاوە، ل٢٤٨.

[207] هەمان سەرچاوە، ل٢٥٠.

[208] م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ٢٧١-٢٧٢.

نكەی ژین
www.zheen.org

سـەفەرێکی نهێنیـی بـۆ سـلێمانی کـرد، بـەڵام ئـەنجامێکی بەرچـاوی لێ نەکەوتەوە[209].

سلێمانی لەوڕۆژانەدا ئەکولا. لایەنگرانی شێخ شایی و ئاهەنگیان تێك ئـەداو پـەلاماری ئەوانـەیان ئـەدا کـە ئـامێری مۆسـیقایان بـەکار ئـەهێنا؛ هێنـدی مـاڵو خانیـان تـاڵان ئـەکرد، بـە بیـانووی هاوکـاری‌ی خاوەنەکانیانەوە لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزدا[210].

کۆبونەوەیـەکی فـراوان لـە پاشـنیوەڕۆی هـەینی‌ی ۱۹۲۲/۷/۲۱دا، بـە داوای مستەفا پاشا یامولکی و مۆڵەت و یارمەتی‌ی حکوومـەتی سیاسـی‌ی سلێمانی و بڕیاری هەندێ گەورەپیاوو مونەووەری شار، بە ئامادەبوونی زانایـان و پـیران و پیاومـاقوولان و مونـەووەران و کاسـبکاران، لـە مزگـەوتی حـاجی سـەید حەسـەنی مـوفتی سـاز کـرا. بڕیـار لەسـەر دامەزرانـدنی کۆمەڵەیـەکی سیاسـی بـە نـاوی (جەمعییـەتی کوردسـتان)ـەوەو بـە سەرۆکایەتی‌ی مستەفا پاشا یامولکی درا.

ئەم سیانزە کەسە بۆ ئەندامێتی‌ی دەستەی بەڕێوەبردنی هەڵبژێردران: ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ و ساڵح ئەفەندی‌ی قەپتانچی و فایـەق بـەگی مـەعرووف بـەگ و حـاجی ئاغـا فـەتحوڵڵاو عیـززەت بـەگی وەسمـان پاشـاو ئەدهـەم ئەفەنـدی‌ی یووزباشـی و ئەحمـەد بەهجـەت ئەفەندی‌ی یووزباشی و شێخ محەمـەدی گولانی و شێخ عـەلی‌ی سـەرکارو عـەلی بـاپیر ئاغـاو عەبـدوڵلای محەمـەد ئەفەنـدی و شـوکری‌ی عەلەکـە.

[209] بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی، ل٣٦.

[210] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص٢٢٤.

www.zheen.org

ڕۆژنامـــەی حەفتانـــەی "بـــانگی کوردســـتان" کرایـــە زمـــانی حـــاڵی جەمعییەتەکـــە، مـــستەفا پاشـــا ئیمتیازەکـــەی وەرگـــرت و مـــودیری مەسئوولیـشی بـوو. عـەلی کـەمال بـاپیرو شـێخ نـووریی شـێخ سـاڵح موحەڕریری کوردی و فارسی، ڕەفیق حیلمی موحەڕریری تورکیی بوو[٢١١].

یەکەم ژمارەی کە لێی نێردرایە کوەیت بۆ شێخ مەحموود و ئەویش دووسەد ڕووپیەی بە تەلگراف بۆ ئیدارەخانەی نارد[٢١٢]، ٢ی ئابی ١٩٢٢ دەرچـوو، لەکاتێکـدا "پێـشکەوتن" هـەر بەوهۆیـەوە، پێـشترو لـە ژمـارە (١١٨)ی ڕۆژی ٢٧ی تەمووزی ١٩٢٢دا ڕاگیرا.

ئابی ١٩٢٢ هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی لیوای سلێمانی کرایەوە. ڕۆژی ١٩٢٢/٨/٢٣ (منتخب ثانی) لەلایەن (منتخب أول)ـەکانەوە هەڵبـژێردرا. دواتر دوو ئەندامی تریشی بۆ دەستنیشان کرا[٢١٣].

٢٣ی ئـابی ١٩٢٢ هێزەکـانی ئینگلیـز هێرشـیان بـردە سـەر ناوچـەی ڕانیـە. هێـزی کوردی سـەر بـە جووڵانـەوەی ڕەوانـدز لـە دەربەنـدی ڕانیـە بەرەنگاریان بووەوە، شکاندنی و ڕاوەدووی نان[٢١٤].

شـێخ قـادری حەفیـد ئـابی ١٩٢٢ ڕێـی درا لەبەغـداوە بێتـەوە بـۆ سـلێمانی[٢١٥]. دووەم نیوەی ئەو مانگـە هاتـە دێی (داریکـەلی)، سـەرەتای ئەیلوولیش گەیشتە سلێمانی[٢١٦].

---

[٢١١] بانگی کوردستان، ژ١، ٢ آغستوس ١٩٢٢، ل١-٢، ٣.

[212] هەمان سەرچاوە، ژ٧، ٢٢ أیلول ١٩٢٢، ل٣.

[٢١٣] هەمان سەرچاوە، ژ٣، ٢١ آغستوس ١٩٢٢، ل٥، ٦.

[214] یادداشت، ب٤، ل١٢١.

www.zheen.org

### ٢. ٢. ٢. دەورانی مەجلیسی میللیی کوردستان:

١٩٢٢/٩/٤ شەش فرۆکە لە دەشتی تەیارەخانەکە نیشتەوە[٢١٧]. گوڵد سمیثی حاکمی سیاسی، بەیانیی ١٩٢٢/٩/٥ زوو، شێخ قادری لەگەڵ مستەفا پاشاو حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغاو عەبدولفەتاح چەلەبیو مەجید ئەفەندیی حاجی ڕەسووڵ ئاغا (کانێسکان)ی ئەندامانی مەجلیسی لیواداو ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگیش لە ئەشراف، بانگ کردە کەناری شار (شوێنی تەیارەکان)، کۆبوونەوەی پێکردن. بڕیاری کشانەوەی هەموو مەئموورانی ئینگلیزی لە شار پێڕاگەیاندن" مەجلیسێکی لیوای بە سەرۆکایەتیی شێخ قادر لێ پێك هێنان، هەموو خەزێنەو عەسکەرو پۆلیسو چەکو جبەخانەو ئازووخەو فەرماندەییی ٢٠٠ سەربازی کوردی پێ سپاردن. خەزێنە، بەقسەی سۆن، ١٤٥ هەزار ڕووپیەی تێدا بوو. ئەوانە هەر هەووەڵ جار، داوای هێنانەوەی شێخ مەحموودیان لێ کرد. دانانی شێخ قادر خۆی لە خۆیدا ڕێخۆشکردن بوو بۆ هێنانەوەی شێخ مەحموود.

مەئموورانی ئینگلیز سەرجەم بە فرۆکە برانە کەرکووك. نۆئێل ئەوکاتە حاکمی سیاسیی هەڵەبجەو ناوچەکانی جاف بوو. ئەو مەجلیسە، هاتەوە بۆ ناو شار، لە دائیرەی حکوومەتدا کۆبووەوە بۆ ڕێککەوتن لەسەر

---

[٢١٥] کرد وترك وعرب، ص٢٦٣.

[٢١٦] بانگی کوردستان، ژ٣، ل٥و، ژ٥، ٤ أيلول ١٩٢٢، ل٦.

[217] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص٢٢٦. لە ژمارە ٢١٩٦ی ١٩٢٢/٩/٢١ی ڕۆژنامەی "البشير"ی بەیرووت وەرگیراوە.

ژینەی ژین
www.zheen.org

پاراستنی ئاسایش. چەند گەورەپیاوێکی تریش بانگ کران، هەموان نامەیەکی دڵنیایی‌یان ئیمزا کرد کە کەس دوای مەبەستی شەخسی نەکەوێ‌و هەوڵ بۆ قازانجی نیشتمان‌و میللەت بدرێ[٢١٨].

لیژنەیەکی دوانزە کەسی بۆ پاراستنی ئاسایش پێک هێنرا، سەرپەرشتی‌ی ئەو کارەیش بە یوونس عەبدولقادر (ماهی)ی فەرماندەیەکی پێشووی سوپای لیڤی سپێردرا کە سەربازەکانی خۆی بەسەر شاردا دابەش کردو شەوو ڕۆژ کەوتنە کار. یوونس پەیوەندی‌ی بەردەوامی، لەڕێگەی پۆستەخانەوە، بە ئەدمۆندزەوە هەبوو لە کەرکووک. هەتا پێنج چەکداری جووڵانەوەی ڕەواندز لەپڕدا گرتیان‌و بردیانە ڕانیە[٢١٩].

ڕۆژی ٩/٦، کەریم بەگی فەتاح بەگ‌و محەمەدئەمین ئاغای فەقێ قادرو فەقێ محەمەدی حاجی سەرۆکی ڕەشەوەندو کوڕانی کاک عەبدوڵڵا عەزیز خالیدو ئەتباعیان، هاتنە ناو سلێمانی. پێشتر شێخ عەبدولقادری گوللەنەبڕی حاکمی سەنگاوو شێخ مستەفای کوڕی‌و پیاوەکانیان، هاتبوونە ناو شارو سەرقاڵی پاراستنی هێمنی‌و ئاسایش بوون.

---

[٢١٨] هەمان سەرچاوە، ژ٦، ل١-٢؛ یقظة الکرد، ص٢٥١، ٢٥٣.

[٢١٩] هەڵۆ، ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی هەندێک لە باسەکانی چیم دی، "بەیان" (گۆڤار)، بەغدا، ژ٥، کانوونی دووەمی ١٩٧١.

جێی باسە ئەو "هەڵۆ" ناوە، وەک خاتوو خەرامانی فوئاد مەستی‌و کاک مستەفا سالح کەریم بەدڵنیایی‌یەوە جەختیان کردەوە، خوالێخۆشبوو فوئاد مەستی‌یە.

٩/٧، دوای تەواوبوونی نوێژی جومعە، گەورەپیاوان و مونەووەران، بە فەرمانی شێخ قادر، لە دەرو ژووری دائیرەی سیاسی کۆبوونەوە بۆ بڕیاردان لەم سێ خاڵە:

١- پێکهێنانی حکوومەت بۆ کوردستان،
٢- قوبووڵو پێشوازیی عەسکەری تورك،
٣- هەڵوێست بەرامبەر بە حکوومەتی ئینگلیز.

کۆڕەکە بەگشتی لایەنگری دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان بوو؛ هەتا مستەفا پاشایشی لەلایەن کەریم بەگی هەمەوەندو چەکدارەکانیەوە تێدا گیرا، بە هەوڵی سەران و مونەووەران بەردرا، بارودۆخەکە ئارام و ئاسایی کرایەوە[٢٢٠].

ڕۆژی ٩/٨ شێخ قادری حەفید، سەید ئەحمەدی هەنجیرەی بە ئوتومبیل نارده کەرکووك بۆ پەیجۆری هەواڵی شێخ مەحموود. ٩/١٠ سەید محەمەدی جەباریو پیاوانی لە چەمچەماڵەوە، محەمەد ئاغای عەلی ئاغای پشدەر لە قەڵادزێوە، هاتنە سلێمانی. ٩/١١ بەگزادەکانی هەمەوەند چوونەوە بۆ چەمچەماڵو سووریداش. ٩/١٢ سەید ئەحمەدی هەنجیرە لە کەرکووکەوە هاتەوە، هەواڵی لە (کوێت)ەوە جووڵانی شێخی بەرەو بەغدا هێنایەوە. ئەو ماوەیە، هەڵگرتنی هەموو جۆرە چەکێك لەناو شاردا، بە فەرمانی سەرۆکی مەجلیسی میللی، قەدەغەکرا. وەزیفە درایە ساداتی بەرزنجە کە هاتبوونە لای شێخ قادر. شێخانی تیمارو شێخ ئەوڕەحمانی

www.zheen.org

[٢٢٠] بانگی کوردستان، ژ٦، ١٨ أیلول ١٩٢٢، ل١-٤.

داراغا بۆ پاراستنی کاروان‌و ڕێگەی بەغدا ڕاسپێردران، بە چاکی بەجێیان هێنا.

شێخ عەبدولقادری سەنگاوو شێخ مستەفای کوڕی، شەوانە بە سوارەکانیانەوە ئاسایشی شاریان ئەپاراست. شێخ عەبدوڕڕەحمانی داراغاو شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریمیش دەوریان لە پارێزگاریی ئاسایشی ناوەوەو دەوروبەری شاردا بینی. شێخ قادر ڕۆژی ٩/٦ عەبدوڵڵا ئاغای بڕواپێکراوی خۆی نارده لای سووڕداش‌و دووکان، بۆ ساغکردنەوەی دەنگۆی هاتنی عەسکەری تورک" ٩/١٢ هاتەوە، هەواڵەکەی بەدرۆخستەوە.

"بانگی کوردستان" لە (ئیعلانی ڕەسمی)یەکدا ڕای گەیاند: ((مەعلوومتان بێ کوردستان ڕۆژی لێ بوەوە حکوومەتی بریتانیا لە مەمالیکی خۆیا ئیعلانی کردووە بە قەراری ئەوروپا ئیدارەی موستەقیللەی کوردستان تەودیع بە جەنابی شێخ مەحموودیان کردووەو بە نیابەت جەنابی شێخ قادر ئەفەندیی تەعیین کردووەو بۆ تەحکیمی حودوود کە کفری‌و کەرکووک‌و هەولێرە تەشەبوث کراوە. بۆ ئەمە هەموو کوردێ لازمە شادو ئیعلانی ئازادی بکا))[٢٢١].

غەزەتەی "نەجمە"ی کەرکووک‌و غەزەتەی "بەغداد"، ئەو ڕۆژانە چۆڵکردنی سلێمانی‌یان لەلایەن ئینگلیزەوە، بە نیشانەی سەربەخۆیی‌ی کوردستان لێك دایەوە. لەو ماوەیەدا، کۆبوونەوەیەکی گەورە لە ماڵی شێخ قادری سەرۆکی مەجلیسی میللیدا کرا، بڕیاری تێدا درا کۆنگرەیەکی

www.zheen.org

[221] هەمان سەرچاوە، ژ٦، ل٦.

گشتی له مزگەوتی گەوره ساز بکرێو ئالای میللی‌ی کورد به ئاشکرا بەرز بکرێتەوه. ۹/۱٥ دوای نوێژی جومعە، عەسکەرو شاگردانی مەکتەبو پیاوماقوولانو ئەهالیو سەرانی عەشایەر که ۱۰ هەزار کەسێك ئەبوون لە حەوشەی مزگەوتی گەوره کۆبوونەوه، قوتابیانی ڕیزبەستووی کوڕو کچ پێکەوه گۆرانیو سروودی میللییان بە ئاوازێکی شیرین وت. ڕەفیق حیلمی وتارێکی درێژی پڕخرۆشی لەبەر دا. بەیداغی میللی‌ی کوردستان بەرزکرایەوه، لەسەر دائیرەکانی حکوومەتو قشڵەی عەسکەریش هەڵکرا. دەستڕێژی تفەنگ کراو تۆپی خۆشی تەقێنرا. ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ کە شێخ قادر ڕەوانەی لای سەرانی پشدەری کردبوو، ۹/۱٥ گەڕایەوه[٢٢٢].

شێخ قادر نیشانێکی مانگی یەکشەوەو ئەستێرەی لە زێڕ دروست کرد، (فیدای میللییەت)ی لێ هەڵکەنراو گرتی بە بازووی خۆیدا[٢٢٣].

ئینگلیز نائومێد بوو لەوەی کە بتوانێ بە داهاتو ئیمکانیەتی تایبەتی خۆی تورك دەرپەڕێنێ لە ڕەواندزو پشدەرو ڕانیە بۆ ئەودیوی سنوور. بۆیە هاتە سەر ئەوەی کە شێخ مەحموود بەکاربهێنێ. بڕیاردرا شێخ بێتەوه، داوا لە تورکەکان بکات ئەوناوه چۆڵ بکەن یا خۆیان بەجێ بهێڵن؛ گفتیشی بدرێتێ کەرکووك‌و هەولێر تا ئاکرێو ناوچە کوردنشینەکانی ویلایەتی مووسڵی بخەنە ژێر دەست[٢٢٤].

ژنی
www.zheen.org

[٢٢٢] هەمان سەرچاوه، ژ۷، ۲۲ أیلول ۱۹۲۲، ل۱-۲؛ یادداشت، ب٥، ل۹٥.

[223] هەمان سەرچاوه، ژ۸، ل۲.

[٢٢٤] کرد وترك وعرب، ص٢٣٤، ٢٧٤؛ یادداشت، بەشی دووەم /ب٦، ل٧١.

ئیدارەی ئینگلیز ئەم پاساوە ڕەسمییەی بۆ لێبوردن لە شێخ و ئاسانکردنی گێڕانەوەی هێنایەوە: ((پاداشتێکی شەخسییە بۆ ئەو هەڵوێستە کە بنەماڵەکەی لە پشێویەکاندا نواندی و هیچ بەشدارییەکی تێدا نەکردن)). هێنانەوەی شێخ و پشت پێ بەستنی، لەبەر پلەوپایە دینیەکەی نەبوو، بەڵکوو نوێنەرایەتی هێزێکی نەتەوەیی بوێرو کارای ئەکرد لە شارو دێدا، هەروەها ئەکرا بەکار بهێنرێ بۆ پڕوپاگەندەی دژی تورک[٢٢٥].

مێجەر گۆڵد سمیث ٩/١٣ بە نامەیەك بۆ شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەمی نووسیبوو کە شێخ مەحموودو شێخ محەمەد غەریب ئەمڕۆ ئەگەنە بەغدا، لە یەکەم هەلدا ڕووئەکەنە کفری.

ڕەفیق حیلمی، وا چاوەڕوانیی خەڵکی نواندووە: (( لە هەموولایەکی کوردستانەوە پۆل‌پۆل و دەستەدەستە ئەهالی و عەشایەر- بە پێیان و بە سواری- ڕێیان گرتوەبەر. ڕووەو بەغدا ئەچوون و تا دەوری کفری و هەندێکیشیان تا نزیك بەغدا ڕۆیشتبوون. ڕێگەربان بە عەشایەری پڕچەك و سیلاح رازابوەوە. وەکو ئەیان گێڕایەوە نزیکەی بیست هەزار سوارێکی کورد ڕژابوونە ئەو دەشتە. ئەمانە هەموویان لەگەڵ ئەو دووای خەڵقی کوردستان چاویان بڕیبوە ئاسۆ. بە چەشنی هیلالی شەوی جەژن بۆ دیداری حوکمداری کورد ئەگەڕان))[٢٢٦].

ئووزدەمیر لە نامەی ٩/١٥/ ٣٣٨ (١٩٢٢)ی خۆیدا بۆ شێخ قادر، نووسیویە: ویلایەتی مووسڵ خراوەتە ناو میثاقی میللیی تورکەوە. بۆیە

---

[225] یقظة الکرد، ص٢٥٤،٢٥٣.

[226] یادداشت، ب٥، ل١٠٠.



www.zheen.org

دەست بە پاککردنەوەی ئەم هەرێمە ئەکەین لە ئینگلیزو خائینان ... وا مەفرەزەیەك بە فەرماندەیی یووزباشی فەوزی بەگی کوڕی موشیر مستەفا نووری پاشا ئەنێرینە سلێمانی، تا تەشکیلاتێکی ئیداریی تێدا پێك بهێنین[٢٢٧].

بەگزادانی جاف، حسێن بەگی حەسەن بەگو ئەحمەد موختار بەگو حەمید بەگو محەمەد بەگی فەتاح بەگو جەمال بەگی جەمیل بەگو ئەحمەد بەگی محەمەد بەگ، بە داوای شێخ قادر، هاتنە سلێمانی" ٩/١٩ گەڕانەوە بۆ هەڵەبجە[٢٢٨]. شێخ مەحموود لە بەغدا چاوی بە فەیسەڵی یەکەمی مەلیکی عیراقو مەندووبی سامی کەوت[٢٢٩]. ٩/٢٠ بە شەمەندەفەر لە بەغداوە جوولا. بەیانیی ٩/٢١ گەیشتە وێستگەی کەنگربانی ٤ میل لە کفرییەوە دوور. سەدان سوارەی عەشایەر بۆ پێشوازی ڕاوەستابوون، هوتافیان بۆ کێشاو ئالایان شەکاندەوەو خۆیان بۆ هەڵدا؛ شێخ نۆمایەکی ڕەنگ ئاڵی چوارپەلو ناوپاوان سپیی لە سورمەی زیو گیراوی لەلایەن ڕەفعەتو حەسەنی کوڕانی ئیسماعیل بەگی داودەوە بۆ ئامادە کرابوو، بە باوەش خستیانە سەری. فڕاندیانو وەك سەرکەوتوویەك بردیان، پێش ئەوەی وەفدی سلێمانی، مستەفا پاشاو ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگو حەمەئاغای ئەوڕەحمان ئاغاو عیززەت بەگی وەسمان پاشا، کە شێخ داوای کردبوو و شەوی ٩/١٩ بە ئوتومبیل لەڕێگەی چەمچەماڵو

---

[227] هەمان سەرچاوە، ب٦، ل٦٤-٦٧.

[٢٢٨] بانگی کوردستان، ژ٧، ل٤.

[229] بانگی کوردستان، ژ٨، ل٢؛ بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی، ل١٦.

بنکەی ژین
www.zheen.org

کەرکووکەوە چووە کفری، بتوانێ وتەیەکی بەخێرهاتنەوە بخوێنێتەوە. ئەندامانی ئەو وەفدە، بە قسەی ئەدمۆندز، خۆیان بە کاربەدەستی حکوومەتی نیشتمانی‌ی کاتی‌ی کورد دانـاوە. خەڵك بە تەپڵ لێدان‌و دەف‌و دایەرەو بەیداخ هەڵکردنەوە سەڵاواتیان داو بە دەنگی (الله اکبر) ئەو سەعاتەڕێیەیان لەبەر قەرەباڵغی بە دوو ئەوەندە بڕی. شێخیان لە ماڵی سەید موحسین ئاغای سەید ئەحمەد ئاغای سەید عومەری گەورە دابەزاند[٢٣٠].

شێخ لەوێ چاوی بە گەلێ گەورەپیاوو سەرەك خێڵ کەوت، گفتوگۆی لەگەڵدا کردن. خانەدانەکانی کفری‌ی وەك سەید موحسین ئاغاو جەمیل بەگی بابان‌و سەید عومەر ئاغاو سەید قادر ئاغاو حاجی ڕەشید ئاغا، میوانداری‌و دڵسۆزییەکی زۆریان بۆ شێخ نواند. هەتا کەریم بەگی فەتاح بەگ‌و حەمید بەگ‌و ئەحمەد موختار بەگ لە بەگزادانی جاف چوونە کفری‌و سەریان لە شێخ دا، چوونەوە بۆ کەلار تا دواتر لەوێوە بێنە سلێمانی[٢٣١].

ئەفسەرانی کوردی وەك میرلیوا سدیق پاشای قادری‌و بینباشی تۆفیق وەهبی‌و بینباشی خالید سەعیدو یووزباشی ڕەشید ئەفەندی‌ی ئەمین

---

[٢٣٠] کرد وترك وعرب، ص٢٥٤، ٢٦٨؛ بانگی کوردستان، ژ٧، ل٤و، ژ٩، ٨ تشرين أول ١٩٢٢، ل٢؛ عبدالکريم حميد عبدالکريم، کفری میواندارێتی شێخ مەحموودی نەمر دەکات، "ڕەنگین" (گۆڤار)، ١٩٨٩ (ئەم بابەتە بیرەوەری‌ی ئەحمەد عەلی نەفتچیی تێدا تۆمار کراوە).

[٢٣١] بانگی کوردستان، ژ٩، ل٤.

ئاغاو مولازم ئەمین ئەفەندیو مولازم عەزیز حیکمەتو مولازم عەبدولعەزیزو مولازم ئەمین ڕەواندزیو مولازم عەزیز کوردیو مولازم عەلی کوردیو فایەق کاکەمین، کە بە پێشنیاری شێخ مەحموودو ڕەزامەندیی مەندووبی سامی لەگەڵ شێخدا هاتبوونە کفری، لەگەڵ وەفدەکەی سلێمانیدا ڕۆژی ٩/٢٥ گەیشتنە سلێمانی[٢٣٢].

تورکخواکانو لایەنگرانیان، لەم کاتانەدا، بە گەرمی کەوتنە بڵاوکردنەوەی واتەواتی هاتنی هێزی تورک بۆ سلێمانی، هەڕەشەیان پێ لە نەیارانی تورک ئەکرد. ٩/٢٤ کە وەفدە نێردراوەکە بۆ کفری دواکەوتو نەهاتەوە، قاویان داخست گوایە ئەوانە براونەتە بەغدا یا خراونەتە زیندان. نامەی ساختەیشیان بڵاوکردەوە کە خەڵکی سلێمانی بەپیر عەسکەری تورکەوە بچن؛ ئەگەر نەچن، هێزی پشدەر کۆنترۆڵی شار ئەکات. ئەگەر مستەفا پاشاو دۆستانیشی بگیرێن، پلەی پاشایی ئەدرێتە عەباسیمەحموود ئاغای سەرۆکی پشدەر" یان مەفرەزەکەی دووکان فەرمانی پێدراوە حوکمی عورفی لە سلێمانی ڕابگەیەنێ.

ئوزدەمیر لە نامەی ١٩٢٢/٩/٢٩ی خۆیدا کە بۆ شێخ مەحموودی نووسیوە: سیاسەتی خۆیی بۆ ڕوون بکاتەوەو ئامادەیە مەفرەزەکەی تا ڕانیە بکێشێتەوە. ئەوکاتە تورکخواکانو شاترەکانی تورک لە هاتوچۆدا بوونو دەوری حوکمداریان دابوو. ئەڵقەی پەیوەندیی حوکمدار لەگەڵ تورکانی ڕەواندزدا تایەری ئەمین مەسرەف بوو. لەلایشەوە دەستەیەکی لاوان باوەڕیان بە ئینگلیز هێنابوو. جگە لەوانە، دەستەیەکی کەمی نیشتمانپەروەر هەبوو، بێپشتیوانو گیانی نەتەوەییان بەهێز بوو"

www.zheen.org

[٢٣٢] هەمان سەرچاوە، ژ٨، ل٥، ٦؛ ژ٩، ل٢، ٤.

زۆربەی خەڵكو بەشێكی مامۆستایانو ئەفسەرانو بەتایبەت قوتابیان سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی و نیشتمانی بوون[٢٣٣].

شێخی گەورە بە سواری ئەسپ، بە یاوەریی سەید محەمەدی سەرۆكی جەباریو ڕەفعەت بەگو عەزیز ئاغای عەباس ئاغاو عەلی ئاغا لە سەرانی داودەو عەلی ئاغای حەسەن ئاغاو غەفوور ئاغای جاسم ئاغاو حەمە ئاغای كەریم ئاغا لە سەرانی زەنگەنەو سلێمان بەگو فارس بەگو محەمەد حەسوون بەگ لە سەرانی بەیاتو ئەمین ئاغای ڕەشید ئاغاو عەزیز خەسرەو ئاغاو یوونس ئاغای مەحموود خدرو جەوهەر ئاغای برای لە سەرانی هەمەوەندو شێخ قادری شێخ ڕەزاو سەید عەلیو شێخ ئەمینو شێخ نەجیبو سەید خەلیل ئاغا لە شێخانی قەرە حەسەنو نزیكەی هەزار سوار، لەڕێگەی قادركەرەمەوە ڕوویكردە داریكەلی. یەكەم شەو لەناو داودە لە دێی عەزیز ئاغای عەباس ئاغا، دووەم شەو لە قادركەرەم لە ماڵی شێخ عەبدولكەریم، سێیەم شەو لە مەملەحەو چوارەم شەو لە داریكەلی لە دەوڵەتخانەی خۆی حەسایەوە. داریكەلی، بە پێشوازیكەرانی سلێمانیو دەوروبەری تەنرابوو[٢٣٤]. شێخ لەڕێگەدا مەزبەتەی بە چەندین شێخی تاڵەبانیو سەرگەورەی تر ئیمزا كرد، تا ببێتە بەڵگەنامەی داواكردنی دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی بە پێشەوایەتیی خۆی[٢٣٥].

---

[233] یادداشت، ب٦، ل١٠-١١.
[٢٣٤] هەمان سەرچاوە، ژ٩، ل٢، ٣، ٤.
[٢٣٥] كرد وترك وعرب، ص٢٧٢.

بنكەی ژین
www.zheen.org

شێخ قادر ڕێوشوێنی بۆ پێشوازیی شێخی نەمر دانا؛ بە فەرمانی ئەو چوار تاقی زەفەر، لە بەر دەرگای ماڵی شێخ مەحموودو بەر دەرگای تەلگرافخانەو بەردەرگای مزگەوتی گەورەو بەر جادەی وەیس، دروست کرا، بە گوڵو ڕێحانەو شتی جوان ڕازێنرانەوە، بالآیان بە بەیداخی کوردستان نەخشین کرا. ڕۆژی ۹/۳۰ هەواڵ گەیشت کە شێخ لەدوای هەتاوکەوتنەوە لە داریکەلیەوە جووڵاوە .... عەسکەری پیادەو شاگردانی مەکتەب، هەریەکە بەیداخی کوردستان بەدەستەوە، لای چوار تاقەکە ڕیزیان بەست. دووکانو بازاڕ داخرا. خەڵکو عەشایەر بە سواریو پیادەیی تا دوو سەعاتی ڕێگە کۆمەڵ کۆمەڵ بە ڕیز لەسەر ڕێ ڕاوەستان.

((ئەو ڕۆژە لەلایەکەوە گریانی خۆشیو هەلهەلەی شۆڕەژنانی مێخەکبەند لەملو هەیاسە لەپشت، لەولای کەوە گوڵبارانو قریوەی کچۆڵە خنجیلانەو ئێسکسووکەکانی پەنجە خەناوی فرمێسکی شادی بە چاوەکاندا ئەهێنایە خوارەوە. سلێمانی بووبوو بە مەحشەر. هەزاران پیاوو ژن بە چەپڵەرێزانو دەنگی هەر بژی، هەزاران قوتابی کوڕو کچ بە بەرگی نەورۆزی کوردەوە گۆرانی نیشتمانیو نەشیدەی بەخێرهاتنەوەیان ئەخوێندەوە. چریکەی شێرانەی زابتەکانی کوردو سیرەی هەڵکێشانی شیرە بریقەدارەکانیان، شەقەشەقی تفەنگ لەسەرشانی عەسکەر، قڕەی ئوتومۆبیل، تەقو هۆڕی شێلکی دەمانچەو هارەی دەسڕێژی سوارەی عەشایەر، لەگەڵ ناڵەو گرمەی تۆپ گوێی ئینسانی کەڕ ئەکردو لە هۆش خۆی ئەبردەوە))[۲۳٦]. لە سەرانی پشدەر، عەباس ئاغای سەلیم ئاغاو

www.zheen.org

[236] یادداشت، ب٥، ل۱۰۱-۱۰۲.

حەسـەن ئاغای بەڕێوەبـەری قـامیش‌و محەمـەد ئاغـای عـەلی ئاغـا، پێشتر هاتبوونـە سـلێمانی بـۆ بەخێرهێنانـەوەی شـێخ. شـێخ مـەحموود سـەعات ١,٥ی پاشـنیوەڕۆ گەیشتە نـاو شـار[٢٣٧]. خـانووی مـیرزا فـەرەجی حـاجی شەریفی بۆ ساز کرا[٢٣٨].

دەسـتبەجێ تـۆپ ئـاگردرا، عەسـکەرو شـاگردانی مەکتـەب ڕێوڕەسمـی سڵاویان بەجێ هێنا. شاگردان گـۆرانـی‌ی میللییـان خوێنـد. ژنان‌و منـاڵان لـە سـەربانی ماڵانـەوە گوڵاوپـژێن‌و گوڵبـارانی شـێخیان کـرد[٢٣٩]. شـێخ وەك حوکمدار یا پێشەوای کوردستانی سەربەخۆ بەخێر هێنرایەوە [٢٤٠].

((شـێخ بـە چـەفتەو عـەگالی سـوورمەوە لـە ئەسـپەکەی هاتـە خـوارەوە. چـاوێکی بـە دەوری خۆیـا گێـڕا. بـەڵام خـەڵق لـە هـۆش خۆیـان چـووبوون. دەنگێکـی نێـری شـێرانە خەڵقەکـەی هانیـەوە هـۆش خـۆی. زابتێکـی کـورد عەسـکەرەکان‌و مامۆسـتایەکی نیـشتمانپـەروەر قـوتـابیـیـەکانی بـۆ سـەڵاو وەستان. ئینجا دووبارە چەپڵەرێزانێکی دوورودرێژو گوڵبارانێکی ئێجگار بە

---

[٢٣٧] بانگی کوردستان، ژ٩، ل١، ٣.

[٢٣٨] یادداشت، بەشی ددوەم / ب٥، ل١٠٣ و، بەشی سێهەم، بغداد، ١٩٩٢، ل٣١؛ هەڵۆ، روونکردنەوەیەك دەربارەی هەندێك لە باسەکانی چیم دی.

جێی وتنە، ئەو خانوە دواتر بوە هی حاجی فەتاحی برای، ئەمجا هی تۆفیق ئەفەنـدی‌ی ئاغـا فـەتحوڵڵا، بەتەنیـشت خانوەکـەی مـیرزا تۆفیـق قەزازەوەیـە بەرامبەر بە ماڵی حاجی ئەمینی کاکەحەمە.

[٢٣٩] بانگی کوردستان، ژ٩، ل٣.

[٢٤٠] کرد وترك وعرب، ص٢٧٢.

www.zheen.org

دڵسۆزی دەسی پێ کردەوەو ئەمانە هەمووی تێکەڵ بە ئاوازی شیرینی دەستەی گۆرانی قوتابییەکان بوو))[٢٤١].

شێخ کە گەیشتە دەوڵەتخانە، دوای ١٠ دەقە پشوو، هاتە دەرەوەو میوانەکانی بەخێر هێنا. پاشان ڕەفیق حیلمی خوتبەیەکی پڕخرۆشی خوێندەوە" تانووتی تێدا لە ئینگلیز دا کە هەڵەی پێشوو دووپات نەکاتەوە، بەڵکوو پێویستە پشتی شێخ بگرێ؛ داوایشی کرد هەموان دەست بدەنە دەستی یەکترو ماوە نەدەن فریو بدرێن[٢٤٢].

شێخ نوتقێکی شیرینی فەرموو سەبارەت بە هەوڵدانی بۆ پێشکەوتنی کوردو کوردستانو خزمەتی میللەت بە گیانو دڵ. شارەوانی، شەربەتو قاوەی بەسەر میواناندا بەخشییەوە. دوای ١٥ دەقیقە، ساداتو مەشایخ، دواتر ئەشرافو دۆستانی مەملەکەتو توجاڕانو مەئموورران چوونە زیارەتی شێخ. ئەم زیارەتە تا سەعات ٤ی خایاند. نزیکەی هەزار سواری عەشایەر کە لە خزمەتی حوکمداردا لە (سەلاحییە)وە هاتبوون، دەستە دەستە بۆ حەوانەوەو پشوودان برانە ئەو شوێنانە کە پێشتر بە فەرمانی شێخ قادر بۆیان ئامادە کرابوو.

هەموو ڕۆژێ لە کفرییەوە تا سلێمانی چەند فڕۆکەیەك ئەهات، هەواڵی لە مێجەر نۆئێلی ڕاوێژکارو نوێنەری مەندووبی سامی وەرئەگرت کە لەگەڵ شێخدا هاتبوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[241] یادداشت، ب٥، ل١٠٢.

[242] هەمان سەرچاوەو بەرگ، ل١٠٣-١٠٤.

ڕۆژی دوای هاتنەوەی شێخ، شێخ محەمەدو شێخ سالّحی کوڕانی شێخ سەعیدی گۆپتەپە هاتنە دیدەنیی. نۆئێل، "بانگی کوردستان" (وەك قونسلۆسێکی ئەجنەبی)ی میوان ناساندوویە؛ لەوخانوەدا دانیشت کە کاتی حوکمی ئینگلیزەکان موفەتیشی گوومرگی تێدابوو. پێ‌بەپێ ڕاگەیەندرا: مەجلیسێکی عموومی کە سەرخێلانیشی لەناودایە، پێك هێنراوە، بۆ چەسپاندن‌و دابینکردنی بنەماکانی سەربەخۆیی وتووێژ ئەکرێ، ئەنجامی گفتوگۆو بڕیارەکانی مەجلیس بەهۆی نۆئێلەوە بۆ مەندووبی سامی ئەنووسرێ و وەلام وەرئەگیرێ[٢٤٣].

شێخ ویژدانی سیخناخی ئەم بیرو خەیالانە بوو: ئەگەر بزانێ ژیرانە گەمە بکات، دەسکەوتی زۆری بۆ کورد تێدا ئەبێ؛ لەکاتێکدا ئەبێتە خاوەنی دەولّەتێکی سەربەخۆ، ئەویش مەلیکایەتی‌و ناوبانگێکی نەمر بەدەست ئەهێنێ. پاشان گەلێ نەتەوەپەرستی دلّسۆزی بەدەورەوەن، کارێك ئەکەن خەونەکانی فراوانترو زیندووتر بن. ئەگەرچی قەلّەمڕەوی دەسەلاتەکەی بۆ دیاری کرابوو، بەلام بە دوو چاوی تیژو بەهەلّپەوە ئەیڕوانییە ئەو هەرێمە کوردنشینانەی دەوروپشت کە گفتی دابوو دەست لە کاروباریان وەرنەدات[٢٤٤].

نۆئێل شەوی هەینی‌ی ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢، لەگەلّ چەند کەسێکدا، بە ئوتومبیل چووە کەرکووك. لەوێشەوە بە فڕۆکە چووە

---

[٢٤٣] بانگی کوردستان، ژ٩، ل٣، ٤.

[244] يقظة الكرد، ص٢٥٨-٢٥٩.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەغدا[٢٤٥]. کاپتن چاپمانی حاکمی پێشووی چەمچەمال، هاتە شوێنی لە سلێمانی. نۆئێل ١٠/٩ بە فڕۆکە هاتەوە بۆ شار. هەر ئەو ماوەیە، مەفرەزەکەی جوولانەوەی ڕەواندز کە بریتی بوو لە ٥٠-٦٠ سوارێکی پشدەری، لەگەڵ ئەحمەدی حەمەئاغای بێشیردا، بە فەرماندەیی یووزباشی فەوزی ئەفەندی گەیشتبوونە سووورداش، کتوپڕ لە ئاوی زێ پەڕینەوە بۆ ئەوبەر ڕوو بە ڕەواندز. ئینگلیز کۆیەی بەتوندی بە فڕۆکە بۆردومان کرد. بۆیە خەڵك بەناچاری جوابی مەفرەزەکەی تورکیان دا[٢٤٦]، ١٩٢٢/١٠/٧ چۆڵیان کرد[٢٤٧].

شێخ، دوای گەڕانەوە، چەند ڕۆژێ باری دەروونیی باش نەبوو. ڕۆژی ١٠/٨ پێشوازیی لە چەند سەرۆك عەشیرەت و میوانێکی کرد. عەلی بەگی مەحموود پاشاو کەریم بەگی فەتاح بەگو حسێن بەگی مەحموود پاشاو حامید بەگی مەجید بەگو ئەحمەد موختار بەگی وەسمان پاشاو ئەحمەدبەگی محەمەد پاشاو حسێن بەگی حەسەن بەگو ئەحمەد بەگی محەمەد ساڵح بەگو داود بەگی محەمەد سەعید بەگو محەمەدبەگی فەتاح بەگو شیهابول سەڵتەنە عوسمان بەگی عەبدوڵڵا بەگی شەرەفبەیانی دووشەممەی ١٠/٩ هاتنە شار، زیارەتی شێخیان کرد. ئەمانەیشیان

---

[245] هەمان سەرچاوە، ل٢٥٨-٢٥٩.

[٢٤٦] هەمان سەرچاوە، ژ٩، ل٦و، ژ١٠، ١٥ تشرين أول ١٩٢٢، ل٤؛ بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەماغای پشدەری، ل٧٣-٧٥.

[٢٤٧] كرد وترك وعرب، ص٢٧٠.

پێکەی ژین www.zheen.org

لەگەڵدا بوو: کوێخا محەمەد ئیبراهیم‌و ئەحمەد مەحموودو حەمەتالیب سلێمان‌و عەلی وەیس لە شاتری، ساڵح کاکەخان‌و ڕۆستەم حەمەی مەحموودو حەمەڕەشید باباجان‌و فەتاح کامەران خەسرەوو حەمە عەلی مەحموود لە ڕۆغزادی، حەمە حەسەن‌و حەمە شاسوارو ڕۆبیتەن سەلیم ئەحمەد لە تەرخانی، عەلی محەمەد ئەمین‌و عەبدولکەریم حاجی‌و عەبدولحەمید محەمەد ئەمین لە هاروونی، خەسرەو مستەفاو کوێخا ئەحمەدی هەڵەبجە لە سەدانی، عەلی عەزیز لە نەورۆڵی‌و ڕۆستەم حەسەن حاجی قادرو عەزیز حەمەگدروون‌و میرزای حاجی حسێن‌و حسێن ئەحمەد شاسوارو حەمەی فەتاح سمایل‌و حاجی کاکە وەیس لە مکایەڵی[٢٤٨].

### ٢. ٢. ٣. دەورانی دووەم حکوومەتی کوردستان:

شێخی گەورە کە هاتەوە، کرایە سەرۆکی (جەمعییەتی کوردستان)[٢٤٩].
ئەمجا ڕۆژی ١٩٢٢/١٠/٩ یەکەم ئیرادەی علییەی حوکمداریی دەرکرد، ڕایگەیاند:
((لەپاش طەڵەبی سەعادەت‌و مەغفیرەت لە بارەگاهی ئەحەدییەت، بۆ ئەم میللەتە مەظڵوومەی خۆمە ئیعلان ئەکەم، کە لەبەر بەعضێ ئەسباب‌و عەواریضی سیاسییە موددەتێکە لە خزمەتی ئەم میللەتە صادیقەی

---

[٢٤٨] بانگی کوردستان، ژ١٠، ١٥ تشرین أول ١٩٢٢، ل٢، ٤-٥.
[٢٤٩] یادداشت، بەشی دووەم/ ب٦، ل٧٤، ٧٦.

کورده دوورو مەهجوور مابووم. ئیمڕۆ لە سایەی خوداو ڕووحانییەتی مصطەفا (صلعم) و هیممەتی ئەجدادو لە سایەی نیازو تەضەڕڕوع‌و قووەتی ئەم میللەتە صادیقەوە گەیشتمە ئەم ڕۆژە موقەددەسەی کە مووەفەقەن هاتوومەوەو لە ئیمڕۆوە دەستم کردەوە بە تەدویری پەروانەی حکوومەت‌و موحافەظەی مەوجوودییەت‌و ئیستیقلالییەتی کوردستان. ئومێدو ئارەزوو ئەکەم هەمووتان بە یەك غایەو مەسلەك‌و بێفاصیلە سەعی بۆ دەوامی ئەم ڕۆژەو کۆشش بۆ تەعالی ئەم میللەتە ئەکەن. کورد ! وەکوو یەك عائیلە موتتەفیقەن‌و موتتەحیدەن لەگەڵ مندا بۆ تەحکیم‌و دەوامی ئەم حەقە صەریحەیە کە دەستمان کەوتووە لازم‌و فەرضە سەعی‌و غیرەت بکەین. ئەی میللەتم ! ئەمین بن کە ضامنی سەعادەت‌و مووەفەقییەتی ئەقوام ئیتیحادو ئیتتیفاقە. وە میللەتێ کە خوێنی ڕشتبێ بۆ حەقی خۆی قەطعییەن مەحرووم‌و ئەسیر نابێ‌و قەراری عالەمی مەدەنییەتیش ئەمەیە کە هەر قەومێ‌و هەر عونصورێ خۆی بە خۆی ئەبێ ئیدارە بکات. ئەووەڵەن ئێمە کە میللەتی کوردین ثانییەن بۆ ئەم غایەیە قوربانییەکی زۆرمان دا، بە ئەو شەرطە کە یەکدڵ‌و یەك وجوود بین بە ئیذنی خودا هیچ کەس ظەفەرمان پێ نابا، وە منیش تا ئاخر قەطرەی خوێن‌و ماڵ خۆم‌و ئەولادو ئەتباعم بۆ سەعادەتی ئێوە صەرفم کردبوو و تیکرار ئەیکەم. هیممەت لە ئێوە مووەفەقییەت لە خودا))[٢٥٠].

شێخ دووەم ئیرادەی لە ١٠/١٠دا دەرکرد سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی کوردستان لەم ناوانە:

www.zheen.org

[٢٥٠] بانگی کوردستان، ژ١٠، ل١.

شێخ قادری حەفید– سوپاهسالار، شێخ محەمەد غەریب– ڕەئیسی داخلییە، عەبدولکەریمی عەلەکە– ڕەئیسی مالییە، میرلیوا مستەفا پاشا– ڕەئیسی مەعاریف، ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ– ڕەئیسی گوومرگ، محەمەد ئاغای عەبدوڕڕەحمان ئاغا– ڕەئیسی نافیعە، سەید ئەحمەدی بەرزنجی– ڕەئیسی ئەمنییەتی عموومییە، میرلیوا سدیق پاشای قادری– موفەتیشی عموومیی حکوومەتی کوردستان[٢٥١].

ئەمە ناوی کارمەندانی ڕیاسەتەکانە:

نافیعە: کاتب–عەلی باقی ئەفەندیو سدیق ئەفەندی ، ڕەئیسی موهەندیسخانە– ماجد مستەفا ئەفەندی، مەئموری تەلغراف– حسێن ئەفەندی.

مالییە: سەرموحاسیب– ساڵح پاشا، کاتب– فارس ئەفەندی ئیسماعیل ئاغاو ساڵح ئەفەندیو مەجید ئەفەندیو تۆفیق ئەفەندیو قوتبەددین ئەفەندیو عەبدوڕڕەحمان ئەفەندی؛ سەرکاتبی ڕسوومات– عەبدوڵڵا ئەفەندی، کاتبی دەیەك– شێخ عەزیز ئەفەندی، ڕێژی– عەلی بەگو محەمەد ئەفەندیو مەعرووف ئاغاو ئەحمەد ئەفەندی.

داخلییە: سەرکاتب– مستەفا ئەفەندی، کاتب– سەعید ئەفەندیو ڕەشید ئەفەندی، قوماندانی ژاندرمە– شێخ مستەفا؛ بەلەدییە: ڕەئیس– مەحموود ئەفەندیی قادر ئاغا، سەرکاتب– شێخ نووری ئەفەندی، کاتب– عەلی ئەفەندی، موهەندیس– قادر ئەفەندی؛ بەڕێوەبەری تاپۆ– ئەحمەد

---

[٢٥١] هەمان سەرچاوەو ژمارە، ل١–٢.

www.zheen.org

فایەق بەگ، موعاوینی تاپۆ- هادی ئەفەندی، کارمەندانی تاپۆ- ئەحمەد بەگو مەلا سەعید ئەفەندیو عەلی بەگو غەفوور ئەفەندی؛ بەڕێوەبەری سەنگاو- شێخ عەبدولقادری گوللەنەبڕ.عەدلییە: ڕەئیسی ئیجرا- سدیق مەزهەر ئەفەندی، قازی- مەلا مەعرووف ئەفەندی شێخ ڕەسووڵی سیرێ، ئەندامی مەحکەمە- نەجیب ئەفەندی، مەئمووری ئیجرا- عەلی سامی ئەفەندی[252]، بەڕێوەبەری هەتیوخانە- سەید ئەحمەد ئەفەندی، سەرکاتبی مەحکەمە- محەمەد وەهبی ئەفەندی، کاتبی مەحکەمە- شێخ ڕەشید ئەفەندیو ئەحمەد ئەفەندیو خەلیل ئەفەندی.

دائیرەی قوماندانی عەسکەری کوردستان- ساڵح زەکی ساحێبقڕان، مولحەقی قوماندانی عەسکەری- فایەق حیلمی بەگ، مولازمی یەکەم- ئەمین بەگ ڕەواندزی، مولازمی یەکەم- یوونس ماهی ئەفەندی، ڕەئیسی شوعبەی ٣ی دائیرەی قوماندانی عەسکەری- مولازم عەزیز حیکەت قەزاز، مولازمی دووەم- ئیبراهیم ئەفەندیو حیکەت ئەمین ئەفەندیو ڕەشید ئەفەندیو ڕەمزی عەبدولکەیم ئەفەندیو فەتاح ئەفەندی، مەئمووری حیساب- ڕەشید ئەفەندی، بەڕێوەبەری شوعبەی ٢ی قوماندانی عەسکەری= ڕەئووف ئەفەندی حیلمی، قوماندانی تابووری پیادە- عەبدولقادر ئەفەندی[253]. ئەم دائیرەیە خەستەخانەیەکی عەسکەریشی بۆ

---

[252] پێشتر مەئمووری ئیجرا بووە لە ئەستەموول، بە فەرمانی ڕەئیسی داخلییە ئەو وەزیفە نوێیەی دراوەتێ ( ڕۆژی کوردستان، ژ٣، ل٤).

[253] ڕۆژی کوردستان، ژ٨، ١٠ کانون ثانی ١٣٣٨، ل١-٣؛ ژ١٢، ١٠ شباط ١٣٣٨، ل١-٣.

نیکەی ژین www.zheen.org

عەسکەرە نەخۆشەکان هەبوە، ڕەئووف حیلمی بەڕێوەبەرو جێی کەموزۆر ٢٥ نەخۆشی تێدا بوەتەوە[٢٥٤].

ڕەسووڵ ناجی ئەفەندی کە مەئمووری دەیەك بوو لە هەڵەبجە، کرایە کاتب لای وەکیلی مەندووبی سامی لە سلێمانی[٢٥٥].

فڕۆکەکانی ئینگلیز لەو ڕۆژانەدا پێنج دێی ناحیەی شێخ بزێنییان بۆردومان کرد، ئەمجا سێسەد سوار لەکەرکووکەوە چوون ئەو دێیانەیان سووتاند. لەوەبەدوا دوانزە فڕۆکە چوونە سەر دەوری ڕانیە، هەشتا ئەسپیان بە مەترالیۆز کوشت[٢٥٦]. ئەو ناوچانە لەژێر دەستی جووڵانەوەی ڕەواندزدا بوون.

کە ڕیاسەتەکان کەوتنە کاروبار هەڵسووڕاندن، شێخ قادری نائیبی حکوومەت ١٢ی تشرینی یەکەم لە ئاگاداریی ژمارە (١٤)یدا بڵاوی کردەوە کە دەوامی دائیرەکان لە ڕۆژی ١٤/١٠ بەدواوە: بەیانیان لە سەعات ٣-٦ی عەرەبی (١٠-١ی ئینگلیزی)و پاشنیوەڕوان لە ٨-١١عەرەبی (٣-٦ی ئینگلیزی) ئەبێ[٢٥٧].

---

[254] نووسراوێکی ڕەسمیی ئەو دائیرەیە کە تایبەتە بە کڕینی ٢٥ مێزی نانخواردن بۆ خەستەخانەکەو لەلای بنەماڵەی خوالێخۆشبوو شێخ ڕەئووفی شێخ مەحموود پارێزراوە، بەڵگەی ئەوەیە.

[255] بانگی کوردستان، ژ١٠، ل٤.

[٢٥٦] هەمان سەرچاوە، ژ١٠، ل٤؛ ژ١١، ٢٠ تشرين أول ١٩٢٢، ل٣.

[٢٥٧] هەمان سەرچاوە، ژ١٠، ل٦.

پەیامی ژین
www.zheen.org

هەر ئەومانگە، مەحموود خانی دزڵیو ئامۆزایانی، عەلی محەمەد خانو محەمەدڕەشید بەگی کوڕانی جانۆڵلا بەگو عەبدوڵلابەگی سەرتیپو محەمدعەلی بەگی حەبیبوڵلا بەگو محەمەد عەلی بەگی سەردار بەگ، بە سەد سوارەوە هاتنە سلێمانی بۆ سەردانی شێخ، لە خانووی عەبدوڕڕەحمان قەفتان دابەزین[٢٥٨].

نۆئێل لە نامەی ڕۆژی ١٩٢٢/١٠/١٠یدا بۆ بۆردیلیۆنی سکرتێری مەندووبی سامی نووسیویە: ((وای بۆ ئەچم بڕیاری ئەوە درابێ کە کورد، پێی خۆش یا ناخۆش بێ، ئەبێ بە هەموو جۆرێ خوارووی کوردستان بخرێتە سەر عیراق و لەژێر دەسەڵاتی عێراقدا بێ. جارێکی تریش دووبارەی ئەکەمەوە کە کورد نابێ بخرێتە ناو عیراق. ئەگەر کەرکووک بکرێ بە ناوچەی ئینتیخابات بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزرێن، مانای وایە بە کوردەکان بوترێ بە ئاشکرا بڕیاردراوە کەرکووک بخرێتە سەر عیراق))[٢٥٩].

شێخ، ١٠/١٥ سێیەم ئیرادەی حوکمداریی بڵاوکردەوە کە هەشت ڕێنوێنییە بۆ ڕوئەساو ڕیاسەتەکان لەبارەی بەڕێوەبردنی دائیرەکانەوە. نۆئێلیش ١٠/١٨ بە فڕۆکە چووەوە بۆ کەرکووک، چاپمان جێی گرتەوە؛ ١٠/٢٣ بە فڕۆکە لە کەرکووکەوە گەیشتەجێ، لەگەڵ "چاپمان"دا چاویان

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٢٥٨] هەمان سەرچاوە، ژ١١، ل٥.

[٢٥٩] م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٤٨٤.

بە شێخ کەوت، ئێوارە دیسان بە فڕۆکە ڕووی کردەوە کەرکووک. ئەو سەروبەندە شێخ بۆ شکار چووە قەزای شارباژێڕ، ١٠/٢٢ گەڕایەوە[٢٦٠].

هێزەکانی ئینگلیز لە هەوڵی بەرتەسککردنەوەی ناوچەکانی ژێر ڕکێفی جووڵانەوەی ڕەواندزدا بوون. ڕۆژی ١٠/٢٧ (مەرگە) بۆردومان کرا. فڕۆکەکانی بریستۆڵو سنایپ چەندەها حەفتە ڕۆژانە لە مەرگەوە تا دێهاتە نەیارەکانی پشدەرو دۆڵی شاور بۆمبابارانیان ئەکرد[٢٦١].

شێخ عەبدوڵڵای عەسکەرو تاقمێكو شێخ غەفوورو شێخ قادر، عەباس ئاغای مەحموود ئاغای پشدەر بە سێسەد سوارەوەو بایز ئاغاو پێرۆت ئاغاو خدر ئاغای کوڕانی حاجی ڕەسووڵ ئاغاو بابەکر ئاغای خدر ئاغاو گوڵاوی ئاغاو باپیر ئاغای بابەکر ئاغاو ئاغای قەرەنی ئاغاو ئەحمەد ئاغای جوامێر ئاغاو قادر ئاغای مستەفا ئاغاو شێخ ئەمینی سپیدارە؛ لە بەگزادەکانی وەڵەدبەگیش ئەحمەد بەگی ڕیشێنو محەمەد عەلی بەگی کوڕیو محەمەدسەعید بەگی حەسەن بەگی ئامۆزای، حەسەنو ڕۆستەم بەگی کوڕانی یارئەحمەد بەگ، شێخ محەمەدی شێخ حیسامەدین، بۆ بەخێرهێنانەوەی شێخ هاتنە سلێمانی[٢٦٢].

فڕۆکەکانی ئینگلیز ئەو سەروبەندە چوونە سەر مەرگەو قەڵادزێو دەروپشتی ڕانیە، زیانی ماددیو گیانییان بە خەڵكو ئاژەڵەکانیان

---

[٢٦٠] بانگی کوردستان، ژ١١، ل٦؛ ژ١٢، ل١-٢، ٦.

[٢٦١] كرد وترك وعرب، ص٢٧١.

[٢٦٢] بانگی کوردستان، ژ١١، ٢٠ تشرين أول ١٩٢٢، ل٥؛ ژ١٢، ٢٧ تشرين أول ١٩٢٢، ل٦.

ژینگەی ژین
www.zheen.org

گەیاند[٢٦٣]. "بانگی کوردستان" لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا نووسیویە: ((لە مەرکەزی حکوومەتی کوردستان یەعنی سلێمانیدا لە سایەی هیممەتو عەزمی ئولول ئەمرەوە لە الحمد ئاسایشو ئەمنییەتی تەواو هەیەو لە ئەطرافیشدا دیسان ئیختیلافات ڕووی بە دۆستی گرتووە ئەم حاڵە بۆ هەموو کوردان موجیبی شوکرانە))[٢٦٤].

قوتابخانەکانی مەعاریف بەم شێوەیە ڕێك خرانەوە؛

ئەعدادیی مەحموودیی حەوت پۆلی:

ڕەفیق حیلمی کرایە بەڕێوەبەری بە مانگانەی ٢٥٠ ڕووپیە، موعەللیم-ساڵح ڕەفعەتو سەعید سدقیو زێوەرو ئەحمەد حەمدیو محەمەد ڕەمزیو محەمەد زوهدیو سەعید ئەدیب قەزازو ساڵح قەفتانو ئەمین ئەفەندیو مەلا مەحموودی بێخودو جەلال ئەفەندی صائیبو حەمدی بەگ. ڕوشدیەی قادرییە: سەعید زەکی فەتاح بووە موعەللیمی ئەووەلی، موعەللیم-عەبدولعەزیز عوسمانو عەزیز ئەفەندیو مەلا سەعیدو ڕەشید ئەفەندیو عەبدوڵڵا ئەفەندیو حەمەکاکە ئەفەندی. ئیبتیدائییەی ڕەئووفییە- سەید عاکیف کرایە موعەللیمی ئەووەلی، موعەللیم- ئەحمەد. ئیبتیدائییەی لەتیفییە- ئەحمەد حەمدی (عەزیز ئاغا) بووە موعەللیمی ئەووەلی، موعەللیم- شێخ ئەحمەدو شێخ سەعید[٢٦٥].

---

263 هەمان سەرچاوە، ژ١٢، ٢٧ تشرين أول ١٩٢٢، ل٣.

264 هەمان سەرچاوە، ژ١٢، ل٦.

٢٦٥ بانگی کوردستان، ژ١٢، ل٦؛ ژ١٣، ٣ تشرين ثانی ١٩٢٢، ل٢؛ ڕۆژی کوردستان، ژ١٣، ١٠ شباط ١٣٣٨، ل١-٣.

ئەفسەرانی کورد، سەرباری ئەرکی عەسکەرییان، بەپەرۆشەوە هاوکاری‌ی قوتابخانەکانیان ئەکردو دەرسیان تێدا ئەوتەوە. ئەمین ڕەواندزی‌و عەزیز حیکمەت قەزاز، دەرسی یاری‌و مەشقی عەسکەرییان فێری قوتابیەکان ئەکرد. سدیق پاشا قادری، هەموو ڕۆژێك ئەچوە دەرسی ڕەسمەوە. مستەفا پاشای ڕەئیسی مەعاریف، خۆیشی دوای دەست لەکارهەڵگرتنی ڕەشید کابان، دەرسی جەبری لە ئەعدادی‌ی مەحموودیدا ئەوتەوە. قوتابخانەکان کە دەوری ٨٠٠ قوتابییەکیان هەبوو، بەرگی قوتابییان تێدا کرا بە یەك شێوەو ڕەنگ، کڵاوی سەریشیان بە سورمە، هێندێ قوتابی‌ی دەوڵەمەندیش بە ئاڵتوون، وشەی (مەحموودی، قادرییە، لەتیفییە، ڕەئووفییە)یان پێدا دادروو[٢٦٦].

ئووزدەمیر دووەم نیوەی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ فەوزی بەگی یووزباشیی، بە یاوەری‌و چاوساغی‌ی ئەحمەدی حەمەئاغای بێشیر، ناردە سلێمانی بۆ تێگەیشتنی لە مەبەستو نیازەکانی شێخ مەحموود. ئەوان، لەلای دێی (کەڵەکن)ی نزیکی باکووری ڕۆژئاوای شار شێخیان بینی؛ شێخ پێی ڕاگەیاند کە هێنرانەوەی بۆ ئەوەیە تورکەکان لە ڕەواندز دەرپەڕێنێ یا بۆی چۆڵ بکەن، لە پێینی ئەوەدا کە کەرکووك‌و هەلێر تا ئاکرێ‌و سەرتاسەری کوردستانی

---

شایانی باسە، ڕەشید زەکی کابانی بەڕێوەبەری پێشووی قوتابخانەی نموونەی سەعادەت، ئەو دەورانە بە ئیرادەی حوکمداری بوو بە موعەللیمی ئەووەلی ڕوشدیەی قادرییە، بەڵام نەیکردو دەستی کێشایەوە. لەوبارەیەوە بڕوانە: سدیق ساڵح، ڕەشید کابان نوێنەرێکی کوردستانی باشوور (ساڵی ١٩١٩)، "پەیڤین" ، ژ٤، دیسەمبەری ١٩٩٨.

[266] یادداشت، ب٦، ل٦-٧، ٩.

www.zheen.org

جنووبیی بخەنە ژێر دەست. بۆیە ئەگەر ئەوان هێزیان هەیە هاوکارییان ئەکات تا چیای حەمرین بگرن؛ ئەگەر نییانە ئامادەیە سلێمانی بەجێ بهێڵێ و کوێیان پێ باشە لەوێ دابنیشێ؛ ئەگەر ئەوەیش ناکرێ، چەك و جبەخانەو ئەفسەری بەکاری بۆ بنێرن، خۆی ئەوە ئەکات" ئەگەر ئەو سێ پێشنیارەیشیان پێ جێبەجێ ناکرێ، جارێ بکشێنەوە ناو تورکیا تا دواتر پێکەوە سازوتەیار ئەبن بۆ شەڕی ئینگلیز. هەروها بە ڕاشکاوی دانی پێدانا کە بڕوای بە ئینگلیزو بەڵێنەکانی نییە، ئامادەیە، بە هەر ڕێگەیەك بێ، هاوکاریی تورك بکات بۆ لێدانی ئینگلیزو پاککردنەوەی ناوچەکانی تا چیای حەمرین لێیان[٢٦٧]. هەواڵگریی بریتانیش مانگێك دوای گەیشتنە جێی شێخ، زانیاریی دروستی چنگ کەوت لەوبارەیەوە کە شێخ پەیوەندیی بە ئووزدەمیرەوە هەیەو وەفدێکی ناردەوەتە لای بۆ کۆمەك پەیداکردن.

٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ مستەفا بەگی عەبدوڵڵا بەگی عوسمان پاشا کرایە بەڕێوەبەری فەوقەلعادەی ناحیەی پێنجوێن بە مانگی ٣٠٠ ڕووپیە[٢٦٨].

---

[٢٦٧] یادداشت، بەشی دووەم / ب٦، ل٦٩-٧٤؛ بیرەوەرییەکانی ئەحمەدی حەماغای پشدەری، ل٨٠-٨٣.
جێی وتنە، مادام ئووزدەمیر، لە یەکەم سەرچاوەیاندا، ئەو دوو نامەیەی سەبارەت بەو سەفەرەی فەوزی بەگ لە ١١/١ و ١١/٣دا ناردووە بۆ قوماندانی بەرەکانی ڕۆژهەڵات و جزیرە، ئەبێ سەفەرەکەی فەوزی بەگ پێش ئەو مێژووە، کەم‌وزۆر لە دووەم نیوەی مانگی پێشوو (تشرینی یەکەم)دا بووبێ.
[268] بانگی کوردستان، ژ١٢، ٢٧ تشرین ثانی ١٩٢٢، ل٢.

سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٢٢، ڕیاسەتی ئەمنییەتی عومومییە بڵاوی کردەوە کە: هەیئەتی ڕوئەسا تەشکیلاتێکی کاتییە تا مەندووبی سامی، وەك گفتی داوە، سەرجەمی لیواو قەزاکانی کوردستان ئەخاتە سەر حوکمداری.

ئەوسا تەشکیلاتێکی هەمیشەیی لە گەورەپیاوانی کەرکووكو هەولێرو زاخۆو ئاکرێو ئامێدیو دهۆكو کفریو خانەقینو ناوچەکانی تری کوردستان پێك ئەهێنرێ.

ئەو ڕاگەیاندنە، شێخی حوکمداری کوردستانی بە حەزرەتی (مەحموودی ئەووەل) ناوبردووە. هەر ئەو ڕیاسەتە لە (تەشەکورو بەیانی مەمنوونییەت)دا ڕایگەیاندووە:

((مەندووبی سامی بۆ ناردنەوەی حەضرەتی حوکمداری کوردستان دام شوکتە بەذلی هیممەتی فەرموو ئێستایش بۆ ئینتیظامی حکوومەتی کوردستانو ئیلحاقکردنی ئەو جێگایانەی کە داخڵی کوردستانن بە سلێمانی مەشغووڵە))[269]. نۆئێلو ئەدمۆندزیشی وا ناساندووە: ((زۆر خێرخواهی میللەتی کوردنو بۆ تەرەقیی حکوومەتی علییەی کوردستان سەعیو کۆشش ئەفەرموون))[270]. شێخ لە ١٠ی تشرینی دووەمدا ناوی (مەلیکی کوردستان)ی لە خۆی نا[271].

ڕیاسەتی شەرعو عەدل کە هێشتا بێڕەئیس بوو، ئەحمەد موختار قازی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای هەولێری بەوەکالەت بەڕێوەی ئەبرد، بە

[269] هەمان سەرچاوە، ژ١٣، ٣ تشرین ثانی ١٩٢٢، ل٣.

[270] هەمان سەرچاوە، ژ١٣، ٣ تشرین ثانی ١٩٢٢، ل٢-٣.

[271] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص٢٥٥؛ چیم دی، ب١، ل١٢٦.

نکەی ژین
www.zheen.org

ئیرادەی حوکمداری، شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدوڕڕەحمانی قەرەداغیی دانیشتووی بەغدای بۆ دانرا. بەڵام شێخ عەلی نەیکرد[٢٧٢]. بۆیە هەر ئەحمەد موختار قازی، لە دووەم نیوەی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ بەدوایشەوە مەلا مەعرووف وەهبی تا کۆتاییی ئەو دووەم حکوومەتەی کوردستان، وەك وەکیلی ڕەئیسی شەرعو عەدل لەو وەزیفەیەدا مایەوە[٢٧٣].

چاپخانەکەی حکوومەت (بەلەدییە)، جگە لە چاپکردنی ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان" کە لە ژمارە ١٣ی ڕۆژی ١٩٢٢/١١/٣دا وەستێنرا، چونکە مستەفا پاشای خاوەنی، ڕەئیسی مەعاریف بوو، لەبەر سەرقاڵی پێی بەڕێوە نەئەبرا؛ پاشان "ڕۆژی کوردستان" ئیمتیازو ئیدارەخانەکەی بە ئیرادەی شاهانە درایە شێخ نووریی شێخ ساڵح، "عەلی کەمال باپیر"یش موحەڕڕیری بوو، یەکەم ژمارەی ١٩٢٢/١١/١٥ دەرچوو؛ ئەوراقی دائیرەکانو چەند کتێبۆکەیەکی تریشی پێ لەچاپ دران، لەوانە:

- تەعلیمی طاقم، ١٩٢٢، ٩ل، (١٦,٥×٢١,٥سم).
- تەعلیمی قەطعە، ١٩٢٢.

---

[٢٧٢] بانگی کوردستان، ژ١٣، ل٣؛ میر بصري، أعلام الکرد، ط١، لندن– قبرص، دیسمبر ١٩٩١، ص١٢٠.

[٢٧٣] ڕۆژی کوردستان، ژ٩، ١٧ کانون ثانی ١٣٣٨، ل٤؛ ژ١٢، ١٠ شباط ١٣٣٨، ل٢؛ سدیق ساڵح ، بەڵگەنامەیەکی دووەم حکوومەتی کوردستانی باشوور، "هەزارمێرد"، ژ٦، کانوونی یەکەم ١٩٩٨، ل١٢٠–١٢٥.

www.zheen.org

– قانوونی وەظیفەی مەجلیسی ناحییە، ١٩٢٣، ١٤ل، (١٠,١× ١٧,٧سم)[٢٧٤].

– دەستووری مووچەخۆری، ١٩٢٣، ١٤ل، (١٤×٢٠سم)[٢٧٥].

ئەو دوانەی هەووەڵ، تۆفیق وەهبی کردوونیە کوردی، هەر ئەبێ لە تورکییەوە بووبێ[٢٧٦].

ئەمانەیش ئەو ڕۆژگارە دەستەی هەڵسووڕاندنی چاپخانەکە بوون:

١– شێخ عەبدولمەجیدی شێخ عارف– بەڕێوەبەر.

٢– محەمەد ئەدیب عەزیز– سەرمورەتیب .

٣– محەمەد تۆفیق– مورەتیب.

٤– محەمەد تەییب شێخ عارف– ماکینەچی[٢٧٧].

شێخی گەورە لە ئاگادارییەکی ڕەسمیی ڕۆژی ١٩٢٢/١٠/٢٩دا، بۆ هەموو ئاغاو کوێخاو ئەهالی دێهاتی کوردستان، وتوویە: ((ئەمڕۆ ڕۆژی

---

[٢٧٤] سی.جەی. ئەدمۆندز، بیبلیۆگرافیای چاپکراوی کوردیی باشوور (١٩٢٠–١٩٣٦)، گۆڤاری Jornal of the Royal Central Asian ، لەندەن، بەرگی ٢٥، بەشی ٣، تەمووزی ١٩٣٧ و، هەمان بیبلیۆگرافیای (١٩٣٧–١٩٤٤)، هەمان گۆڤار، بەرگی ٣٢، بەشی ٢، مایسی ١٩٤٥ / بە ئینگلیزی.

[٢٧٥] مستەفا نەریمان، ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی ١٧٨٧–١٩٧٥، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد– بەغدا، ١٩٧٧، ل٢١.

[٢٧٦] توفیق وهبي، حول مقال مسؤولية الاديب الكردي الكبرى للاستاذ عبدالمجيد لطفي، بغداد، ١٩٧٣، ص٩–١٠(عني بنشره محمد الملا عبدالكريم).

[٢٧٧] ڕۆژی کوردستان، ژ١٢، ل٢.

برایەتی و دۆستی و خزمەتی دین و میللەتە ... لە حدوودو سنووری هەر دێهاتێ دزی و جەردەیی و سایرە ڕوودبدات، ئەو دێهاتە تەضمین ئەکرێ و ئەهالی ئەو جێگایانە تەجزیە ئەکرێ. فاعیلەکەشی کە دۆزرایەوە بە نەوعێ تەجزیە ئەکرێ کە ببێ بە عیبرەت بۆ خۆی و بۆ هەموو عالەم و حەتتا طەیارەش سەوق ئەکرێتە سەر ئەم نەوعە جێگایانە کە بۆمبابارد مانیان بکات))[278]. دامەزاندنی ڕیاسەتەکانی حکوومەتی کوردستان، شۆڤێنیە عەرەبەکانی لە بەغدا ورووژاند. بۆ نموونە، غەزەتەی "العراق" لە ژمارەکانی ٧٣٨ و٧٤٣یدا، لە زمانی (حزب الحر العراقي)یەوە، داوای پاراستنی هەموو ماف و سنوورە ئاساییەکانی عیراقی لە حکوومەتی خۆیان کردووە، کوردستانیشی بەناوی لیوای سلێمانییەوە خستوەتە سەر. عارف صائیب لێی هاتوەتە دەنگ، کوردستانی بە دەوڵەت و وڵاتێکی جیاو دراوسێی عیراق لەقەڵەم داوە. بە هەمان مەرامەوە، وەڵامی هەواڵێکی لەو چەشنەی ڕۆژنامەی "دجلە"ی داوەتەوە کە لە "نەجمە"وە وەریگرتووە[279].

شێخ، لەو مووچەیە کە هەیئەتی ڕوئەسای کوردستان بۆی بڕییەوە، لەبەر قازانجی گشتی و کۆمەکی خەزێنەی میللەت، ١٠ هەزار ڕووپییەی گێڕایەوە. فەرمانیشی دا هەموو وەختێ لە موڵك و سامانی تایبەتی خۆی، یارمەتی خەزێنە بدرێ. ئەم ئیرادانەیشی لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا دەرکرد: شێخ قادر کرایە ڕەئیسول ڕوئەساو نایبی حکوومەتی

---

[278] بانگی کوردستان، ژ١٣، ل٣.

[279] ڕۆژی کوردستان، ژ١، ١٥ تشرین ثانی ١٩٢٢، ل١-٢؛ ژ٣، ٦ کانون أول ١٣٣٨، ل١-٢.

بنکەی ژین
www.zheen.org

کوردستان، ماجد مستەفا بە مودیری هەندەسەخانەو سدیق ئەفەندی بە کاتبی هەندەسەخانە، تۆفیق ئەفەندیی عەزیز ئاغا بە مەئمووری ئەنبارو مەغازەی عەسکەرییەو پۆلیس، شاکر مەجروم بە موفەتیشی فەننی تەلغراف و موعامەلاتی پۆستە[٢٨٠].

بینباشی ساڵح زەکی ساحێبقڕانی قایمقامی پێشووی ئاکرێ، یەکەم حەفتەی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ لە هەولێرەوە هاتەوە بۆ سلێمانی. ئەمانەیش دوابەدوا هاتن: یووزباشی سەید ڕەئووف لە کەرکووکەوەو داودبەگی برای ساڵح زەکی لە هەولێرەوە. ساڵح زەکی بوو بە قوماندانی عەسکەری کوردستان[٢٨١]. مولازم ڕەشید شەوقی لە هەولێرەوە هات، کرایە ئەفسەری سوارەی خاصە[٢٨٢]. ئەم ئیرادانەیش لەو ماوەیەدا دەرچوون:

عەلی ئاغای سەرۆکی زەنگەنەو ڕەفعەت بەگی سەرۆکی داودەو قیدەملی ئەرکانی جەنگ یووزباشی تۆفیق وەهبی بەگ، کرانە یاوەرانی حەزرەتی ملووکانە، تاهیر ئەمین ئەفەندی بە سەرکاتبی مابەینی ملووکانە، عیززەت ئەفەندیی شێخ قادر بە ڕەئیسول ئومەناو شێخ محێدینی کانی کەوەیی بە قوماندانی قیوای میللییەی مەعییەتی ملووکانە[٢٨٣].

---

[٢٨٠] هەمان سەرچاوە، ژ١، ل٢-٣.

[281] ڕۆژی کوردستان، ژ١، ١٥ تشرین ثانی ١٣٣٨، ل٤.

[282] بەسەرهاتووی کاکەڕەشید شەوقی، ل٤٩.

[٢٨٣] هەمان سەرچاوە، ژ٣، ٦ کانون أول ١٣٣٨، ل٤؛ ژ٤، ١٣ کانون أول ١٣٣٨، ل٣-٤.

www.zheen.org

ئەم ئەفسەرانە لە سوپای لیڤی ی پێشوو مابوونەوەو خرانە ناو عەسکەری کوردستان: یوونس عەبدولقادر "ماهی" و ڕەشید عەبدولکەریم و ڕەمزی عەبدولکەریم و ڕەشید سدقی غەفوورو ئیبراهیم زووری و محەمەد ئەفەندی و عەبدوڵڵا عادیل شێخ قادرو ساڵح ڕەفعەت. ئەمانەیش پەیوەندییان کرد: یووزباشی قادر ئەفەندی ی قەرەداخی و سەید ڕەزا ئەفەندی و مەجید بەگی ڕەسووڵ بەگی موغاغ و یووزباشی سەید ڕەئووف ئەفەندی و سەبری ئەفەندی کاکەڕەش و ڕەشید شەوقی[٢٨٤].

لە (ئیعلان)ێکی بڵاوکراوەی ئەو ڕۆژگارەدا وتراوە: (( لەبەر ئەوەی کە مەقامی حەضرەتی ملووکانە بە ئومووراتی جوزئی ئیشغال نەکرێ لەمەولا ئیستیدعا بۆ ئەو مەقام عالییە بە صوورەتی قەطعی مەمنووعە هەچ کەس خیلافی ئەم ئیعلانە حەرەکەت بکا جەزا ئەدرێ))[٢٨٥].

نۆئێل، دوای چەند هاتن و چوونێکی نێوان سلێمانی و بەغداو کەرکووک و ئاڵوگۆڕی بیروڕای هەردوو لایەنی کوردی و ئینگلیزی بۆ چارەسەری کێشەی کورد[٢٨٦]، لە نامەی ڕۆژی ١٩٢٢/١١/١٥یدا بۆ شێخ مەحموودی نووسیوە کە: حکوومەتانی بریتانیاو عیراق بەتەمان بەڵێن بدەن کورد حکوومەتێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی عیراقدا پێك بهێنێ، چوونی نوێنەری کوردیشی بۆ

---

[284] چیم دی، ب١، ل١٢٤؛ سدیق ساڵح، بەسەرهاتووی کاکەڕەشید شەوقی، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٩.

[285] هەمان سەرچاوە، ژا، ل٤.

[286] بانگی کوردستان، ژ١٠، ١٥ تشرین أول ١٩٢٢، ل٤؛ ژ١١، ٢٠ تشرین أول، ل٦؛ ژ١٢، ٢٧ تشرین أول ١٠٢٢، ل٦.

بنكەی ژین
www.zheen.org

بەغدا بۆ ئەو مەبەستە پێویست بینیوە[٢٨٧]. هەر نۆئێل لە ڕاپۆرتی ١٩٢٢/١١/٢١یدا بۆ مەندووبی سامیی نووسیوە: ((شێخ بە هیچ جۆرێك ڕازی نییە بە دەسەڵاتداریێتی ی عیراق بەسەر کوردستانەوە. زۆر لە هەولێریەکانیش لایەنگری شێخن، شێخیش ئەتوانێ ناوچەکەی خۆی بە داهاتی بەرهەمی تووتن بژیەنێ))[٢٨٨]. نۆئێل و وەفدی سلێمانی، سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٩٢٢، لە بەغدا لەگەڵ مەندووبی سامی و مەلیك فیسەڵدا کۆبوونەوە[٢٨٩].

تشرینی دووەمی ١٩٢٢ وەفدێکی شێخ گەیشتە بەغدا، تا زەمینە خۆش بکرێ بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ شێخدا، شێوەی پەیوەندیی نێوان سلێمانی و عیراقیش دیاری بکرێ. هیچ ئەنجامێك بەدەست نەهات، چونکە داواکانی شێخ قسەهەڵنەگر بوون. وەفدەکە گەڕایەوە[٢٩٠].

شێخ بۆ ئەوەی دەسەڵاتی حکوومەتەکەی لە دەرەوەی سلێمانی بچەسپێنێ، شێخ محەمەدغەریبی ڕەئیسی داخلییەی نایبی ڕەئیسول ڕوئەسای لە کانوونی یەکەمدا ناردە قەزای هەڵەبجە. ئیتر بەیداغی کوردستانی، بە ئامادەبوونی بەگزادەی جاف و هەورامان و خەڵکی ناوەوە و دەرەوە، لێ هەڵکرا، نوتقی تێدا درا[٢٩١]. ئەو مەسەلەیە ساغ نەبوەوە و بکوژان سزا نەدران، بۆیە مونەووەرانی شار کەم‌وزۆر ترسیان لێ نیشت.

---

[٢٨٧] یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل٩٩-١٠٠.
[288] هاوار، ب١، ل٤٧٩.
[٢٨٩] کرد وترك وعرب، ص٢٧٨.
[290] يقظة الكرد، ص٢٦٠.
[٢٩١] بانگی کوردستان، ژ١٣، ل٦؛ ڕۆژی کوردستان، ژ٤، ل٣.

نكەی ژین
www.zheen.org

جەمال عیرفانی ئەفسەری عوسمانیو مونەووەری دیاری سەردەمەکە، شەوی چوارشەممەی ڕێکەوتی ۱۳/۱۲/۱۹۲۲\۱۲ بە قەستی کوشتکردن تەقەی لێ کراو بریندار بوو، دوای سێ سەعات کۆچی دوایی‌ی کرد[۲۹۲]. هەر ئەو مانگە، شێخ نووری‌ی شێخ ساڵح بە بایەخ پێدانێکی زۆرو پەرۆشییەکی لەڕادەبەدەرەوە ئاماژەی بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکانی کۆنگرەی لۆزان کردووە لەسەر کێشەی ویلایەتی مووسڵ (کوردستانی جنووبی)، نووسیویە:

(( ئیستیرحام لە زیمامدارانی ئوموورو ئیدارەمان ئەوەیەکە حوقووقی کوردستان فەرامۆش نەکرێو لە لۆزان ئەم حەقە داوا بکرێ. چونکە: ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە زۆر نازکو فرصەتە هەموو ئانێکی ئەم زەمانە ئەوەندە بەقیمەتە کە جەبری مافاتی قابیل نییە. ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە موقەڕراتی هەموو میللەتێکی صاحێب حەق لەو مەجلیسەدا مەوضووعی بەحث ئەکرێو هەموو قەومێ نائیلی ئامالی موقەددەسەی میللییەتی خۆی ئەبێ. ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە ئەگەر بە غەفڵەت ڕابیوێرین موقابیلی هەموو ثانییەیەکی ئەبێ دە ساڵ عەذابو ئەسارەت بکێشین. ئەمڕۆ ڕۆژێکە صبحەینێ هەرچەند بە ماضی ناوی ئەبەین بەڵام بۆ ئێمە ئیستیقبالێکی ڕووناکی تێدا تەئمین ئەکرێ. ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە نابێتەوە ئەگەر لەم ڕۆژەدا فەرامۆش بکرێین ئەبەدییە عەذابێکی لایەتەناهییە. ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە بۆ ئیستیردادی حەقێکی قەومییەتو میللییەت لە هەموو قەومێکی صاحێب ئیدراك یەکێك بۆ ئیثباتی حەقی مەشرووعەیان موطلەقەن ئەچێتە ئەو مەجلیسەوە حەتتا چێویش بنێن بە ورگیانەوە هەر ئەچن. ئەمڕۆ ڕۆژێکە

www.zheen.org

---

[۲۹۲] ڕۆژی کوردستان، ژ٥، ۲۰ کانون أول ۱۳۳۸، ل۱.

حەق ئیثبات ئەکرێو ناحەق قبووڵ ناکرێ. کەوابێ حوقووقی خۆمان بۆ دەستی خۆمان ئەدرێ. مەسئەلەیەکی مەشهووری کوردییە تا ماڵ ڕاوەستابێ مزگەوت حەرامە، فانتبهوا !))[٢٩٣]؛ لەکاتێکدا ئەو کۆنگرەیە ١٩٢٢/١١/٢٠ کرایەوە، لۆرد کیرزنو عیسمەت ئینۆنۆ بەشداری بوون. وەك تورکیا داوای ویلایەتی مووسڵی تا چیای حەمرین ئەکرد، ئینگلیزیش سنوورێکی لە هی ویلایەتەکانی باکوور زیاتری ئەویست[٢٩٤].

ناوەندی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢، مەفرەزەی عەسکەرو پۆلیس نێردرایە چەمچەماڵ، بەیداخی کوردستان لە دائیرە حکوومیەکانی ئەو قەزایە هەڵکرا. ئیتر ئەو ناوچەیە لەوکاتەوە خرایە ناو قەڵەمڕەوی ئەو دووەم حکوومەتە[٢٩٥].

ئەو ڕۆژانە، چەند لیژنەیەکی نهێنی بە سەرکردەیی سەید ئەحمەدی خانەقا لە کەرکووك پێك هێنرا بۆ پشتگیریی تورك دژی ئینگلیز، ناوی (جەمعییەتی مودافەعەی حوقووقی کەرکووك– کرکوك حقوق مدافعەسی جمعیتی)یان لە خۆیان ناو پەیوەندییان بە ئووزدەمیرەوە هەبوو[٢٩٦].

دووەم نیوەی کانوونی یەکەم، لە شێخانی تاڵەبانی شێخ فەیزوڵڵای شێخ قادرو شێخ عیززەددینو شێخ جەلالی شێخ حەمیدو شێخ وەهابو شێخ عەلیو شێخ تاڵیبو شێخ ڕەشید، لە سەرانی زەنگەنە غەفوور ئاغاو

---

293 هەمان سەرچاوە، ژ٦، ٢٧ کانون أول ١٣٣٨، ل١-٢، ٣-٤.

٢٩٤ کرد وترك وعرب، ص٢٨٢.

٢٩٥ ڕۆژی کوردستان، ژ٥، ل٤.

٢٩٦ یادداشت، بەشی دووەم/ ب٦، ل٧٨.

www.zheen.org

جاسم ئاغاو ڕەشید ئاغاو قادر ئاغای سەفۆك ئاغاو لە سەرانی زەند غەنی ئاغا، هاتنە سەردانی شێخ مەحموود[297].

مەلیکی کوردستان ١٢/٣٠، پشت بەستوو بە تەلگرافی موڕەخەسی خۆی، ڕایگەیاند کاپتن چاپمان پیرۆزبایی‌ی لە سەربەخۆیی‌ی کوردستان کردووە. سمکۆ "سمایل خانی شکاك"یش کە بەهۆی پەلامارێکی هێزەکانی تورکەوە شکابوو، هاتبوە ئەمدیوو کانوونی یەکەم لە هەولێر بوو، ١٤ی ئەو مانگە ئەوو سەید تەهای نەهری نامەگۆڕکێیان بە برووسکە لەگەڵ شێخدا هەبوە بۆ بڕیاردان لەسەر دەرکردنی تورکەکان لە ڕەواندز. بەڵام شێخ ڕازی نەبوو، بەبێ جێبەجێبوونی بەڵێنەکانی بریتانیاو سەلماندنی مافەکانی کورد، هیچ بکات[298]. شێخ لە وەڵامدا بۆ سمکۆ گومانی لە بەڵێنەکانی ئینگلیز کردووەو نووسیویە:

((ئەمڕۆ حەقێکی ڕەسمی نەدراوە بە میللەتی کوردی ئێمە کە ببێتە سەبەبی جونبوشو مودافەعەی دوشمنانی خاریجی. وە هەرچەند ئێمە داوای لوطفو حوقووقمان کردبێ بە نەوع نەوع وەعدو بەهانە ئیمهال کراوە. ٣ مانگ لەمەوپێش حکوومەتی فەخیمەی بریتانیا ئەو موعاوەنەتە کە وەعدی فەرمووە لە صەد یەکێکی بەجێ نەهێناوە تاوەکوو منیش میللەتی کورد بە ئیستیقبالەوە طەماعداریان بکەم. بۆ حەقی شەڕو شۆڕم پێ خۆشە، بەڵام بۆ ناحەقی پێم خۆش نییە کە خوێنی موسڵمانانی کورد بڕێژم. ئەگەر لوطفەن حەقی خۆمان پێ ببەخشرێ حاضرین بۆ هەموو فیداکاریو دەفعو دوورخستنەوەی موعتەریضەکانمان. ئەگینا هەر بۆ

---

[297] ڕۆژی کوردستان، ژ٦، ٢٧ کانون أول ١٣٣٨، ل٤.

[298] هەمان سەرچاوە، ژ٧، ٣٠ کانون أول ١٣٣٨، ١، ٣-٤.

www.zheen.org

ئیطاعەتی موطــڵەقەی حکوومەتی فەخیمە بە قەطعی قەول ئەدەم کە بێطەرەف و صادیق ئەمێنمەوە بەرامبەر دەوڵەتی موعەظەمەی بریتانیا ... هەموو میللەتی کورد بێتەرەددود حاضرە بۆ دەفعی دوشمنی خۆی بە شەرطێ وەکوو حکوومەتی بریتانیا بفەرموێ ... بێ زانینی سەبەب بێ چاوپێکەوتنی حەق موجادەلە بۆچی بکەین و بۆ مەنفەعەتی کێ خوێن برێژین))[299]. ئەمە ناوبانگی شێخی زیاد کرد، بەتایبەت لەلای شێخانی عەشایەری لیوا لەوپەڕی کفریەوە تا تاڵەبانی[300]. نۆئێل و ئەدمۆندز، ئەو ماوەیە، لەسەر سیاسەتی پێڕەوکراوی ئینگلیز دەرهەق بە کورد ناکۆک بوون. نۆئێل لە چاوی سلێمانی‌یەوە ئەیڕوانییە مەسەلەکە؛ هەتا سەرسەختانەیش هەوڵی دا سەید تەهاو سمکۆو شێخ مەحموود یەک بخات تا کارێکی هاوبەش بکەن، بۆی سەرنەچوو[301].

نۆئێل هەتا لەلای شێخ بوو، هیچ بەرهەڵستییەکی نیشان نەدا، چونکە لە سیاسەتی مەندووبی سامی ناڕازی بوو؛ ئەیزانی چ داوێك بۆ چارەنووسی کوردستان نراوەتەوە، هاوسۆزی و خۆشەویستیی بۆ شێخ هەبوو. بە هەستێکی پەنهان دەرکی پێ کردبوو کە شێخ خاوەنی پەیامێکە بەو چاکەو خراپەو ڕاست و چەوتیانەوە کە هەی‌بوون. شێخ ناسیۆنالیستێکە نەتەوەپەروەریەکەی بێگەردە؛ یەکەم ڕابەرە کە ئەبێ دەوڵەتی داهاتووی کوردستان بەهۆی ئەوەوە بنیاد بنرێ" تەماعکارو

---

[299] هەمان سەرچاوە، ژ٧، ل١-٤.

[300] کرد وترك وعرب، ص٢٨٠.

[301] هەمان سەرچاوە، ل٢٧٤، ٢٧٩.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرسەختە، بە ڕادەیەك كە خۆپەرستانە پابەندی پرنسیپە ئەخلاقیەكان نابێ، بەڵام هەمیشە نەیارێكی شەرافەتمەندو بەڕێزە[٣٠٢].

وەزیفەی موفەتیشی عموومی، كۆتاییی كانوونی یەكەمی ١٩٢٢ هەڵوەشێندرایەوە، چونكە سدیق پاشای قادری كە بە نووسراوی ژمارە (١٢٦٧٨)ی ٢١/٩/١٩٢٢ی مەندووبی سامی كرابوە موفەتیشی عموومیی حكوومەتی كوردستان، بەقسەی خۆی، لەبەر جیاوازیی بۆچوون و هەڵنەكردنی لەگەڵ شێخدا، ڕۆژی ٢٦/١٢/١٩٢٢ دەستی كێشایەوەو چووەوە بۆ بەغدا[٣٠٣]. عارف صائیب، لەپاڵ ئەحمەدی عەزیز ئەفەندی (خواجە)دا كە كاتبی مابەین بوو، كرایە كاتب ثانی (مابەین)ی دائیرەی تەحریراتی ملووكانە كە تایەری ئەمین ئەفەندیی مەسرەف سەركاتبی بوو[٣٠٤].

هەردوو حكوومەتی بریتانیاو عیراق ٢١/١٢/١٩٢٢ دەقی ئەم بەیاننامەیەیان بۆ ڕازیكردنی كورد بڵاوكردەوە: ((حكوومەتی خاوەنشكۆی بریتانیاو حكوومەتی عیراق، دان بە مافی كوردی ناو سنووری عیراقدا ئەنێن كە حكوومەتێكی كوردی لەناو ئەم سنوورەدا دامەزرێنن. هەردوو حكومەت بەهیوان سەرانی كورد، بە جیاوازییانەوە،

---

[302] يقظة الكرد، ص٢٥٤.

[٣٠٣] مذكرات القادري في بيان الثورة الروسية وايضاح غوامضها، نقله الى العربية القاسم العاوي، المطبعة العصرية– بغداد، ١٩٢٥، ص٢٤٨.

[٣٠٤] ڕۆژی كوردستان، ژ٧، ٣ كانون أول ١٣٣٨، ل٤..

بنكەی ژین www.zheen.org

زوو لەسەر شێوەی ئەو حکوومەتەو تا چ سنوورێك درێژ بێتەوە، پێك بێن، وەفدێکی دەسەڵاتپێدراو بنێرنە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیاو حکوومەتی عیراقدا سەبارەت بە پەیوەندیە ئابووریو سیاسیەکان))[٣٠٥].

شێخ وەفدێکی بە سەرۆکایەتیی سەید ئەحمەدی مەرەخەسو ئەندامێتیی مستەفا پاشاو حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغاو کەریم بەگی فەتاح بەگو چەند کەسێکی تر، بۆ بەدەنگەوەچوونی ئەو بەیاننامەیە نارده بەغدا. هێندەی هەوڵیان دا مەندووبی سامییان نەدی، چونکە ئەوانەی بە وەفدی شێخ دانابوو، نەك هەموو کورد[٣٠٦].

وادیارە تاقە چاپخانەکەی حکوومەت لەم دەورانەدا کاروباری چاپی بە گشتی پێ ڕایی نەکراوە، بۆیە دەفتەرێکی کۆمەك بە دەستپێشخەریو ڕێنیشاندەریی شێخ قادری حەفیدو هەوڵو تەقەلای مولازم عەزیز حیکمەت قەزاز ڕێك خرا بۆ پیتاککردن بۆ کڕینی چاپخانەیەکی نوێ. سەرجەم (٢٣٢) کەس هاوبەشییان کرد، ٤٤٣٨ ڕووپیەی بۆ کۆکرایەوە[٣٠٧].

---

[٣٠٥] تاريخ الوزارات العراقية، ج١، ص٢٧٤.

[306] هاوار، ب١، ل٤٧١-٤٧٥.

[٣٠٧] ڕۆژی کوردستان، ژ٨و ٩و ١٠و ١١و ١٢و ١٣و ١٤ی ڕۆژانی ١٠و ١٧و ٢٤ی کانوونی دووەمو ٣و ١٠و ١٧و ٢٤ی شوباتی ١٣٣٨ (١٩٢٣)؛ لە بەڵگەنامەکانی حکوومەتی شێخ مەحموود: تۆمارێکی شارەوانیی سلێمانی، ل٤٠.

ژینی www.zheen.org

سمکـۆ، بــە دۆســتانی پــشدەردا، هــەواڵی نــارد دێتــە ســلێمانی. ۱۹۲۳/۱/۷ شـێخ قـادر، لەگـەڵ قومانـدانی مـەفرەزەی ژاندرمـەو هێزێکـی زۆرو گەلێ پیاوماقووڵدا، بەپیریەوە چوو. مستەفا پاشا ڕایسپارد ڕەفیق حیلمی گۆرانییەکی میللی ڕێك بخاتو بە قوتابیەکانی فێر بکات، تا لە بەرەوپیری سمکۆدا بخوێنرێتەوە، ئامادەی کرد[308].

۱/۸ دەوامــی دائیرەکــانی حکوومــەت وەســتێنرا، دووکــان هــەڵگیرا. ســاداتو مــەئمووڕانی عەســکەری‌و مــوڵکی‌و ســەرانو ئەشــرافو مونەووەرانو ئەهالی، بۆ ڕێوڕەسمی پێشوازی، نزیکەی نیو سەعات بە سواری‌و پیادە ڕوویانکردە ڕێگەکە. ڕەئیسی داخلییەو کاپتن چاپمان بە ئوتومبیل، ڕەئیسەکانی تر بە سواری یا ئوتومبیل، تا سەعاتێکی ڕێگە بۆ پێشوازی چوون. سەرخێڵانو پیاوەکانیان هاتنە ناو ڕێوڕەسمەکە.

گەردوونـەی حـەزرەتی مـەلیك سـەعات ٦ کـوردی (۱ی دوانیـوەڕۆ) لـە شارەوە، نزیکەی نیو سەعات ڕێگە، هاتە پێشەوە بۆ پێشوازی، لە جێگەی تایبەتدا چاوەڕێیان کرد. هەموو هێزەکانی سوارەی میللی‌ی ملووکانە، بە ڕیاسەتی قوماندانی قووای میللی، سەعاتەڕێیەك دوور تا کەناری شار لە هـەردوولای ڕێگـە ڕیزیان بەست. پاش قەدەرێ، سمکۆو ئەحمەد ئاغای بـرای‌و خزمـانو پیاوەکـانی‌و سـەرانی عەشـیرەتی پـشدەر بابـەکرئاغاو عەباس ئاغاو سەرۆکانی تری پشدەرو مەنگوڕو ئۆجاغ، لـە خزمەت شێخ قـادردا، تـەواو نزیکـی جێگـەی حـەزرەتی مـەلیك بوونـەوە. ئەوکاتـە گەردوونـەی حـەزرەتیش تـۆزێ چـووە پێـشەوە. تەوقـەو بـەخێرهێنان

www.zheen.org

[308] یادداشت، ب٦، ل٤٩.

بـەجێهێنران. سمکـۆ لـە گەردوونـەی ملووکانـەدا جێکرایـەوە، هـەموان گەڕانەوە بۆ ناو شار.

بەیانی ی ئەو شەوە، بەقسەی شایەتحاڵێکی وەك ڕەفیق حیلمی، پێش هەتاوکـەوتن ئـەهالی ی شـاری سـلێمانی وردو درشـت، بـە پیـاوو ژنـەوە ڕژابوونە کۆڵانەکان. قوتابیان لەو کۆڵانەی ماڵی شێخ قادردا کە ئەچوو بۆ ماڵی شێخ مستەفای نەقیب کەوا بۆ سمکۆ ساز کرابوو، لەگەڵ پۆلیس و عەسـکەردا بەرامبـەر بـە یـەکتر ڕیزیـان بەسـتبوو. خـەڵك تـا ئـەهات زۆر ئەبوون و لـەو دەشت و کۆڵانـەدا جێیـان نەئەبوەوە. تـەلارو پێش هـەیوان و بەرپەنجـەرەی خانوەکـان و سـەربانی مزگـەوتی گـەورەو دووکـان و بـازاڕ جمەیان ئەهات. دێهاتی نزیکی سلێمانی بەجارێ ڕوویان کردبوە ناوشار. سمکۆ گەیشتەجێ[309].

فەرمانـدەو ئەفـسەران و عەسـکەران سـڵاویان لـێ کـرد، گـەلێ گـۆرانی ی نیشتمانییان خوێندەوە. حەزرەتی مەلیك و سمکۆ، عەسکەرەکانیان یەکەیەکە پشکنی. دوایی تێکڕا هاتنەوە بۆ ناو شار. حەوت تۆپی سڵاوو ڕێـز تـەقێنرا. شـاگردانی مەکتـەب گـەلێ گـۆرانی و شـیعری کـوردی ی نیـشتمانییان خوێنـدەوە[310]. مـستەفا پاشـا وتـارێکی لـەبارەی سمکـۆوە پێـشکەش کـرد، داسـتانی خـەبات و پاڵـەوانیی بەدرێـژی تێـدا گێڕایـەوە[311]. سوپاسـنامەی

---

[309] یادداشت، ب٦، ل٥٠.

[310] ڕۆژی کوردستان، ژ٨، ل٤.

[311] یادداشت، بەشی سێهەم، ل٥١.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سمکۆیش بۆ حکوومەتو خەڵك، لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٢٣/١/١٠ی "ڕۆژی کوردستان"دا بڵاوکرایەوە[٣١٢].

وەفدێکی شێخ لە محەمەد ئاغای ئەوڕەحمان ئاغاو تاهیری ئەمین ئەفەندی، ڕۆژی ١٩٢٢/١٢/٢٢، گەیشتە کەرکووك؛ داوای لە دەسەڵاتدارانی ئینگلیز کرد بەیاننامەیەك دەربکەن سەربەخۆیی کوردی لە سایەی حوکمی شێخ مەحموودا تێدا بسەلمێنرێ[٣١٣].

ئەو ماوەیە تا ٣ی شوباتی ١٩٢٣، کەریم بەگی سەرۆکی جافو محەمەد ئاغای ئەوڕەحمان ئاغاو سەید ئەحمەدی بەرزنجیو تاهیری ئەمین ئەفەندی، هەشت جار بۆ چارەسەری مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان، هاتوچۆی کەرکووك و بەغدایان کرد[٣١٤].

ئینگلیز ناڕازی نەبوو کە شێخ ڕانیەو کۆیە بخاتە ناو ئیدارەی خۆی، دوای ئەوەی تورکەکانیان لێ کشانەوە، تا شێخ بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. هێزەکانی شێخ بە فەرماندەیی ڕەشید سدقی غەفووری ئەفسەر ١٩٢٣/١/١٤، دوای پێکهاتن لەگەڵ سەرانی جووڵانەوەی ڕەواندزدا، چوونە ناو قەزای ڕانیە، ئاڵای کوردستانیان تێدا هەڵکرد، داوایان لە تورکەکان کرد لە بێتواتە بکشێنەوە. ئەمجا چوونە ناو کۆیە، هاوکاری قایمقامیان کرد[٣١٥].

---

[٣١٢] ڕۆژی کوردستان، ژ٨، ل٣.

[٣١٣] د.وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، ص١٥٩-١٦٠.

[٣١٤] عبدالقادر، قوم نجيب كورد، "ڕۆژی کوردستان"، ژ١١، ٣ شباط ١٣٣٨، ل١.

[٣١٥] الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، ص١٦١؛ كرد وترك وعرب، ص٢٨٣؛ بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی، ل٥٤-٥٦.

سەید عەبدوڵڵای حاجی سەید حەسەن کرایە قایمقامی ڕانیە، لەکاتێکدا پێشتر وەکیلی موتەسەڕیفی سلێمانی بوو[٣١٦]. ڕۆژی ١٩٢٣/١/١٦، هێزی دۆبس و بۆردیللۆی سکرتێری مەندووبی سامی و ئەدمۆندزو بۆرتۆنی موقەددەمی هێزی ئاسمانی و ماکنیسی فەرماندەی ستوونی فڕۆکە لە بەغدا کۆبوونەوە، ڕێك کەوتن لەسەر:

١- مەندوبی سامی ١/٢١ برووسکەیەك بنێرێ بۆ شێخ مەحموودو داوای لێ بکات بێتە بەغدا.

٢- ئەگەر نەهات، هێزێکی فڕۆکە بچێتە سەر سلێمانی، بڵاوکراوە بەربداتەوە" تێیدا ڕابگەیەنێ کە شێخ لە حوکم لابراوەو مۆڵەتی پێنج ڕۆژی دراوەتێ بە هەموو ئەندامانی مەجلیسی لیواوە بگاتە بەغدا.

٣- دوو سریەی بەتالیۆنی ١٤هەمی سیخ بە شەمەندەفەر تا کەنگربان بێن، لەوێوە بە فڕۆکە ببرێنە کەرکووك. ئەم کردەوە عەسکەریە تازەیە، پێشتر لە دنیای تەکنیکی جەنگدا نەبوە، تا هێزەکانی لیڤی بەهێز بکرێن بۆ قایمکاری دژی هەر پەلامارێکی کتوپڕ.

٤- ئەگەر شێخ ڕازی نەبوو سلێمانی چۆڵ بکات، هێزی ئاسمانی سەربازگەکان و بارەگاکەی بۆردومان بکات[٣١٧].

مەندووبی سامی، لای حکوومەتی ئێران بۆ سمکۆ تێکەوت و لێبوردنی بۆ وەرگرت، تا هانی بدەن لە سلێمانی بڕوات. ئەدمۆندز

[٣١٦] بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی، ل٦٧؛ یادداشت، ب٦، ل٧٥.

[٣١٧] کرد وترك وعرب، ص٢٨٤.

بەرنامەیەکی دانا: ئەگەر نەتوانرا دەسەلاتێکی ناوەندیی بەهێز لە سلێمانی دابمەزرێنرێ بۆ کۆنترۆڵکردنی لیواکە، چەند قەزایەك لە سلێمانی بکاتەوە" ڕانیە بخاتە سەر هەولێر، چەمچەماڵ و هەڵەبجەیش سەر کەرکووك. بڕیاریش درا چاپمان لە سلێمانییەوە بکێشرێتەوە، بەکردەوە شوباتی ١٩٢٣ هێنرایەوە بۆ کەرکووك[٣١٨].

وەفدێکی شێخ، کەریم بەگی جاف و تاهیری ئەمین ئەفەندی، بە یاوەریی نوێنەری ئینگلیز لە سلێمانی، ١٩٢٣/١/١٩ گەیشتە کەرکووك، دوای ئەوەی چەند جارێك کۆبوونەوە لەگەڵ دەسەلاتدارانی بریتانیادا دواخرا. شێخ بڕیاری دا لە قەزای چەمچەماڵ بمێنێتەوە، کە نزیکی کەرکووکە، تا کاتی پێویست بەشداریی دانوستان بکات. بنچینەی گفتوگۆی نێوان هەردوولا، ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی هەردوو حکوومەتی بریتانیا و عیراق بوو، واتە مافی کورد بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردی لە چوارچێوەی عیراقدا. حکوومەتی عیراق هێزی عەسکەریی نارده مووسڵ، هێزەکانی کوردیش گەیشتنە سەر سنوور، بۆیە گفتوگۆ کۆسپی هاتە ڕێ. ئەمە بارودۆخی کەرکووکی گرژ کرد[٣١٩].

وەزارەتی دارایی عیراق، بۆ تەنگ هەڵچنین بە شێخ مەحموود، بەیاننامەیەکی دەرکرد؛ داوای تێدا لێ کرد هەموو ڕسوومی سەر تێکڕای تووتنی سلێمانی نەدرێتە شێخ، چونکە ئەبوە هۆی ئەوەی کە بازرگانەکان مل بۆ داواکانی شێخ نەدەن و بودجەو داهاتەکەیشی کەم ببنەوە[٣٢٠].

---

[٣١٨] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

[٣١٩] الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، ص١٦٢.

[٣٢٠] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەدمۆندز، ڕۆژی ١٩٢٣/١/٢٠، ئەو چوار خاڵە ئامارژەبۆکراوەی بە برووسکە گەیاند بە شێخ. ١/٢٢ بیست فڕۆکە هێزی سیخیان هێنایە سەر کەرکووک، پاشان بەرەو سلێمانی‌یان برد. بەڵام هەر دوانیان لە چەمچەماڵەوە گەیشتە سەر سلێمانی، بەیاننامەیان فڕێدایە خوارەوە. ڕۆژی ١/٢٣ شانزە فڕۆکە هەمان کاریان دووپات کردەوە، یەکیان لە دۆڵی بازیان دابەزیو یەکی کەوت. ئاغاکانی هەمەوەند پاراستیان، دوای چەند هەفتەیەك برایەوە[٣٢١].

ڕۆژی ١٩٢٣/٢/٤ لە گفتوگۆکانی کۆنگرەی (لۆزان)دا، بڕیاردرا کێشەی ویلایەتی مووسڵ وەلا بنرێو مۆڵەتی ساڵێك بدرێتە هەردوو حکوومەتی بریتانیاو تورکیا بۆ لێك تێگەیشتن. ئەگەر ئەوەیش سەری نەگرت، کێشەکە بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی نەتەوەکان؛ ئەم ماوەیە وەزعەکە وەك خۆی بهێڵرێتەوە، هەردوولا ڕێزی بگرن. بەم بڕیارە، پەیمانی سیڤەر بەتەواوی لەگۆڕ نراو حکوومەتی بریتانیاش ئەرکی یاریدەدانی کوردی عیراقی لەسەر نەما تا مافی خۆی بەکار بێنێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کە ڕەنگبوو لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا دابمەزرێنرێ[٣٢٢].

شێخ سەرەتای شوباتی ساڵی ١٩٢٣ ئیرادەی دەرکرد بۆ هێنانی باندۆیەکی مۆزیقا بۆ عەسکەرییە[٣٢٣]؛ بە نامە داوای لە مەلیك فەیسەڵیش کرد، قسە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بکاتو بکەوێتە نێوانیان. مەلیك ڕازی نەبوو، لە وەڵامیدا بە پێویستی دانا هەمان دەنگدان بۆ

ننکەی ژین
www.zheen.org

[٣٢١] کرد وترك وعرب، ص٢٨٥.
[٣٢٢] هەمان سەرچاوە، ل٢٨٢.
[٣٢٣] ڕۆژی کوردستان، ژ١١، ل٤.

دەستنیشانکردنی بە مەلیك لە کوردستانیش بکرێ[٣٢٤]. هاوکات شێخ کەوتە ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوچەکانی لیوای کەرکووك[٣٢٥].

ڕۆژی ١٩٢٣/٢/٧ یووزباشی فەتاح بەگی ئەمین عەتاری ژنبرای شێخ لە ئەنقەرەوە گەیشتە سلێمانی، گفتی یارمەتیی هێنا[٣٢٦]. شێخ لە ئینگلیز نائومێد بوو، زیاتر پەیوەندیی بە ڕەواندزەوە بەست، داوای لە ئووزدەمیر کرد وەفدێکی خۆی بنێرێتە سلێمانی. تورکخواکانو تاهیری ئەمین مەسرەفی سەرکاتبی (مابەین)ی دائیرەی تەحریراتی ملووکانەو فەتاح بەگی ژنبرای، دەورێکی کاریگەریان لە نزیکخستنەوەی شێخدا لە تورك هەبوو[٣٢٧].

نوێنەرەکانی ئووزدەمیر بەردەوام نامەیان بۆ شێخ ئەهێنا، ئەویش بە سەید محەمەدی موفتیو عەبدوڵڵای حاجی حەمەسەعیدو مەجید بەگی حاجی ڕەسووڵ بەگدا وەڵامی بۆ ئەناردەوە. ئووزدەمیر ١٠ مەرجی داناو بە وەفدێکی سێ کەسیی خۆیدا، ئەحمەد تەقیو فەوزی بەگو ڕەمزی بەگ، ناردی بۆ شێخ، هەتا لەگەڵ سەرخێڵانو گەورەکانی کوردا لێی بکۆڵنەوە" بڕیاری لێ بدەنو بەناوی کوردەوە ئیمزای بکەنو دوو وێنەی بە بڕواپێکراوی خۆیاندا لێ بنێرنەوە بۆ ڕەواندز: یەکیان لەلای ئووزدەمیر بمێنێتەوە، ئەوی تر بەو بڕواپێکراوانەو نوێنەری ئووزدەمیردا بنێردرێتە

---

[٣٢٤] الکرد وکردستان في الوثائق البریطانیة، ص١٦٠-١٦١.

[٣٢٥] کرد وترك وعرب، ص٢٨٣.

[٣٢٦] هەمان سەرچاوە،، ل٢٨٢؛ ڕۆژی کوردستان، ژ١٢، ل٤.

[٣٢٧] بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی، ل٦٩؛ یادداشت، بەشی دووەم /ب٦، ل٣٩، ٥٦.



www.zheen.org

ئەنقەرە، مەجلیسی گەورەی میللەتو حکوومەتی تورک دواین بڕیاری بۆ دەربکەن[٣٢٨].

شێخ، ڕۆژی ١٩٢٣/٢/١٧ نامەیەکی بۆ نوێنەری بریتانیا نارد کە لە سلێمانی کێشرابووەوە، دژی هەڵوێستی سلێمانیو نوێنەرانی لە گفتوگۆکانی کەرکووکدا لەسەر مەسەلەی کورد؛ داوای لێکرد بگەڕێتەوەو داخی بۆ بێئاکامیی ئەو گفتوگۆیانە دەربڕی. ئاماژەیشی پێکرد کە ئامادەیە وەفدێکی نوێنەری خۆی، لە هەرکاتێکدا بێ، بنێرێ. وەڵامی مەندووبی سامی ئەوە بوو کە شێخ بانگ بکرێتە بەغدا، بۆ بینینی خۆیو قسەکردن لەسەر هەندێ کێشەی تایبەت بە سلێمانی، بەڵێنیشی دایێ بەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ئاگاداری کردەوە کە ئەگەر ئەوە نەکات، ڕێوشوێنی پێویستی بەرامبەر دائەنرێ. شێخ وەڵامی دایەوە کە هیچ هۆیەك شك نابات بۆ هاتنە بەغدا، نوێنەرەکانی ئەتوانن هەموو مەسەلە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەر بکەن[٣٢٩].

کاپتن لاینو شێخ عەبدولکەریمی قادر کەرەمو بابەکر ئاغا، دەسەڵاتدارانی ئینگلیزیان ئاگادار کردەوە کە شێخ مەحموود نەخشەی داڕشتووەو لەگەڵ هەندێ لایەنگری وەك مەحموودخانی دزڵیو عەباسی مەحموود ئاغادا سوێندیان بە قورئان خواردووە کە پەلاماری کەرکووكو هەولێر بدەن. قایمقامی خانەقینیش بە لیوای کەرکووکی ڕاگەیاند کە خێڵە کوردەکانی کفری خۆساز ئەدەن هێرش بەرنە سەر کەرکووك[٣٣٠].

---

[٣٢٨] یادداشت، ب٦، ل٩٢، ٩٣.

[٣٢٩] الکرد وکردستان في الوثائق البريطانية، ص١٦٣-١٦٤.

[٣٣٠] هەمان سەرچاوە، ل١٦٤؛ کرد وترك وعرب، ص٢٨٣.

www.zheen.org

ئەو ماوەیە سەید تەهای نەهری چووە بەغدا، بەپێی نامەیەکی سەید عەبدوڵڵای حاجی سەید حەسەن بۆ ئووزدەمیر، دەنگ بڵاو بوو کە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ڕێك کەوتووە، جگە لە جبەخانەیەکی زۆر، ملیۆنێك ڕووپیەی لێ وەرگرتوون بۆ دەرکردنی تورکەکان لە ڕەواندز[331].

دوا ڕۆژەکانی ئەو زستانە (سەرەتای ١٩٢٣)، سلێمانی پڕبوو لە سوارەی عەشایەر. لە کۆڵانەکان و ناوبازاڕدا لەبەر هاتوچۆکەری چەکدار ڕێ بەر نەئەکەوت. دیوانی شێخ مەحموود گەورەکانی کوردو سەرۆك عەشیرەتەکانی تێدا کۆبووبوونەوە. نامەگۆڕکێیەکی بەردەوام لەنێوان سلێمانی و ڕەواندزدا هەبوو. گرنگترینی ئەو نامانە، ئەو مەزبەتەیە بوو کە بۆ سەرگرتنی پێکەوەژیانی کوردو تورك شەوەها بە نووسینیەوە ڕۆژ کرابوەوەو بڕیری لێ درابوو و ئیمزاکرابوو و نێردرابوە لای ئووزدەمیر، فەوزی و ڕەمزی و ئەحمەد تەقیش مەرجەکانی تورکیان لە وەڵامیدا هێنابوەوە[332].

دوا جار کۆنگرەی سەرخێڵان و گەورەپیاوانی کورد بڕیاری لەسەر نووسینی مەزبەتە دا، شێخی تێدا بە (ڕەئیسی هەیئەتی تەمثیلییەی کوردستانی جنووبی) ناسێنرا، ٢٦ کەس ئیمزایان کرد: سمکۆو بابەکری سەلیم ئاغاو عەباسی مەحموود ئاغاو ساڵح ئاغای پشدەرو ئاغای بایزی ئۆجاغ و حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغاو جەعفەر سوڵتانی هەورامان و ئەمینی مەحموود ئاغای هەمەوەندو محەمەد تالیبی سمایل عوزێری و ڕەزا بەگی سمایل بەگ و حامید بەگی مەجید بەگی جاف و عەزیزی سەرۆکی داودەو عەلی حەسەن ئاغای زەنگەنەو محەمەد ئاغای زەنگەنەو ڕۆستەمی سەرۆکی

---

[331] یادداشت، ب٦، ل٨٩.

[332] هەمان سەرچاوە، ب٦، ٩٣-٩٤.

www.zheen.org

ڕۆغزایی و محەمەدی سەرۆکی شاتری و محەمەد حەسەنی سەرۆکی تەرخانی و ڕەفعەتی سمایل ئاغای سەرۆکی داودەو فارس ئاغای بەیات و سمایل بەگی بەیات و سادق ئاغای سەرۆکی زەندو ڕۆستەم ئاغای ئەوڕەحمان ئاغای پالانی و ڕەشید ئاغای پالانی و سەید خەلیل ئاغای سەرۆکی کاکەیی و (....) محەمەدسالح ئاغا. ڕۆژی ١٩٢٣/٢/٢١، ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد تەقی و فەتاحی ئەمین عەتار پێش هەتاوکەوتن لە ماڵی وسوو ئاغاوە، لەگەڵ چوارکەسی تردا، ڕێی ڕەواندزیان گرتەبەر[٣٣٣].

شێخ ئەو ڕۆژانە، بۆ پەیداکردنی دۆست و هاوکار، نامەو پەیوەندیی بە شێخ مەهدی خاڵیسی‌ی پێشەوای دینیی شیعەوە لە بەغدا هەبوو، تا هاوئاهەنگیی لەتەکدا بکات بۆ گوشار خستنە سەر حکوومەتی بریتانیاو عیراق بۆ بەدیهاتنی داواکانیان. زانایانی دینی‌ی نەجەف و کەربەلایشی تێگەیاند بۆ بەدەستهێنانی یارمەتییان[٣٣٤].

شێخ کەوتبوە نێوان دوو بەرداشەوە؛ لەلایەکەوە مەندووبی سامی و مەلیك فەیسەڵ بەڵێنی دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردییان دابوویێ، کەچی هیچیان دیار نەبوو؛ لەلایەکی ترەوە نەیئەتوانی بە ناوێکەوە کورد یەك بخات و هێزێکیان بەرامبەر بە تورك لێ پێك بهێنێ، چونکە هیچ بەڵگەو پشتیوان و هیوایەك نەبوو بۆ ئەو بەگژداچوونە. شێخ، وای بۆ ئەچوو ئەگەر ئەوسا تورك ویلایەتی مووسڵی بە زەبری هێز وەرگرتەوە، کێ

---

[٣٣٣] هەمان سەرچاوە، ب٦، ل١٠٦-١٠٧؛ سدیق سالح، سێیەم بەشی یادداشت و چەند ڕاستکردنەوەیەك، "کوردستانی نوێ" (ڕۆژنامە)، سلێمانی، ژ١٣٩١، ١٩٩٧/٣/٣.

[٣٣٤] الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، ص١٦٣؛ يقظة الكرد، ص٢٦٦.

www.zheen.org

ئەکەوێتە فریای ؟ ئینگلیز کە ئەوکاتە هیچی بۆ نەکات، پاشان چیی لێ ئەوەشێتەوە[٣٣٥].

ڕۆژانی ٢٤و ١٩٢٣/٢/٢٥، بەیاننامە بۆ شێخ مەحموود بەردرایەوە کە ئەگەر خۆی و ئەندامانی مەجلیسی لیوا لە ماوەی پێنج ڕۆژدا نەگەنە کەرکووك تا بچنە بەغدا، سلێمانی بۆردومان ئەکرێ؛ پێی ڕاگەیەندرا کە لە حوکمی شار لابراوە، داوایش لە سمکۆ کرا تا زووە شار بەجێ بهێڵێ[٣٣٦]. ئیتر شێخ فەرمانی بە وەفدەکەی دا لە ڕەواندز کە بەرەو ئەنقەرە بکەونە ڕێ. ئووزدەمیریش، فەوزی بەگو ڕەمزی بەگی خستە پاڵیان. ئەوانە بە (زینۆی شێخ)دا چوونە دیوی ئێران[٣٣٧].

شێخ کە تەسلیم نەبوو، فەرمانو ئاگادارییەکی توندوتیژی بە نامەیەکی درێژ بۆ نێردرا. نامەیش بۆ شێخ عەبدولقادری سەنگاوو بابەکر ئاغاو عەباس ئاغاو بەگزادانی جافو عەبدوڵڵاخان بەهادورو محەمەد ئەمین ئاغای هەمەوەندو سوار ئاغای بڵباس نووسرا، ئاگادار کرانەوە کە حکوومەتەکەی شێخ مەحموود هەڵوەشاوەتەوەو ڕێنوێنیی تازەیان درایە: شێخ عەبدولقادر بەرپرسی ناحیەکانی قەرەداغو سەنگاو، ئاغاکانی پشدەر هی قەزاکانی قەڵادزێو پشدەرو مەرگە وەربگرن، لە ڕێی جەمیل ئاغای قایمقامی کۆیەوە پەیوەندی بە ڕاوێژکاری ئینگلیزەوە بکەن لە کەرکووك. بە بەگزادانی جاف وترا: هەڵەبجە لە ئیدارەی لیوای

---

[335] یادداشت، بەشی سێیەم، ل٦٠، ٦١.

[336] کرد وترك وعرب، ص٢٨٤.

[٣٣٧] یادداشت، بەشی سێهەم، ل٧٢.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سلێمانی جیا بکەنەوەو پەیوەندییان بە ئەفسەری سیاسی‌ی کفری‌یەوە هەبێ؛ قایمقامی چەمچەماڵ کاروباری خۆی بەڕێوەبەرێ؛ بە "سوار ئاغای بڵباس" ڕاگەیەنرا کە ڕانیە لە حکوومەتی سلێمانی دابڕێ، بە سەید عەبدوڵڵاش وترا بچێتەوە بۆ سلێمانی، قایمقامیەتی ڕانیە بداتە کۆنترین ئەفسەری هێزی لیڤی[٣٣٨].

سمکۆ ڕۆژی ١٩٢٣/٢/٢٨ سلێمانیی بەجێهێشت[٣٣٩]. ٣/١ بە دوا مۆڵەت دانرا بۆ شێخ، تا شار چۆڵ بکات. بەڵام نەیکرد[٣٤٠]. شێخ ڕایگەیاند، ئامادەیە وەفدێکی تر بنێرێ بۆ دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی ئینگلیزدا؛ ئەگەر سەری نەگرت، لە سلێمانی ئەکشێتەوە تا خەڵك ماڵ وێران نەبن[٣٤١].

دەسەڵاتدارانی ئینگلیز جانتای پۆستەی نێوان ڕەواندزو ناوچەی جزیری کوردستانی باکووریان کەوتە دەست کە نامەگۆڕکێی نێوان شێخ و ئۆوزدەمیر بوو؛ شێخ لایەنگریی تورکی تێدا نواندبوو، پێشنیاری کردبوو هێرشێکی زووبەزوو بکرێتە سەر کەرکووك و کفری و کۆیە، بە هاوکاریی سەید ئەحمەدی خانەقا لە کەرکووك و نازم بەگی نەفتچی

---

[٣٣٨] الكرد وكردستان، ص١٦٦.

[339] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص٣٠٥. لە ژمارە ٦٤٨ی ڕۆژی ١٩٢٣/٤/١٣ی ڕۆژنامەی "الموصل" وەرگیراوە.

[340] هەمان سەرچاوە، ل٣٠٦. لە ژمارە ٩٩ی ڕۆژی ١٩٢٣/٧/١٩ی ڕۆژنامەی "العالم العربي"یەوە وەرگیراوە.

[٣٤١] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

www.zheen.org

زادەی مەبعووسی پێشووی کەرکووك لە پەرلەمانی عوسمانیدا. ئینگلیز، لە سەرچاوەی ترەوە، زانیی سەید ئەحمەد چەکیشی کڕیوە[٣٤٢].

ڕۆژی ١٩٢٣/٣/٢ ئاووهەوا ناساز بوو. فڕکەکانی ئینگلیز کە ڕەوانەی سەر سلێمانی کرابوون، گەڕانەوە. ڕۆژی دوایی (٣/٣) چەند بۆمبایەکیان بە وردی بەردایەوە. هەمان ڕۆژ، وەفدێکی شێخ گەیشتە کەرکووك، هیچی بۆ نەکرا. شێخیش، سەعات ٢,٥ی بەیانیی (٣/٤) بە زۆربەی هێزەکانیەوە شاری بەرەو سوورداش چۆڵ کرد[٣٤٣].

دوا ژمارەی "ڕۆژی کوردستان" سەبارەت بە داوای (تەخلییەی سلێمانی) نووسیویە: (( لەپاش مواصەڵەتی حەضرەتی مەلیك وەضعییەتی مەملەکەت خرایە شکڵێکی حکوومەتییەوە ئەم شکڵە فەوقەل مەئموولە لە سایەی هیممەتی خوداپەسندانەی حەضرەتی مەلیکەوە ئەمە پێنج شەش مانگە دەوام ئەکاو لە ظەرفی ئەم موددەتەدا بۆ تەرویجی ئامالی حکوومەتی ئینگلیزو تەشکیلی حکوومەتێکی کوردییە لێرەوە موتەعەددید هەیئەت، مورەخەص بۆ کەرکووك‌و بۆ بەغداد بۆ موذاکەرە ڕۆیشتوون‌و هاتوون‌و ئەم موحیطە دائیما بۆ ڕۆژێکی وا یەعنی بۆ تەشکیلی حکوومەتێکی کوردییە چاوەڕوانی لوطفی حکوومەتی ئینگلیز بوون‌و موتەمادییەن سەعیی بۆ ئیدامەی دۆستایەتیی حکوومەتی ئینگلیزی کردووە کەچی مەعەل تەئەسوف موقابیل بەم دۆستایەتیە حکوومەتی ئینگلیز ئەم میللەتە مەظلوومە بە بۆمباردومان تەهدیدو

---

[٣٤٢] هەمان سەرچاوە، ل١٦٨.

[٣٤٣] کرد وترك وعرب، ص٢٨٥.

www.zheen.org

تەخویف ئەکا. تێناگەین مەعنای چییەو لەبەر چییە عەجەبا حکوومەتی فەخیمە لە طەرەفی کوردێکەوە تەهدید کرا کە ئێرەی تەخلییە کرد یاخۆ موقابیل بە خۆی هیچ قووەتێ لە کوردستانا شك ئەبا کە مودافەعەیەك بکا. ئەگەر غەیری حوڕییەتو ئازادی میللییەی خۆمان دەعوایەکی ناحەقمان لێ واقیع بووە باشە وەئیللا ژن، منداڵ، فەقیرو خانووی ئەم میللەتە گوناهی چییە کە بۆمباردومان ئەکرێ. یاخود حکوومەتی فەخیمەی ئینگلیز لە خوێن ڕشتنی ئەم میللەتە چە ئیستیفادەیەك ئەکا، تێناگەین))[٣٤٤].

وەفدەکەی شێخیش کە پێشتر لە ڕەواندزەوە جوولابوو، بەڕێی قۆقازو (دەریای ڕەش)دا چووە ئەستەموولو پاشان ئەنقەرە، ١٩٢٣/٤/٢٨ حسێن ڕەئووف بەگی سەروەزیرو ١/٥ یش غازی "مستەفا کەمال"یان بینی، هیچیان دەست نەکەوت. "ڕەفیق حیلمی"ی ئەندامێکی ئەو وەفدە، لە دووەم نیوەی ئەوساڵەدا گەڕایەوە بۆ کوردستانی جنووبی[٣٤٥].

**٢. ٣. سێیەم حکوومەتی کوردستان (تەمووزی ١٩٢٣-١٩٢٤/٧/١٩):**

**٢. ٣. ١. دووەم خولی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز لە سلێمانی:**

دوا جار شێخ بەناچاری چووە ناوچەی سووورداش. بەڵام شێخ حەمەغەریب لەگەڵ ڕەزا بەگو ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشادا، بە

[344] ڕۆژی کوردستان، ژ١٥، ل٣-٤.

[٣٤٥] بۆ درێژەی ئەو باسە بڕوانە: (ل٧٣) بەدواوە تا کۆتایی: یادداشت، بەشی سێهەم.

نیکەی ژین
www.zheen.org

پاڵپشتی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، مایەوە، ماوەیەکی تر بەناوی شێخەوە حوکمی سلێمانیی کرد[٣٤٦]. ئەحمەد موختار جافیش بە گیراوی برایە دەرەوەی شار، ئەگەرچی پێشتر بێ هوودە بە شیعرێکی بڵاوکراوە بە ((عەرضی خوڵووص و بەندەگی و دوعاخوانیی بە صەبادا بردبوو بۆ خدمەتی شاهی موحیطی گشت سلێمانی))و داوای لێ خۆشبوونی لێ کردبوو[٣٤٧].

شێخ بۆ چۆڵکردنی شار، ئەم شیعرەی وتووە:

تخم زحمت در ره دین در دل و جان کاشـتیم
در فلك نوك علم در يك زمان أفراشـتيم
چون به عزم اين سفر پا از ميان برداشـتيم
دست از جاه و جلال و خان ومان برداشـتيم
بارها بر لشـكر بدخـواه كفار تاخـتيم
جای استحكام ايشان منزل خود ساختيم
در ره دين‌پروری هم مال و هم جان باخـتيم
تا ز كردسـتان غبار كفر از آن برداشـتيم[٣٤٨]

ئەو وەفدەی شێخ کە ڕۆژی ١٩٢٣/٣/٣، بە سەرۆکایەتیی شێخ قادری برای و ئەندامێتیی مستەفا پاشا یاموڵکی و ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ و

---

[٣٤٦] الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، ص١٧٠.

[347] ڕۆژی کوردستان، ژ١٤، ل٢-٣.

[348] هاوار، ب١، ل٥٠٧.

نکەی ژین
www.zheen.org

کەریمی عەلەکەو حەمەئاغای ئەوڕەحمان ئاغا چووبوە کەرکووک، بۆ گفتوگۆو ڕێککەوتن لەگەڵ ئینگلیزدا، ٣/٢١ گەیشتە بەغدا؛ شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەمیش هاتە پاڵیان. "هێنری دۆبس"یان دی. ئەگەرچی جەختیان لەسەر ناردنەوەی ڕاوێژکارەکەی ئینگلیز کردەوە بۆ سلێمانی، هیچ شتێك لەبارەی پاشەڕۆژەوە گەڵاڵە نەکرا. ڕۆژی ٣/٢٣یش، چاویان بە مەلیك فەیسەل کەوت[٣٤٩].

هەردوو ستوونی (کۆی کوول)و (فرۆنتیەر کوول) لە ٣/٨ بەدواوە، یەکەم لە مووسڵەوە بۆ هەولێرو پاشان کەرکووك، دووەم لە هەولێرەوە بۆ ڕەواندز، سازکران. (کۆیە) ڕۆژی ١٩٢٣/٤/٥ گیرایەوە. هێزەکانی جووڵانەوەی ڕەواندز شەوی ٤/٢٠\١٩ (سپیلك)یان بەجێهێشت، ڕەواندزیش ٤/٢٢ بەبێ بەرەنگاری داگیر کرایەوە، سەید تەهای نەهریی لێ کرایە قایمقام[٣٥٠].

هێزەکانی شێخ لە ناوەڕاستی مارتی ١٩٢٣دا هەوڵیان دا سلێمانی داگیر بکەنەوە، بەڵام بۆردومانی بەردەوامی فڕۆکەکانی ئینگلیز نەیهێشت[٣٥١]. هێنری دۆبسی مەندووبی سامی لە ٣/٣٢دا سەری لە کەرکووك دا، تا ئارامیو ئاسایش بۆ ناوچەکانی لیوا بگێڕدرێنەوەو تێکدەرانیش تەمێ بکات. لەگەڵ ئەدمۆندز سەری لە هەولێریش دا؛ لەوێ لەگەڵ میر زەیددا کۆبووەوە، کە سەرەتای مارت نێردرابوە مووسڵ تا

---

[٣٤٩] هەمان سەرچاوە، ل١٦٩.

[٣٥٠] کرد وترك وعرب، ص٢٨٧، ٢٨٨-٢٨٩، ٢٩٢.

[351] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص٣٠٨.

نکەی ژین www.zheen.org

هێــزی خۆبەخــشانی نــانیزامی و بــەرگری عــەرەبی پێــك بهێنــێ بــۆ بەرەنگاریی هەر هەڕەشەیەکی کەمالیەکان[352].

بارەگاکەی شێخ سەرەتا لە قەمچووغە دانرا، دوایی برایە ئەشکەوتی جاسـەنە[353]. دوو ژمـارەو پاشـکۆیەکی ڕۆژنامـەی "بـانگی حـەق"، ٢٨ی مارت و ١٢ی نیسانی ١٩٢٣، بە چاپخانەکەی سلێمانی کە گوێزرابووەوە بۆ ئەوێ، لەچاپ دران. کاربەدەستانی ئینگلیز بەوردی چاودێریی سەرانی تورکخواکانیان ئەکرد. سەید ئەحمەدی خانەقا ١٩٢٣/٣/٦ دەستگیر کرا، دوور خرایەوە بۆ بەغدا. نازم بەگی نەفتچی زادەی مەبعووسی پێشووی لیوای کەرکووك، فریای خۆی کەوت، لە کەرکووك هەڵات[354] و بە مەزبەتەوە هاتە جاسـەنە لای شـێخ. "ڕەشـید شـەوقی"ی ئەفـسەرێکی شـۆڕش، بـە ڕاسپێریی شێخ نێردرایە لای شێخ عەبدوڵڵای عەسکەرو بۆی نووسرا بە سوارەو پیادە یاریدەیان بدات بۆ پەلاماردانی کەرکووك، نەیکرد[355].

ئەو ماوەیە، شێخ بە ناوی "باشقوماندان و مەلیکی کوردستان"ـەوە چەند بەیاننامەیەکی بـڵاو کـردەوە، یەکـەم لـە ١٩٢٣/٣/٨داو دووەم لـە ژمارە (١)ی "بانگی حەق"دا. (هەیئەتی مودافەعەی میللییە)یشی پێك هێنا، وا کە مەجلیسێکی وەکالەتی هەبێ، قیدەملی یووزباشی (موقەددەم) سـەید عەبدوڕڕەزاق ئەفەندیی قوماندانی مـەفرەزەی هەشتەم سـەرۆك و

---

[352] هەمان سەرچاوە، ل٣١٠-٣١١.

[353] هەڵۆ، ڕوون کردنەوەیەك دەربارەی هەندێك لە باسەکانی چیم دی.

[354] الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، ص١٦٨.

[355] بەسەرهاتووی کاکە ڕەشیدشەوقی، ل٥٤.

مستەفا ئەفەندی حاجی حەمەسەعید ئەفەندی‌ی قۆمیسەرو ئیبراهیم ئەفەندی‌ی وەکیلی زابت ئەندامان‌و شوکری ئەفەندی‌ی کوڕی کەریم عەلەکە کاتبی بێ. ئەم هەیئەتە، بەپێی تەعلیمنامەکەی، بۆ کۆکردنەوەی هەر جۆرە یارمەتی‌و پیتاکێك بووە بۆ ئۆردووی کوردستان: وەك پارە، ئەسپ، ئێستر، ئەسلەحە، جبەخانە، جامانە، کڵاو، کراس، دەرپێ، قوماشی جل، چاکەت، پانتۆڵ، دوولاق، گۆرەوی، گوش، سوخمە، بەتانیە، کلیم، مسقاڵ، چیت، دەستەسڕ، دەرزی، دەزوو، شەکر، چای، کاوڕ، بەرخ، ڕۆن، ساوەر، نۆك، ئارد، جۆ، پاچ، بێڵ، خاکەناز ... هتد[٣٥٦].

ئووزدەمیری فەرماندەی هێزی تورك لە ڕەواندز، گەیشتە ئەشکەوتی جاسەنە، شێخی بینی؛ هانی دا بچێتە سەر هەولێرو کۆیەو کەرکووك‌و کفری‌و خانەقین، داگیریان بکات. دواتر گەڕایەوە، عەباسی مەحموود ئاغای پشدەرو غەفوور خان، بە نووسراوی شێخ، ئاگادارکرانەوە یارمەتی‌ی بدەن بۆ کشانەوەو بە (کانیەڕەش)دا چوونە دیوی ئێران تا بگاتەوە بە تورکیا[٣٥٧].

١٠ ئەفسەری لەشکری کورد: عیززەتی تۆپچی‌و ئەمین ڕەواندزی‌و عەلی‌و عەزیز کوردی‌و ڕەشید شەوقی‌و عەزیز حیکمەت قەزازو مەجید توراش‌و نووری بەگ‌و فایەق کاکەمین‌و خالید سەعید، یەکیان گرت"

---

[356] بڕوانە: عەلاوەی ژمارە ١ی "بانگی حەق"، ژ٣، ١٢ نیسان ١٣٣٩، ل٢. جێی وتنە، لە عەلاوەی ژمارە ١دا، محەمەد بەگی حەسەن بەگی کاتبی خەستەخانەی سلێمانی بە کاتبی هەیئەتەکە ناوی هاتووە.

[٣٥٧] هەمان سەرچاوە و لاپەڕە؛ چیم دی، ب٢، ل١٧-١٩.

هـەولّیان دا شـێخ لـە تـورك بتەکێننـەوە، کارەکـەیان سـەری نـەگرت. تورکخواکانی دەوری شێخ، بۆیان تێ‌چاندن. ئەنجام، وازیان لێ هێنرا[٣٥٨].

شـێخ کـە هاتـە سـوورداش، سـەری لـە پـشدەر دا بـۆ بەدەسـتهێنانی کۆمـەك‌و لایـەنگری بـۆ لێـدانی ئینگلیزەکـان‌و پـەلاماردانی پاشـکۆی هێزەکانیـان، شـتێکی ئـەوتۆی دەسـتگیر نـەبوو. هـەر مـارتی ١٩٢٣یـش، بابـەکر ئاغـای پـشدەریی بەنامەیەکـەوە نـاردە لای بەرپرسـانی ئینگلیـز، داوای لێکـردن مـەرجی خۆیـانی بـۆ بەرقـەرارکردنی ئاشـتی بـۆ ڕوون بکەنـەوە. بـەڵام ئـەوان پێداگرییـان لەسـەر چـوونە بەغـدای کـردەوە[٣٥٩]. هـەمان مـانگ، ڕۆژی ٣/٢٥ مـیر زەیـدی بـرای مـەلیك فەیـسەڵ سـەری لـە هەولێرو کەرکووك دا. ناوچەکانی دەوری کەرکووك بە گـەرمی‌و لـە هـەولێر زیاتر پشتیوانیی سەربەخۆیی تەواوی کوردیان کرد[٣٦٠].

جگـە لـەو چـەندین ئەفسەرو پێشمەرگەیە کـە لـەناو هێزەکـەی شـێخ مەحموودا بوون، محەمەد وەفای قەڵادزەیی‌و نووری عـەلی، دوو دکتـۆری شـۆڕش بـوون، لەگـەڵ هێزەکـەی شـێخدا هاتبوونـە دەرەوە[٣٦١]. هـەر ئـەو

---

[٣٥٨] بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی، ل٥٤.

[٣٥٩] کـرد وتـرك وعـرب، ص٢٩٦؛ عبـدالرحمن إدريـس صـالح البيـاتي، المـصدر نفسه، ص٣١٣ (لە ژمارە ٦٤٣ی ڕۆژی ١٩٢٣/٣/٣٠ی ڕۆژنامـەی "الموصـل"ـەوە وەرگیراوە).

[٣٦٠] الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، ص١٧٠.

[361] چیم دی، ب٢، ل٢٩؛ هـەڵۆ، چـەند ڕوونکردنەوەیـەك سـەبارەت بە هەندێ لـە باسەکانی چیم دی؛ عبدالرقيب یوسف، لە کەلـەپووری بەڵگەنامـەیی کـوردی/ ٢، "ڕۆشنبیری نوێ"، ژ١١٢، ١٩٨٦، ل٢٩٣.

www.zheen.org

سەروبەندە، ئەحمەد موختار جاف کە بە بەندکراوی برابوە دەرەوەی شار، بەردرا.

فڕۆکەکانی ئینگلیز ٣/٢٨ بەیاننامەیەکیان بەسەر شاری سلێمانیدا بەردایەوە، سەبارەت بەوەی کە حکوومەت شار ئەگرێو نابێ هیچ بەرگرییەك بکرێ[٣٦٢]. دیسان لە ١٩٢٣/٥/٨دا، بەیاننامەیان بەسەر سلێمانیو ناوەندی قەزاکاندا بەردایەوە، تا بزانرێ حکوومەت نیازیەتی سلێمانی بگرێتەوە، بۆیە ئەوی لەڕوویدا ڕابوەستێ سزای قورس ئەدرێ. مەندووبی سامیی ئینگلیزو حکوومەتی عیراق، بۆچوونیان لەسەر وەزعەکە زۆر جیاواز بوو: هێزی دۆبس پێی وابوو تا شێخ ئازاد بێ، هیچ ئیدارەیەکی سلێمانی مانەوەی لە چارە نانووسرێ. بۆیە ئەگەر نەکوژرێ یا دیل نەکرێ، باشتر وایە لەگەڵیدا ڕێك بکەون. هەرچی حکوومەتی عیراقیشە، نەك هەر ڕاگەیاندنەکەی ١٩٢٢/١٢/٢١ی خۆی بیر چووبوەوە، کە دانی تێدا نابوو بە مافی کورددا بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردی لە چوارچێوەی عیراقدا، بگرە سووریش بوو لەسەر بەتوندی بەستنەوەی سلێمانی بە بەغداوە[٣٦٣].

ئەدمۆندز، لەڕێی عەلی کەمال بەگی موعاوینی پۆلیسی کۆیەوە، ئامادەییی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ شێخدا نیشان دا. شێخ، ١٩٢٣/٥/١٠ ساڵح زەکی ساحێبقڕانی بە نامەوە ناردە کۆیە، بەڵام لەوێوە برایە بەغدا.

---

[٣٦٢] شێخ مەحمودی قارەمان‌ودەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، ل٤٩٥-٤٩٦.

[٣٦٣] کرد وترك وعرب، ص٢٩٤.

ئنکەی ژین
www.zheen.org

مەندووبی سامی بە نامە شێخی ئاگادار کردەوە کە یا بێتە بەغدا بۆ قسەکردن لەسەر داهاتووی کورد، یان بچێتە لای ئەفسەری سیاسیی تەك ئەو هێزەی ئینگلیز کە پەلاماری سلێمانی ئەدا؛ داوایشیان لێ کردبوو بچێتە بەغداو لێی جێگیر بێ، بەرامبەر بەوە هوموو موڵکەکانی بدەنەوە، شێخ ملی نەدا[٣٦٤]. ئەوە بوو دواتر ساڵح زەکی لە (پیران) پەیوەندیی پێوە کردەوە، بەڵام گومان لە نیازپاکیی کراو گیرا، لەگەڵ عەزیز قەزازو ئەمین ڕەواندزیو فایەق کاکەمینی ئەفسەرانی هاوبۆچوونیو شێخ سەلامی شاعیردا، کە ئەو سەردەمە کاتێك ناوچەکە چۆڵ کرا دەستگیر کران، بە بەندکراوی خرانە ئەشکەوتی (سیاکوڵە)[٣٦٥].

هێزە تازەکەی ئینگلیز کە بۆ گرتنی سلێمانی تەرخان کرابوو و ستوونی کۆیکوولی پێ ئەوترا، عەقید ڤنسنت فەرماندەی بوو، بریتی بوو لە یەکەی کامیرۆنیو لیوای وێست یۆرکشایەرو فەوجی سیخ ١٣/١و بەتەرییەی تۆپخانەی چیاییی ئەمبالای بە ولاخ هەڵگیراوو هەندێ سۆراخکەر، بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانیی بریتانیا؛ ١٩٢٣/٥/١٤ گەیشتە چەمچەماڵ. ئەمین ئەفەندیی ڕەشید ئاغای هەمەوەندی لێ کرا بە قایمقام، وەهاب بەگیش بە بەڕێوەبەری ناحیەو چەند پۆلیسێکی غەیرە نیزامیی بۆ دانرا. شێخ هەر ئەو ڕۆژە نامەیەکی بۆ فەرماندەی ستوونەکەی ئینگلیز نووسی کە لە چەمچەماڵ نەیەتە پێشەوە، چونکە بەرەنگاری ئەبێتەوە. لە جاسەنەوە هاتە سلێمانیو ئەمجا تاسڵووجە، بەڵام بۆردومانی توندی

[٣٦٤] الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، ص١٧٠-١٧١.

[365] چیم دی، ب٢، ل٣٠، ٤١؛ جمال بابان، مذكرات علي كمال عبدالرحمن، شركة الخنساء للطباعة المحدودة- بغداد، ٢٠٠١، ص١٢-١٤.

ژینی www.zheen.org

فڕۆكەكانی ئینگلیز ناچاری كرد بكشێتەوە. ڕۆژی ٥/١٥یش جاسەنەی چۆڵ كرد، بەڕێگەی (شێخ باخ)دا چووە ماوەت و شارباژێڕ، دواجار لە دێی (پیران)ی سەر سنوور گیرسایەوە[٣٦٦]. هاوكات برووسكەیەكی بۆ هەموو باڵوێزانی بیانی ناردە تاران، ناڕەزایی تێدا دەربڕی دژی چەوساندنەوەو سەركوتكاریی ئینگلیزو داوای لێكردن یارمەتیی بدەن. ئەم بانگەوازەی تێدا كردووە:

((لە جەنگی جیهانییەوە ئێمەی دانیشتوانی كوردستانی جنووبی هەمیشە داوا لە ئینگلیزەكان ئەكەین دان بە مافە نەتەوەییەكانماندا بنێن. هێزەكانی بریتانیا وڵاتەكەمانیان وێران ئەكەن و خەڵك ئەكوژن، ڕێی ناڕەزایی دەربڕین و سكاڵاكردنمان نادەن ... دانیشتوانی كوردستان دوچاری بۆردومانی فڕۆكەو هێرشەكانیان ئەبن. تەنانەت نزیكەی ٢٠ خێزان بە ناچاری و بە زەبری توندوتیژی سلێمانییان چۆڵ كردووەو موڵك و ماڵێكی زۆر بە تالان براوەو وڵاتەكەمان خاپوور كراوە. ئێمە دادپەروەریی مرۆدۆستانەو ویژدانمان بەرامبەر بەم زوڵم وزۆرە ئەوێ))[٣٦٧].

---

[٣٦٦] كرد وترك وعرب، ص٢٨٧، ٢٩٦؛ چیم دی، ب٢، ل٣١؛ عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، ص٣١٣، ٣١٦ (لە ژمارە ١٠٠ی ڕۆژی ١٩٢٣/٧/٢٠ی ڕۆژنامەی "العالم العربي"یەوە وەرگیراوە).

خوالێخۆشبوو ئەحمەد خواجە ئەو دێیەی بە (برنجە)ی هەورامان نووسیوە، بەڵام زانیاریی تۆماركراوی سەردەمەكە بە (پیران)ی داناوە. من زیاتر (پیران)م پێ ڕاستە، بە دووری نازانم زەین و تەمەن ئەحمەد خواجەی بە هەڵەدا بردبێ، كاتێ ساڵانێك لەوەبەدوا ئەو بیرەوەریانەی نووسیوەتەوە.

[٣٦٧] الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، ص١٧٥؛ عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، ص٣١٧؛ چیم دی، ب٢، ل٣٣-٣٦.

"عــارف صــائیب"ی کــاتبی مابــەین، ئێــوارەی ١٩٢٣/٥/١٥ لــە دێی قەرەچەتان غافڵکوژ کرا؛ وترا محەمەد ئاغای سەیدەبچکۆلە دەستی تێدا هەبوە. هۆیەکەی ساغ نەبوەوە. شێخ یەکجار پێی دڵگران بوو. عارف شاعیرو نووسەرێکی دڵسۆزو کوردپەروەر بوو، گەڵێ کارو فەرمانی گرنگی شێخی بە لەخۆبوردوویی و ژیرانە بەجێهێنابوو؛ لەوانە، پێشتر بە ڕاسپێری لەگەڵ ڕەشید ئەفەندیی ئەمین ئاغای هەمەوەندا بە نامەی ١٩٢٣/١/٢٠ی شێخەوە چووبوونە تەورێز بۆ مسۆگەرکردنی پشتیوانیی ڕووس[٣٦٨].

هێزەکانی ئینگلیز کەوتنە جووڵان بەرەو سلێمانی، ٥/١٦ گەیشتنە سەرچنار. ڕۆژی پێشتر ٥/١٥ بە فڕۆکە نامە بۆ گەورەپیاوانی شار خرایە خوارێ. ئەوانیش ٥/١٦ چوونە سەرچنار. ئەدمۆندز هەمان ڕۆژ لەگەڵ ئەو سەرگەورانەدا هاتە ناو شار؛ ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی کردە سەرپەرشتی گشت دائیرەکان، شێخ قادری حەفید بە بەرپرسی ئاسایشی گشتی، پۆلیسیش مەجید ئەفەندیی کانێسکان بەڕێوەبەری پێشوو ڕێکیخستەوە. ئەدمۆندز چووە ناو دائیرەی ملووکانە کە لە بینای مەکتەبی ئەعدادیدا بوو، لە ژوورەکەی شێخدا وێنەی لەچوارچێوەگیراوی بە دیوارەوە داکوتراوی شێخ و ئاڵایەکی کوردیی بینی، لەگەڵ تاجێکی کلێشەداردا کە ئامادە کرابوو بۆ جیاکردنەوەی لە هەر ئاڵایەکی تری شاهانە، بە ئاڵاکەوە چەسپ بکرێ. ئەو ئاڵایەی، لەگەڵ قاڵبی پووڵدروستکردن و بۆیاخەکەیدا کە دواتر دەستی کەوتن، بردەوە بۆ وڵاتی خۆی[٣٦٩].

---

[368] چیم دی، ب٢، ل٢٦؛ م. ڕ. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤١٨-٤٢١؛ سدیق ساڵح، شەجەرەکەی بنەماڵەی صائیب، "پەیڤین" (گۆڤار)، ژ٦، حوزەیرانی ١٩٩٩.

[369] کرد وترك وعرب، ص٢٩٧.

ئەدمۆندز ٥/١٨ بە ستوونێکی یەکەی پیادەی کووکەوە ڕووی کردە (جاسەنە). دەمی ئەشکەوتەکە بە وشکەکەڵەك هەڵچنرابوو، تا نەچوونە بەردەمی نەیان دی. لەو نزیکانە قەرەوێڵە ئاسنەکەی شێخ و چەند کورسییەکی هاوشێوەی هی چایخانان و بڕێکی زۆر ئالفی ولاخ؛ لەماڵێکی ئەوناەیش دوو ئالآی شاهانە و ئامێرێکی تەلەفۆنی بەکارهاتوو بۆ پەیوەندیکردن بە شێخ باخ و قەمچووغە و دووکانەوە و چاپخانەکە و مەخزەنێکی ئاردیان دی؛ بیست باریان لەو ئاردە هەڵگرت[٣٧٠]. هەر لەو ئەشکەوتەدا دووەم ژمارەی دەستخەتی ڕۆژنامەی "بانگی حەق" بەجێهێڵرابوو، کەوتە دەست ئەدمۆندز، پاراستی و هەر لەوەبەتر بردیەوە بۆ بریتانیا[٣٧١] !

هێزەکانی ئینگلیز دەستیان بە کێومالی ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی، بەتایبەت سووورداش و مەرگە، کرد. پاش دڵنیابوون لە نەبوونی مەترسی و بەرەنگارییەکی بەرچاو، ئەمجا لە ٥/٢٨دا چوونە ناو شار[٣٧٢]. لەوکاتەیشەوە دووەم دەورانی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز لە شاردا دەستی پێکرد.

---

[370] هەمان سەرچاوە، ل٢٩٧-٢٩٨.

[371] سی. جەی. ئەمۆندز، ڕۆژنامەیەکی کوردی "ڕۆژی کوردستان"، لەئینگلیزییەوە وەرگێڕانی سەلمان عەلی، "ڕۆژنامەنووسان" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ١، بەهاری ٢٠٠٢، ل٧٧-٨٣.

[٣٧٢] کرد وترك وعرب، ص٢٩٦، ٢٩٧، ٣٠١، ٣٠٤.

www.zheen.org

هەر ئەو مانگە مەندووبی سامی ئەم بەیاننامە ڕەسمییەی لە ڕۆژنامەکانی بەغدادا بڵاوکردەوە: ((زانیومانە شێخ مەحموود گەلێك نامەی ناردووە، دەریخستووە کە لایەنگری حکوومەتەو حەز بە خزمەتی ئەکات. لە وەڵامیاندا پێی وتراوە: ئەگەر بێتە بەغدا، تووشی سزا نابێ لەسەر بەرەنگاریی حکوومەت، ڕێیشی ئەدرێ لەگەڵ خێزانەکەیدا لە بەغدا دابنیشێ. ئەوسا بەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵەی لەتەکدا ئەکرێو ئازادیی ئەدرێتێ، مادامێکی هەوڵ نادات بەبێ مۆڵەت بەغدا بەجێ بهێڵێ))[٣٧٣].

ڕۆژی ٥/٢٩ "عەبدولموحسین ئەسسەعدوون"ی سەروەزیرو صەبیح نەشئەتی ئەمینداری پایتەختو کۆرنوالیسی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ، بە فڕۆکە هاتنە سلێمانی، تا وەکوو لیوایەك لەڕووی ئیدارییەوە بیخەنە سەر عیراق. ٦/٢ "هێزی دۆبس"یش گەیشت. لەگەڵ گەورەپیاوانو سەرانی شاردا کۆبوونەوە. ئێوارەی ١٩٢٣/٦/٢ مەندووبی سامی، بە قسەی مێجەر ئەدمۆندز، لە خانوەکەی میرزا فەرەج کە ماڵی مەئموری سیاسیی حکوومەتی بریتانیا بوو، لەگەڵ شێخ قادری حەفیدو شێخ عەبدولکەریمو بابەکر ئاغای پشدەریو ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگو کەریم بەگو ئەمینی ڕەشید ئاغاو مەجید ئەفەندیی حاجی ڕسووڵ ئاغاو حاجی ڕەشوان بەگو حاجی مەلا سەعید کەرکووکلی زادەو حاجی سەعید ئاغاو مستەفا پاشا یامولکیدا کۆبوەوە. ئەدمۆندز پێشنیاری کرد ئەنجومەنێکی ئیدارەی کوردی بە سەرۆکایەتیی گەورەیەکی شار کە مەندووبی سامیی ئینگلیزو مەلیك فەیسەڵ بەدڵیان

[٣٧٣] الكرد وكردستان ...، ص١٧٢.

بێ، دابمەزرێنرێ. کوردی زمانی ڕەسمی ی لیوا، سلێمانیش لیوایەکی عیراق بێ، پارەی داهاتی کۆکراوەی باجی خۆی بۆ ڕاییکردنی کاروباری بەڕێوەبردنی لیوا تەرخانو خەرج بکرێ. نوێنەرانی لیوایش بنێردرێنە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، بۆیان هەبێ سوێندی لایەنگریو دڵسۆزی بۆ مەلیک فەیسەڵ نەخۆن[٣٧٤].

ئەو پێشنیارە، ڕۆژی ٦/٣ لە کۆبوونەوەی وەفدەکەو گەورەکانی شاردا بەرچاو خرا، لایەنی کوردی بڕیاری پەسندکردنی دا، ئەگەر مەندووبی سامی پێی قایل بێ، بە مەرجێك هێزەکانی ئەوکاتە یا هێزێکی هێندەی ئەوان لە شاردا بمێنێتەوە تا ئاسایشو نیزام بەرقەرار ئەبن. مەندووبی سامی بە مانەوەی ئەو هێزانە ڕازی نەبوو[٣٧٥]، چونکە حکوومەتی بریتانیا دووپاتی کردبوەوە کە ئەبێ هێزەکانی وشکانیی ناو عیراق کەم بکرێنەوە بۆ شەش فەوج. ئەو بڕیارە لە ١٩٢١دا درابوو، بەڵام ڕووداوەکانی کوردستان جێبیەجێکردنەکەییان دواخست، بەتایبەت پاش ئاڵۆزبوونی پەیوەندی لەگەڵ تورکیادا کە هەڕەشەی لە سنووری لای باکووری ڕۆژاوای عیراق ئەکرد. هەرچەندە عەبدولموحسن ئەسسەعدوون داوای لە مەندووبی سامی کرد هێزەکانی بۆ دوو یا سێ مانگی تر بهێڵێتەوە تا تەشکیلاتی ئیداری لە شاردا دائەنرێ، قایل نەبوو[٣٧٦]. بەوپێیە ستوونی (کۆی) بڕیاری لێدرا ناوەندی حوزەیران بکێشرێتەوە. وەفدەکە

---

[٣٧٤] هەمان سەرچاوە، ل١٧٢– ١٧٣.

[٣٧٥] هەمان سەرچاوە، ل١٧٤.

[376] کرد وترك وعرب، ص٣٠١، ٣٢٢.

نکەی ژین
www.zheen.org

ڕێگەچارەیەکی بۆ نەدۆزرایەوە، هەمان ڕۆژ بە فڕۆکە چوونەوە بۆ بەغدا[٣٧٧].

هەر ئەو سەروبەندە مستەفا پاشا یامولکی فریاکەوت یەك ژمارە (١٤)ی ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان"، وەك دەرئەکەوێ، بەتەنیا دەربکاتەوە. کەس لە نووسەرەکانی پێشوو هاوکاری نەبوە. ئەحمەد موختار جاف لە حوزەیرانی ١٩٢٣دا کرایە قایمقامی هەڵەبجە، حامید بەگی مەجید بەگ بە یاریدەدەری. شێخ عارفی سەرگەڵوو و شێخ یووسفی شەدەڵەی بەڕێوەبەری ناحیەی سوورداشیش لەو دەمەدا لە شێخ مەحموود جیا بوونەوە[٣٧٨].

شێخ، ڕۆژی ١٩٢٣/٦/١٠ نامەیەکی دایە حکوومەتی ڕووسیا، لە ژمارەی ١٩٢٣/٦/٢٢ی ڕۆژنامەی "پراڤدا"دا بڵاوبووەوە؛ پێشتریش مەزبەتەیەکی بە ئیمزای خۆیو سەعید کەریمو ڕەزا بەگو عەبدولکەریمو حاجی ڕەسووڵو چەند کەسێکی تر بۆ ناردبوو. سێیەم نامەیشی، لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٢٣/٧/٢٧ی پراڤدا دا بڵاوکرایەوە[٣٧٩].

هێشتا هیچ ئیدارەیەکی ڕێکوپێك داین نەکرابوو، کەسانێکی وایش بۆ هێزی لیڤی دانەنرابوون، کە بە ئەنجومەنی کاتیی بەڕێوەبردنی شار وترا: ئینگلیزەکان سێ ڕۆژی تر ئەچنەوە بۆ کەرکووك[٣٨٠]. ئەوانیش لەبەر ئەم

---

[٣٧٧] کرد وترك وعرب، ص٣٠١؛ بانگی کوردستان، ژ١٤، ٨ حزیران ١٩٢٣، ل٤.

[378] هاوار، ب١، ل٥٠٥، ٥٣٤.

[٣٧٩] جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ترجمة عبدي حاجي، بيروت، ١٩٩٢، ص١٣٥.

[٣٨٠] کرد وترك وعرب، ص٣٠٤.

بنکەی ژین www.zheen.org

مەسەلەیە، چونکە حکوومەتی عیراقیش قەزاو ناحیەکانی ڕانیەو چەمچەماڵو زابی لە سلێمانی جیاکردەوەو بەستنی بە هەولێرو کەرکووکەوە تا توندتر کۆنترۆڵی سلێمانیو ناوچەکانی ژێر ئیدارەی بکات، لە ٦/١٤دا دەستیان کێشایەوە، شار بەبێ ئیدارەو دەسەڵات مایەوە[٣٨١].

ئەدمۆندز ویستی پرۆژەیەکی پێشتر بەرچاوخراوی خۆی زیندوو بکاتەوە، ئەویش ئەوەبوو ٣٥٠ سەرباز بهێڵێتەوە بۆ پاراستنی بارودۆخی ئاسایشی شار. مەندووبی سامی پشتگیریی نەکرد. بۆیە گەورەپیاوانی ئاگادار کردەوە کە خۆیان بەبێ یاریدەی ئینگلیز پارێزگاریی شار بکەن. هەر خۆیشی ئەمین ئەفەندیی ڕەشید ئاغاو یاریدەدەرەکەیو مەجید ئەفەندیی کانێسکانو چەند پیاوێکیانی گرت، لەبەر ئەوەی پەیوەندییان بە زەبروزەنگو چەتەگەریی دەرەوەی شارۆچکەی چەمچەماڵەوە هەبوو؛ وەهاب بەگی خستە شوێنی، کە شارەزای کاروباری ناوچەکەو باج بوو، هەندێ شتی دزراویشی هێنایەوە[٣٨٢].

ئەوەبوو ڕۆژی ٦/١٧ دەوری دوو هەزار کەسێکی شار تاکە تاکە یا پێبەپێی هێزەکەی ئینگلیز لە (ڕۆیشتنە عوموومیەکە)[٣٨٣]دا کشانەوە،

---

[٣٨١] هەمان سەرچاوە، ل٣٠١-٣٠٢؛ الكرد وكردستان ...، ص١٧٤.

[382] كرد وترك وعرب، ص٣٠٢، ٣٠٥.

[٣٨٣] ئەو شارچۆڵکردنەی ئەوانە، لەناو خەڵکی ئەوکاتەو ڕۆژنامەوانیی سەردەمەکەدا بە (ڕۆیشتنە عومومیەکە) ناسراوە. بۆ ئەوە بڕوانە: حاجی مصطفى پاشا، "ژیان" (ڕۆژنامە)، سلێمانی، ژ١٨، ٢٧ مایس ١٩٢٦، ل١- لە:

زۆریـان پـەنایان بـردە بـەر گونـدەکان. چـەند بۆسـەیەکیان لـە ڕێگـە بـۆ نرایـەوەو لێیـان ڕووت کرایـەوە[٣٨٤]. بەشێکیان لێ گەیشتە کەرکووک‌و لێی جێگیر بوون. بەوشێوەیە حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیـز، ئەمجارە کەم‌و زۆر مانگێکی نەخایاند.

سلێمانی چۆڵ کرا، چونکە ئەو مەجلیسی تەئسیسییە کە ئەویسترا پێك بهێنـرێ بـۆ دانـانی دەسـتوورو باوەڕهێنـان بـە پەیماننامـەی تـازەی نێـوان بریتانیـا و عـیراق، بـە دڵـی ئینگلیزەکـان نەئـەبوو ئەگـەر تـەنیا نوێنـەرانی هـەردوو ویلایـەتی بەغـداو بەسـرەو چـەند نوێنـەرێکی غـەیرە کوردیان تێدا بێ. بۆیە پێویست بوو کوردی باشووری کوردستان بەشدار بکرێن‌و هـان بدرێن نوێنـەر بنێرن، تا ترازووی لایەنگرانی پەیماننامەکە قورستر بێ، لەبەر ئەوەی کورد دوای لەدەستدانی ئاواتە نەتەوەییـەکانی خـۆی ئەترسا بخرێتـە ژێـر سایەی حـوکمێکی تـەواو عـەرەبی‌ی دەسـت کـراوە. دیـارە بەشدارىی کـورد تـای ترازوەکـەی قورسـتر ئـەکردو زامنـی هێـشتنەوەی دەسـەڵاتی بریتانیـا بـوو لـە عیراقـدا. ئەمـە نهێنـی‌ی ئـەو ئاڵوگۆڕە تەکتیکییە کوتوپڕەی بۆچوونی ئینگلیز بوو، کاری نـەکردە سـەر هێڵی گشتی‌ی سیاسەتی کۆکس کە لکاندنی کوردستانی جنووبی بوو بە دەوڵەتی عیراقەوە. هەر ئەوەیش هۆی دەرچوونی بڕیارێکی لەو شێوەیەی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بوو[٣٨٥].

---

ڕەفیـق سـاڵح، ڕۆژنامـەی "ژیـان" ژمـارە (١-٨١)، یەکـەم بـەرگ، لێکۆڵینـەوەی سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٢.

[٣٨٤] کرد وترك وعرب، ص٣٠٢.

[385] يقظة الكرد، ص٢٧٢، ٢٧٣.

www.zheen.org

### ١. ٣. ٢. دەورانی سێیەم حکوومەتی کوردستان:

شێخ کە ئەودەمە لە دێی (خەمزە) ی ژووروی شار لە چاوەڕوانیدا بوو، هەر زوو کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەندی بە هێزێکەوە ناردە سلێمانی" ئەویش خۆیی کردە حاکمی شارو داوای لە خەڵك کرد ڕێزی ئاسایش‌و نیزام بگرن؛ بڵاوی کردەوە کە لایەنگران‌و هاوکارانی ئینگلیز سزائەدرێن، توجاڕانی تووتنیشی ڕاسپارد هەر بڕە تووتنێکیان بە دەرەوەی شار فرۆشتووەو ناردوویانە، باجەکەی بدەن[٣٨٦].

شێخ خۆیشی پاشتر لە ١١ی تەمووزی ١٩٢٣دا گەیشتەوە ناو شار[٣٨٧]. هەمان ڕۆژ ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق ئەم بڕیارانەی دا:

١- بەتەما نییە فەرمانبەری عەرەب لە قەزاکانی کورددا دابمەزرێنێ، هێندێ شارەزایی‌ی تەکنیکی نەبێ کە لە ناوچەکەدا نین.

٢- هاووڵاتیانی کورد لە بەکارهێنانی زمانی عەرەبیدا بۆ گفتوگۆکردن ئازادن، ڕێیشیان ئەدرێ زمانی کوردی لە گفتوگۆدا بەکار بهێنن.

---

[٣٨٦] الكرد وكردستان ...، ص١٧٥.

[٣٨٧] كرد وترك وعرب، ص٣٠٩.

سەرکردەکانی وەك سەید محەمەد ئەفەندی‌و کەریم بەگو شێخ محەمەد غەریب زووتر خۆیان گەیاندەوە ناو شار، هەتا ناویان لە یەکەم تۆماری داهات‌و خەرجی‌ی مانگی حوزەیران بەدواوەی شارەوانی‌ی سلێمانیدا هێنراوە (بڕوانە: دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە، "ژیان"، ژ٧، ٤ مارت ١٩٢٦، ئەڵقەکانی تری لە یەکەم بەرگی "ڕۆژنامەی ژیان"دا).

[387] تاريخ الوزارات العراقية، ج١، ص١٦١.

www.zheen.org

٣- حکوومەتی عیراق پەرۆشی‌ی بێئەندازەی خۆی جەخت ئەکاتەوە بۆ پاراستنی مافی خەڵكو تیرە دینی‌و مەدەنیەکان لەو قەزایانەدا[٣٨٨].

کە مەندووبی سامیش بەوەی زانی، ئەم بڕیارانەی دا:

١- لەبەرئەوەی سەری نەگرت سلێمانی بخرێتە سەر عیراقو خەڵکی شار ڕازی نەبوون، پێویستە سلێمانی بچێتەوە دۆخی جارانی پێش هێرشی ئینگلیز بۆ سەر شێخ مەحموود. بۆیە هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان شێخو حکوومەتی عیراقدا نابێ. مەندووبی سامی لەوبارەیەوە فەرمان دەرئەکاتو وەکیلەکەی بۆ کاروباری سلێمانی وەك موفەتیشی ئیداری‌ی کەرکووك درێژە بە کارەکانی ئەدات.

٢- بەشی سەرووی لیوا کە نەخراوەتە پاڵ ئیدارەو کۆنترۆڵی حکوومەتی عیراق، هەمان شت ئەی‌گرێتەوە. ئەو ناحیانەیش کە لە سلێمانی جیا کراونەتەوە، کێشە گرنگەکانیان لەلایەن موفەتیشی ئیدارییەوە ئەدرێنە وەزیری ناوخۆو وێنەیان ئەخرێتە بەرچاوی مەندووبی سامی" وەزیری ناوخۆ بە ڕاوێژی مەندووبی سامی کارە گرنگو گەورەکانیان جێبەجێ ئەکات.

٣- ئەبێ بە شێخ مەحموود بوترێ: ئێستا وازی لێ ئەهێنرێ بە مەرجێك لە سنووری ناوچە ناوەندیەکە واوەتر نەچێ[٣٨٩].

---

388 تاريخ الوزارات العراقية، ج١، ص١٦١.

٣٨٩ الكرد وكردستان...، ص١٧٥-١٧٦.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەوپێیە ڕێ درا شێخ مەحموود لە ناوچەی سلێمانیدا بمێنێتەوە، بە هیوای ئەوەی کە کێشەکەی لەگەڵدا بەلایەکدا بخەن. مەندووبی سامی ئەوانەی بە نامەی شەخسی گەیاندە شێخ. هەر تەمووزی ١٩٢٣یش پێی ڕاگەیاند: ڕێوشوێن دانراوە بۆ جیاکردنەوەی قەزاکانی ڕانیەو قەڵادزێو چەمچەماڵو هەڵەبجەو قەرەداغو سەنگاوو ناحیەی ماوەت، هەروەهایش نابێ دەست وەربداتە کاروباری دێهاتی ساداتی سەرگەڵوو. ئەگەر پێمل نەبوو، توندترین کردەوەی بەرانبەر ئەنوێنرێ[٣٩٠].

شێخ زۆر پێئەچێ تەمووزی ١٩٢٣ سێیەم تەشکیلاتی حکوومەتی بەناوی مەجلیسی میللی (عموومی)یەوە لە (ڕوئەسای دەوائیر)و (ئەشرافی مەملەکەت) پێك هێنابێ، بەم شێوەیە:

ئەندامە ئاساییەکان (ئەعضای طەبیعی):

نایبی حکوومەتو ڕەئیسی مەجلیسی میللیو ڕەئیسی داخلییە:

شێخ محەمەد غەریبی شێخ مارفی قازانقایە،

ڕەئیسی مالییەو گوومرگ: سەید ئەحمەدی بەرزنجی (مەرەخەس)،

ڕەئیسی مەحکەمە: مەلا مەعرووفی مەلا ڕەسووڵی سیرێ،

ڕەئیسی تیجارەتو مەعاریفو نافیعە: حاجی مەلا سەعید ئەفەندی کەرکووکلی زادە،

قوماندانی عەسکەری کوردستان: ڕەزا بەگ،

ئەشرافو مونتەخەبی ئەهالی:

محەمەدئاغای عەبدوڕڕەحمان ئاغا

بنکەی ژین
www.zheen.org

[٣٩٠] هەمان سەرچاوە، ل١٧٦.

**محەمەد بەگی قادر پاشا**

**حاجی ئەحمەدی حاجی کەریم**

**مەلا حسێنی پیسکەندی**

**حاجی برایم ئاغای خەفاف**

**حاجی ئەمینی حاجی عەزیز**

**حاجی ڕەحیم**

**حەسەن بنەشێ.**

**مودیری ئەمنییەتی عوموومی- قیدەملی یووزباشی سەید ڕەزا**

**دائیرەی ملووکانەیش بەم شێوەیە ڕێك خرایەوە:**

**یاوەرو سەرکاتب- سەید ئەحمەد ئەفەندی،**

**کاتب- ئەحمەد سەبری (خواجە) ئەفەندی،**

**زابتی ئەمر- مولازم ئەووەل ماجد مستەفا ئەفەندی،**

**قوماندانی بلووکی مەعییەت- محەمەد ئەفەندی،**

**مەئمووری موصارەفاتی دائیرەی ملووکانە- شەریف ئاغا [مەبەست دەروێش شەریفە]،**

**مودیری موسافیرخانە- شەمسەدین [کوڕی شێخ قادری شێخ سەلامی قازییە، دواتر بە حەسەن فەلاح ناسرا][391].**

---

[391] "ئومێدی ئیستیقلال"، سلێمانی، ژ۱، ۲۰ ایلول ۳۳۹، ل۳.

جێی باسە، ئەم تەشکیلاتە لە ئەدەبیاتی سیاسیی قۆناغەکەدا، بە (تەشکیلاتی ثانی) ناسراوە. تەشکیلاتی یەکەمیش، ئەوی دووەم حکوومەتی کوردستانە. هەرچی دەورانی یەکەم حکوومەتی کوردستانیشە، تەشکیلاتی

قەڵـەمڕەوی دەســەڵاتی ئـەم سـێیەم حکوومەتـە، لەچـاو دوانەکـەی پێـشوودا، بەگـشتی بەرتەسـك‌و قـەوارە بـچووك بـوو. شـێخ کۆتـایی‌ی تـەمووزی ١٩٢٣ دەسـتی بەسـەر قـەزاو ناحیـە جیاکراوەکانـدا گرتـەوە، ڕای‌گـەیانـد هێـزە مەزنـەکان دایاننـاوە بـە مـەلیکی کوردسـتان. بـەڵام مەندووبی سامی بە فڕۆکە بەیاننامەی بۆ فڕێدایە خوارێ کە ئەوە ڕەت ئەکاتەوەو شێخ هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریانەوە نییەو نایبێ. شێخ وەڵامی ئەوەی دایەوە، درێژەی بە کۆنترۆڵکردنی ئەو شوێنانە داو دەسەڵاتەکەی پەرەی سەند[٣٩٢].

پـەیمانی لـۆزان ڕۆژی ١٩٢٣/٧/٢٤ لـەنێوان هاوپـەیمانان‌و تورکیـادا مۆرکرا. ئیتر ئەبوو بریتانیاو تورکیا بەپێی دووەم بڕگـەی سێیەم مادده، هێڵـی سـنووری نێـوان تورکیـاو عـیراق دیـاری بکـەن. ئەگـەر نەیـشکرا، کێـشەکە بخرێتـە بـەردەم ئەنجومـەنی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان. تـا بڕیـاری یـەکجارەکیش ئـەدرا، هـەردوو حکوومـەت بەڵێن بـدەن هـیچ جموجووڵێکی عەسـکەری یـا ناعەسـکەری نەکـەن بـارودۆخی ئەودەمـەی هەرێمەکـە (ویلایـەتی مووسـڵ) بگـۆڕێ[٣٩٣]. واتـە حاڵوبـاری کوردسـتانی جنـووبی وەکوو خۆی هێڵرایەوە، حکوومەتی بریتانیایش ئەرکێکی وای بەرانبەر بە کـوردانی ئـەم پارچـەیە لـە ئەسـتۆدا نـەما، تـا بتـوانن مـافی خۆیـان بـۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەکاربهێنن[٣٩٤].

---

هاوچەشـنی ڕیاسـەتەکانی نـەبوو، بەپێی شێوەی لیوای سـەردەمی عوسمـانی ڕێك خرابوو.

[٣٩٢] الکرد وکردستان ...، ص١٧٧.

[٣٩٣] الدکتور فاضل حسین، مشکلة الموصل، ص٣٨-٣٩.

[٣٩٤] کرد وترك وعرب، ص٢٨٢.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرەتای ئەم دەورە، ئەحمەد بەگو عیززەت بەگی وەسمان پاشای برایو حامید بەگ سەریان لە سلێمانی دا، دەریانخست لایەنگری مەلیکی کوردستانن[٣٩٥].

شێخ ١٩٢٣/٨/١٥ کاربەدەستانی ئینگلیزی ئاگادارکردەوە کە "تۆفیق جەلال"ی بە بەڕێوەبەری ناحیەی وارماواو حەسەن بەگی بەگزادەی جافیشی بە یاریدەدەری سەرۆکی هۆزی جاف داناوە[٣٩٦]. ڕۆژی ١٩٢٣/٨/١٦ ناوشار، بەتایبەتیش بارەگاکەی شێخ، لەبەرئەوەی گوایە شێخ دەستی وەرداوەتە ناوچە قەدەغەکراوەکانو بەتایبەت ماوەت، لە فڕۆکەوە بە بۆمبای ٢٢٠پاوەندی کە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بەکارهێنرا، بۆردومان کرا. شێخ یادداشتێکی ناڕەزاییی لەسەر ئەوە دایە مەندووبی سامی[٣٩٧].

هەر ئەو ڕۆژەیش شێخ حەمەغەریب بە هێزێکەوە چووە ناو هەڵەبجە، بەگزادەی جاف هیچ خۆگرییەکیان لەبەردەمیدا پێنەکرا. دەسەڵاتی ئینگلیز تەنیا لە بەشێکی وارماوای خوارووی زنجیرە چیای بەرانانی ناوچەی هەڵەبجەدا مایەوە کە بە کفرییەوە بەسترا[٣٩٨].

شێخ، چەندین نامەی تری بە شێخ عەبدولکەریمو شێخ عەبدولقادری سەنگاوو سەید ئەحمەدی بەرزنجیو شێخ محەمەد غەریبدا بۆ مەندووبی سامی لە بەغدا نارد" داوای لێکردن نوێنەرەکەی خۆیان بنێرنەوە بۆ سلێمانی. هەر ئەو

---

[٣٩٥] هەمان سەرچاوە، ل٣٣٢.
[٣٩٦] الكرد وكردستان ...، ص١٧٨-١٧٩.
[٣٩٧] هەمان سەرچاوە، ل١٧٧؛ كرد وترك وعرب، ص٣١٣.
[٣٩٨] كرد وترك وعرب، ص٣١٣.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ماوەیە شێخ محەمەد غەریبی بە نامەیەکەوە ناردە کەرکووک بۆ لای موفەتیشی ئیداریی کەرکووک؛ رایسپارد ئامادەیە لە کفری یا قادرکەرەم چاوی بە نوێنەرێکی ئینگلیز بکەوێ بۆ ووتوێژ. داواکەی ڕەت کرایەوەو شێخ محەمەد غەریبیش نەبینرا[٣٩٩]. تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ دوو نێردراوی بە نامەی ١٠/١ی خۆیەوە ڕەوانەی بەغدا کرد. هێنری دۆبس ١٩٢٣/١١/١٢ وا وەڵامی دایەوە کە ئەبێ شێخ خۆی بێتە بەغدا تا چارەنووسی سلێمانیی لەگەڵدا باس بکرێ[٤٠٠].

ڕۆژی ١٩٢٣/٩/٢٠ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "ئومێدی ئیستیقلال" لە سلێمانی دەرکراو تا ٥/١٥ / ١٩٢٤ کە بیست‌وپێنج ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، بوو بە زمانی حاڵی ئەو سێیەم حکوومەتەی کوردستانی جنووبی؛ ژمارە ١-٣ ئەحمەد خواجە، ٤-١٣ ڕەفیق حیلمی، ١٤-١٦ حسێن نازم مودیری مەسئوولی بووە. ژمارەکانی تری نەزانراوە کێ سەرپەرشتیی کردوون.

ئینگلیز کۆتایی ئەیلوولی ١٩٢٣ هێزێکی تایبەتی سوارەی گەڕۆکی لە ١٢٠ پۆلیس پێک هێنا، تا لەکاتی پێویستیدا لە هەر بەشێکی لیواکانی کەرکووک و سلێمانیدا بەکاربهێنرێن[٤٠١]. هەر لەو سەروبەندەدا حەمەخان و حەسەن بەگ و ئەحمەد بەگ لە سەرانی ڕۆغزایی، حەمەخان سلێمان لە سەرانی جاف سەریان لە سلێمانی دا[٤٠٢].

---

399 عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، المصدر نفسه، ص٣٣٥.

٤٠٠ هەمان سەرچاوە، ل٣٢٦؛ الكرد وكردستان ...، ص١٧٧-١٧٨؛ یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل١١١-١١٢.

٤٠١ كرد وترك وعرب، ص٣١٦.

402 ئومێدی ئیستیقلال، ژ٣، ٤ تشرين أول ١٣٣٩، ل٤.

www.zheen.org

شێخ محەمەد غەریبی ڕەئیسی مەجلیسی میللی، بڕیاری مەجلیسی بۆ لێبوردن لەوانەی کە لە (ڕۆیشتنە عوموومیەکە)دا ڕۆیشتبوون یا خراپەیان دەرهەق بە میللەتو وڵاتی خۆیان کردبوو، بەرز کردەوە. مەلیك مەحموودیش لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣دا بۆی نووسیوە: ((جوابی ٨ی تشرین ئەووەڵی ٣٣٨و ٥ ژمارە قەراری مەجلیسە ئەوانەی کە لەبەر خەوفی بۆمباردومان وە یاخود لەبەر ئەفعالی خۆیان سووئی ظەنییان بۆ حاصڵ بووەو بە واهیمە بە ماڵەوە هیجرەتیان کردووە غەیرەز ئەوانە کە لە ئەشکەوتەوە فیرار بوون من عەفوم ئیعلان کردبوون لەسەر تەکلیفی ئێوەو غایەی خۆم ئەمجارەیش عەفوەکەیان تیکرار ئەکەمەوە چونکە مەعلوومی جیهانە ئەم فیداکارییە کە هەتا ئێستا ئیقتیحام کراوە صرف بۆ تەرەقیو سەعادەتی ئەم میللەتەیە غەیری ئەم جیهەتە مەشرووعە نەبێ هیچ ئەمەلێکی تر تەعقیب نەکراوە[٤٠٣].

مولازم مەجید ئەفەندی، لەبری ڕەشید زەکی کابان کە نەیکرد، بە ئیرادەی ملووکانە دامەزرا بە موعەللیمی ڕیازیاتی مەکتەبی ئەعدادی‌ی مەحموودی. شێخ سەعید ئەفەندی بە موعەللیمی مەکتەبی ئەعدادی هێڵرایەوە. ماجد مستەفاو سەید حەسەن ئەفەندی، لەپاڵ وەزیفەی عەسکەرییاندا، بەخۆڕایی کەوتنە دەرسوتنەوە لە قوتابخانەی ئەعدادی[٤٠٤].

٢٢ی تشرینی یەکەم بە ئیرادەی ملووکانە پشوو درایە هەموو دائیرەکان؛ لە مزگەوتی گەورە مەوլوود خوێنرایەوە. نان خورا، شەربەتو قاوەو جگەرەیش بەشرایەوە. پاشان عەبدوڵڵا عادیل ئەفەندی‌ی ئەفسەرێکی عەسکەری کوردستان

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[403] هەمان سەرچاوە، ژ٤، ١١ تشرین أول ١٣٣٩، ل٤.

[404] هەمان سەرچاوە، ژ٤، ل٤" ژ٥، ١٨ تشرين أول ١٣٣٩، ل٤.

نوتقێکی بەلیغی ئیراد کرد. هەر بەو بۆنەیەوە، بە ئیرادەی ملووکانە لە هێندێ زیندانی بوردراو ئازاد کران[٤٠٥]، لەوانە ئەو ئەفسەرو کەسانەی کە پێشتر لە دەرەوە گیرابوون[٤٠٦]؛ لەناو ئەوانەدا، وەك ئەحمەد خواجە نووسیویە، ڕەنگە ساڵح زەکی ساحێبقڕان تا کۆتایی ئەو دەورە بە بەندی یا دەست بەسەری هێڵرابێتەوە[٤٠٧].

سەردار ڕەشیدی ئەردەڵانی کە لەبەر ناکۆکیی لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا پەڕیوەی ئەمدیوی کوردستان بووبوو، هاتە سلێمانی بۆ لای شێخ. شێخ لەلای ئێران بۆی تێکەوت، لێبوردنی بۆ وەرگرت وا کە لە تاران دابنیشێ[٤٠٨].

هێزەکانی شێخ توانییان سەرکەوتنێکی دیاریکراو بەدەست بهێنن و چەند ناوچەیەکی نزیکی سلێمانی بخەنەوە ژێر دەستی خۆیان. بەڵام فڕۆکەکانی ئینگلیز لە بۆسەدا بوون بۆیان، بەتوندی بۆمبابارانیان کردن. شێخ بۆردومانی دێهات و شارۆچکەکانی بە پێشێلکردنی پەیمانی لۆزان دانا، گوشاری خستە سەر حکوومەتی بریتانیا و نێوەنێوی لایەنی تورکیی دا. بۆیە حکوومەتی تورکیا لە ١٩٢٣/١١/١٨دا نارەزایینامەیەکی لەوبارەیەوە دایە مەندووبی سامیی ئینگلیز لە ئەستەموول[٤٠٩].

برووسکەیەکی مەندووبی سامی لە ١٩٢٣/١٢/٧دا درایە ئەدمۆندز، پێشنیاری تێدا کرابوو کە هێزی ئاسمانیی بریتانیا، دوای ئاگادارکردنەوە،

---

405 هەمان سەرچاوە، ژ٦، ٢٥ تشرين أول ١٩٢٣، ل٣.

406 چیم دی، ب٢، ل٥٤.

407 چیم دی، ب٢، ل٥٤.

408 هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٤٩.

409 عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، ص٣٣٦.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بۆردومانی سلێمانی بکات، چونکه شێخ چەند جارێك مەرجه سەپێنراوەکانی شکاندووه، گوایه هەر لەوەبەتر بەڵگه زۆرن که نیازی دوژمنانەیشی هەن[٤١٠].

ئەحمەد بەگو عیززەت بەگ که بەپەله گەڕانەوه بۆ هەڵەبجه، ڕۆژی ١٩٢٣/١٢/١٦ لەگەڵ عادیلەخانی دایکیاندا ئەدمۆندزیان له دێی (پسارکان)ی خوار (بتخانه)ی ناوچەی سەنگاو دی[٤١١]. بەوه پەیوەندییان لەگەڵ ئینگلیزدا دامەزراندەوه.

سلێمانی، به تایبەت ماڵی شێخ، ڕۆژی ١٩٢٣/١٢/٢٥ به فڕۆکه بۆردومان کرا. مارشاڵ سێر جۆن ساڵموندی سەرکردەی هێزی ئاسمانیی بریتانیا له عیراق، خۆی به فڕۆکه بۆمبای گرته ماڵی شێخ، هەر دەرگای دەرەوەی خانوەکه بەرکەوت. دوو فڕۆکەیان نزیك سەرچنارو له دەربەندی تاسڵووجه پەکیان کەوتو نیشتنەوه. شێخ یەکەمیانی پاراست، دووەمیان به دەستی کەریم بەگی هەمەوەند تێك شکێنرا. هەر ئەو فڕۆکەوانانەی ئینگلیزو ئەفسەری سیاسی، شەوەکەی بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی مەسیحەوه ئاهەنگی خۆیان گێڕا. فڕۆکەکان، لەوەبەدوا تا ئاداری ١٩٢٤، چەندەها جاری تر بۆ هەڕەشەو چاوترساندن به ئاسمانی شاردا سووڕانەوەو مانۆڕیان کرد[٤١٢].

دەسەڵاتدارانی ئینگلیز مارتی ١٩٢٤ فەرمانبەری مەدەنیو پۆلیسیان، بۆ دامەزراندنەوەی ئیداره، ناردە هەڵەبجه. هێزێکی شێخ پەلاماری شارەکەی دا،

---

[٤١٠] هەمان سەرچاوه، ل٣٣٢.

[٤١١] هەمان سەرچاوه، ل٣١٦.

[٤١٢] هەمان سەرچاوه، ل٣٣٨؛ کەمال مەزهەر، گاڵتەوگەپو گەمەکانی نێوان شێخ مەحموودو فڕۆکەوانه ئینگلیزەکان، "ڕۆشنبیری نوێ"، ژ١٣٦، ١٩٩٥.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سوارەکانی جافی ئەحمەد بەگی شکاند. دیسان دەسەڵاتی ئینگلیز کورتی هێنا تا دێی وارماوا. بەڵام لەشکری شێخ خورماڵو وارماوای باکووری بەرانانیشی گرت. ئیتر هەڵەبجە لە ١٩٢٢/١٠/١ بەدواوە هیچ ئەفسەرێکی سیاسیی ئینگلیزی تێدا نەبوو، تا ئەدمۆندز ١٩٢٤/٤/٢١ بە فڕۆکە گەیشتە ئەوێ[٤١٣].

شێخ قادری حەفید ئەم دەورەی حوکمی شێخ، لێی دوورکەوتەوە" تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ لە دێی سێوسێنان گفتی بە ئەدمۆندز دابوو خۆی بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی دامەزراندن (المجلس التأسيسي)ی عیراق بپاڵێوێ[٤١٤]، ڕاست لەگەڵ عیززەت بەگی وەسمان پاشاو میرزا فەرەجی حاجی شەریفو ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگو محەمەد بەگی فەتاح بەگی جافدا بە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە هەڵبژێردران کە ڕۆژی ١٩٢٤/٣/٢٧ کرایەوەو ١٩٢٤/٧/٢٦یش دوای تەواوبوونی ئەرکەکانی هەڵوەشێنرایەوە[٤١٥]. ئەم ناسراوانەی چینو توێژە جیاجیاکانی شار:

ئەشرافی مەملەکەت: محەمەد ئاغا، غەفوور ئاغا، حەمدی بەگی ڕەشید پاشا، ساڵح پاشا، محەمەدفوئاد بەگ، فەتاح بەگی حاجی ئیبراهیم بەگ، مەحموود ئەفەندیی ڕەئیسی پێشووی شارەوانی، عەبدولفەتاح چەلەبی، مەجید بەگی حاجی ڕەسووڵ بەگ، عارف ئەفەندیی حاجی حەسەن ئەفەندی، ئەمین ئەفەندیی کاتبی مەسرەف، محەمەد بەگی فەتاح بەگ؛

---

[٤١٣] کرد وترك وعرب، ص٣٤٠، ٣٤١.

[٤١٤] هەمان سەرچاوە، ل٣٢٧.

[٤١٥] تاريخ الوزارات العراقية، ج١، ص٢٠٥، ٢٢٨.

نکەی ژین
www.zheen.org

عولەمای کیرام: موفتی ئەفەندی، باباعەلی، مەلا حسێنی پیسکەندی، شێخ عومەری شێخ ئەمین، شێخ جەلال ئەفەندی، مەلا مستەفای کورد، مەلا خالید، شێخ لەتیف، حاجی مەلا ڕەسووڵ، مەلا مەحموودی حاجی عەلی؛

توجاڕی مەملەکەت: حاجی سەعید ئاغا، حاجی مەلا محێدین، حاجی ئەمین کاکەحەمە، حاجی ئاغا فەتحوڵڵا، حاجی فەتاح قادر، حاجی کەریم عەنبەرخان، حاجی مەلا سەعید شاڵی، حاجی حەمەڕەحیم، میرزا عارف کاکەحەمە، حاجی حەسەن حاجی مەحموودە ڕەش، تۆفیق ئەفەندی‌ی مەحموود ئاغا، حاجی ساڵح خەفاف، حاجی فەرەج قاسم، حاجی محەمەد کاك عەلی، حاجی ئیبراهیم ئاغا، ڕەشید ئاغا حاجی ئیبراهیم ئاغا، میرزا تۆفیق قەزاز؛

بازرگان: عەبدوڕڕەزاق حاجی مەحموود، مەلا ئەحمەد حاجی مەحموود، حاجی محێدین خاتوون، سدیق حاجی محەمەد قوربانی، عەلی ئەفەندی‌ی حاجی ساڵح، حاجی مەلا سەعید حاجی مەعرووف، حاجی مستەفا بەگ؛

ساداتی کیرام: سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی، سەید عەبدولکەریم ئەفەندی، سەید نووری ئەفەندی نەقیب، شێخ عەلی ئەفەندی سەرکار، شێخ ساڵح ئەفەندی قازی، شێخ محەمەد ئەفەندی گولانی، شێخ قادر ئەفەندی موفتی، خەتیب سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی؛

مووسەوی‌ی مەملەکەت: حاخام خواجە میرە ئەفەندی، خواجە ساڵح بنۆشێ، یەعقووب حەسەنە جوو، ئیسحاق پێنجوێنی، ڕەحیم لەیلێ زەڕەنگەر، عەزیز لەیلێ زەڕەنگەر، باباقەرتاغی‌ی بازرگان، حەسەن بنۆشێ، سەلمان سەڕاف، ئیسحاق موعەللیم؛

www.zheen.org

عـەتاری مەملەكـەت: حـاجی محێـدین، كـەریم ئەفەنـدی، شـێخ قـادر ئەفەندی، عەبدوڕڕەحمان بەگ، حەمەسەعید حاجی عەبدوڵڵا، دەروێش حەمەلەلە، سەید عەلی سەید مستەفا، مەلا سەعید فەتاح ئەفەندی، حاجی ڕەشید؛

كەوشـدرووی مەملەكـەت: حـاجی سـاڵح حـاجی مـارف، حـاجی سـاڵح جوڵان، حاجی كەریم، عەلی ئاغا، حاجی عەبدوڵڵا قەرەداغ، حاجی ئەمین سوور، ئۆستا عەزیز ئۆستا ئەحمەد، كاكە سەعید، حەمە ڕەشید، ساڵح حەمە ڕەحیم؛

بەقاڵی مەملەكەت: مەلا فەرەج، حەمە شەریف گیركە، عەبوتیر، حەمەی عەدلە، حـاجی بـەقاڵ، مـەلا عەبدوڕڕەحمان، ئـەمین مـام سـاڵح، محەمـەد حەسەنە كەڕە، غەفوور ئەمین دەروێش؛

ئاسـنگەری مەملەكـەت: حـاجی ڕەشـید حـاجی سـەعید، ئۆسـتا عەبدوڕڕەحمان ئۆستا تۆفیق؛ بە ئاشكرا ڕایانگەیاند: ئەو كەسانە بە نوێنـەری ناوچـەكە نـازانن و بڕوایـان پێیـان نییـە، چـونكە كـەس هەڵی نەبژاردوون[٤١٦].

ڕیاسـەتی مالییـەی حكوومـەتی شـێخ، سـەرەتای ١٩٢٤، پـوولی چاپی دەركـرد بـۆ ڕاییكردنـی كاروبـاری ڕەسمـی‌ی دائیرەكـان: یـەك و هەشـت ئانـەیی، بۆ تـاپۆیش پێـنج ڕووپیـەیی. پاشـان پـوولی چـوار ڕووپیـەیی و ڕووپیەو نیوی و یەك ڕووپیەییشی دەركرد[٤١٧]. ئەحمەد خواجە وتوویە:

---

[٤١٦] "ئومێدی ئیستیقلال، ژ٢٢، ١٠ نیسان ١٣٤٠، ل١-٣.

[٤١٧] هەمان سەرچاوە، ژ١٩، ٢٠مارت ١٣٤٠؛ ژ٢٠، ٢٧ مارت ١٣٤٠.

بیری پوول دەرکردن هی ئەو بوو، خۆی بە ئەنجامی گەیاند. شێخ لەتیفی دانسازیش زۆری یارمەتی دا بەوەی کە نێوان پوولەکانی بۆ کون کردو قەراغی بۆ دروست کردن[٤١٨].

ڕیاسەتی مالییە، هەر ئەو ماوەیە خەریکی ئامادەکردنی بڕێکی زۆر ئاڵتوونی سکەدارو بێسکە بوو تا لە سنووقدا بە بارمتە دایبنێ، بانقەنۆت (عملة ورقیة- بانك نۆت) بەرانبەر بەو ئاڵتوونە چاپ بکاتو بیخاتە بازاڕەوە[٤١٩]. بەڵام دیارە ڕووداوەکانی لەوەبەدوا، بەتایبەت تۆپبارانو داگیرکردنەوەی شار، ئەوەندە خێراو کاریگەر بوون ئەم پڕۆژەیەیان هەڵوەشاندوەتەوە.

١٩٢٤/٣/١٢ پێنج فڕۆکە ئاوایی‌ی (حەمەی سان ئەحمەد)ی ئەوبەری ڕووباری (سیروان)ی بۆمباردومان کرد. فڕۆکەیەکیان لێ کەوتە خوارەوە. ٣/١٦ لە ناوچەیەکی ڕوو بە شارەزوور ٢٠-٣٠ بۆمبا تەقێنرایەوە[٤٢٠]. ڕۆژی ١٩٢٤/٥/٢٠ بەیاننامەیەکی زۆر بەسەر گەلێك ناوچەی ژێر دەستی شێخدا بەردرایەوە، هەڕەشەی بۆردومانکردنی هەموویانی تێدا کرابوو. ٥/٢٢ شێخیش بە نامە ئاگادار کرایەوە کە خۆیو چەکدارەکانی شار چۆڵ بکەن؛ ئیتر بۆ بیانووبڕینیان ڕوو بە قەرەداغو سەنگاو بەجێی هێشت، دوای بۆردومانەکە هاتەوە[٤٢١].

---

[٤١٨] چیم دی، ب٢، ل٥٢-٥٣.

[٤١٩] ئومێدی ئیستیقلال، ژ٢٠، ٢٧ مارت ١٣٤٠.

[420] ئومێدی ئیستیقلال، ژ٢٠،١٩ مارت ١٣٤٠، ل٣.

[٤٢١] چیم دی، ب٢، ل٥٨، ٦٠؛ کەمال مەزهەر، گاڵتەوگەپو گەمەکانی نێوان شێخ مەحموودو فڕۆکەوانە ئینگلیزەکان.

www.zheen.org

سلێمانی ١٩٢٤/٥/٢٥ جارێکی تر بۆردومان کرایەوە. ئەمجارە لەو بیست هەزار کەسەی دانیشتووی شار، تەنیا ٧٠٠ کەسی لێ مایەوە. ئەوانی تر دەربەدەری دێهات بوون، بە چوار مانگی تر ئەمجا گشتیان گەڕانەوە جێی خۆیان[٤٢٢]. ئەحمەد خواجە کە ئەو ڕۆژانە هاتوەتەوە ناو شار، دیویە: ((لە هەموو سەربان و ماڵێ بڵێسەی ئاگر هەڵئەسێ، خانوو وێران و کاول بەسەریەکدا ڕووخاوە، شاری چۆڵ و بێخاوەن. لەژێر بۆمباو مەترالیۆزدا ژن و منداڵ و پیر کەوتبوونە دەشت، بەبێ خۆراک و ئاو بە پێی پێخواسی[٤٢٣])).

شێخ هەر لە هەوڵی دەستگرتندا بوو بەسەر ئەو ناوچانەدا کە لێی قەدەغە کرابوون. دوا بۆردومانی شاریش، کاروباری کەم وزۆر لە گرێژەنە برد. دواجار مەندووبی سامی بڕیاری دا هێزی پیادە سلێمانی داگیر بکات. ئەوە بوو ڕەتلێکی سوپای عەرەبی عیراق بە پاڵپشتی هێزی پۆلیس و هێزێکی لیڤی ئاسووری و هێزی ئاسمانی بریتانیا، ڕۆژی ١٩٢٤/٧/١٩ سلێمانیی گرتەوە، "چاپمان" کرایە سەرپەرشتی ئیداریی شار[٤٢٤]، لەکاتێکدا شێخ پێش چەند ڕۆژێك سلێمانیی چۆڵ کردبوو[٤٢٥].

---

[٤٢٢] کەمال مەزهەر، هەمان سەرچاوە.

[٤٢٣] چیم دی، ب٢، ل٥٨، ٥٩.

[٤٢٤] کرد وترك وعرب، ص٣٤٨؛ تاريخ الوزارات العراقية، ج١، ص٢٧٢؛ عبدالعزيز ياملكي، كشف القناع عن بعض الوقائع العراقية، ج١، بغداد، ١٩٥٧، ص١٢، ٢٠؛ عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، ص٣٤٠ (لە ژمارە ١٠٤ی ١٩٢٤/٧/٢٥ی ڕۆژنامەی "العالم العربي)یەوە وەرگیراوە).

شکانی هێزەکەی شێخ کاتی بوو، چونکە توانیی دوای ماوەیەکی کورت سلێمانی بگرێتەوەو سوپای عیراق دەرپەڕێنێ و تا ڕۆژاوای دەربەند دوویان بکەوێ. بەڵام ئەمجارە سریەیەکی بەتالیۆنی سوارەی سێیەمو سریەی پیادەی فەوجی دووەمو سریەی پیادە پاڵپشت بە بەتەریەی تۆپخانەی عەیاری ٢,٧٥ گرێ، لە ٧/٢٠ بەدواوە سلێمانیی بۆ دووەم کەڕەت داگیر کردەوە. تۆپخانەی عیراقی بۆ یەکەمجار بەشداریی ڕاستەقینەی لەو شەڕەدا کرد. حکوومەتی عیراق هاوزەمان بە بەلاغێکی ڕەسمی سوپاسی هێزی ئاسمانیی شاهانەی ئینگلیزو تیپی شەشەمی هێزی زرێپۆشی گەڕۆکی کرد بۆ یارمەتیو کۆششەکانی لە شەڕدا[٤٢٦].

سوپای عیراق لە ٢٠-١٩٢٤/٨/٣٠ چەندین هێرشو پەلاماری بردە سەر هێزەکەی شێخ، ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدی نەهێنا. شێخ هاوپەیمانیی لەگەڵ عەشایەری هەمەوەندو هەوراماندا تازە کردەوە، دەستی کێشایەوە بەسەر ناوچەکانی پێنجوێنو سەرچناردا. بەڵام ئەو پەلامارە بەردەوامانەو زەبری فڕۆکەکانی ئینگلیز، دواجار هێزەکەی شێخی ماندوو و چالاکیەکانیی کەم کردەوە. حکوومەتی عیراقیش لە ١٩٢٤/١٢/٢٧دا لە بەلاغێکی ڕەسمیدا جەختی کردەوە کە حاڵوباری ناوشاری سلێمانی ڕوو لەچاکییەو ژمارەی دانیشتوانی زۆر زیادی کردووە[٤٢٧].

---

[٤٢٥] چیم دی، ب٢، ل٦٤.

[426] عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، ص٣٤١ (لە هەمان ژمارەی پێشووی "العالم العربي"یەوە وەرگیراوە).

[427] هەمان سەرچاوە، ل٣٤٢، ٣٤٤.

پنکەی ژین
www.zheen.org

لەوکاتەیشەوە تۆماری ژیانی ئەم سێیەم حکوومەتەی شێخ بەتەواوی پێچرایەوە، سێیەم خولی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز لە سلێمانی دەستی پێکرد تا ١٩٢٥/٣/٧ کە ئیتر ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی تێدا بە یەکەم موتەسەڕیفی سەردەمی حکوومەتی پاشایەتی لێ دانرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

جێی وتنە، بەپێی ژمارە ٢٣٥ی ١٩٢٤/١٢/٢٧ی "العالم العربي"، ژمارەی دانیشتوانی شار لە ١٩٢٤/١٢/١٥دا بە نزیکەی ٢٠٠٠٠ کەس مەزەندە کراوە.

**سەرچاوەکان:**

**١. کوردی:**

**١. ١. کتێب:**

١- احمد خواجه، چیم دی، ب ١، بغداد، ١٩٦٨و، ب٢، سلێمانی، ١٩٦٩و، ب٣، سلێمانی، ١٩٧٠.

٢- جەلال تەقی، بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودو سمکۆ، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٨.

٣- ڕەفیق سالْح، ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، لەسەرنووسینی سدیق سالْح، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٤- ڕەفیق سالْح، ڕۆژنامەی ژیان، ب١ (ژمارە ١-٨١)، لێکۆڵینەوەی سدیق سالْح، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٥- رفیق حلمی، یادداشت، چ٢، هەردوو بەشی یەکەمو دووەم، هەولێر، ١٩٨٨و، بەشی سێهەم، بغداد، ١٩٩٢.

٦- رمزی قزاز، بزووتنەوەی سیاسیو رۆشنبیریی کورد لەکۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، سلێمانی، ١٩٧١.

٧- سدیق سالْح، بەسەرهاتووی کاکەڕەشید شەوقی (سەرگوزشتە)، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٨- سیروان بەکر سامیو عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتار، پێشکەوتن یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی ١٩٢٠-١٩٢٢، هەولێر، ١٩٩٨.

٩- عبدالرقیب یوسفو سدیق سالْح، بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەماغای پشدەری، سلێمانی، ٢٠٠١.

www.zheen.org

١٠- عبدالرقيب يوسف، لە بەڵگەنامەکانی حکوومەتی شێخ مەحموود: تۆمارێکی شارەوانیی سلێمانی (١٩٢٣-١٩٢٤)، بنکەی ژین- سلێمانی، ٢٠٠٥.

١١- مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، محمدی مەلا کریم هێناونیەتە سەر شێوە نووسینی نوێ و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیون، بەغدا، ١٩٨٥.

١٢- کەمال نوری مەعرووف، یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، دهۆك، ١٩٩٥.

١٣- م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، لەندەن، ١٩٩٠" ب٢، لەندەن، ١٩٩١.

١٤- محمد رسول هاوار، سمکۆ (ئیسماعیل خانی شوکاك) و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، چاپخانەی ئاپێك-سوید، ١٩٩٦.

١٥- مستەفا نەریمان، ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی ١٧٨٧-١٩٧٥، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا، ١٩٧٧.

١٦- مستەفا نەریمان، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ، بغداد، ١٩٨٥.

١٧- یادداشتەکانی مێجەر نۆئیل لە کوردستان، وەرگێڕانی حسین احمد جاف و حسین عوسمان نێرگسەجاڕی، بغداد، ١٩٨٤.

**١. ٢. گۆڤارو ڕۆژنامە:**

١- اسماعیل حقی شاوەیس، حکومەتی کوردستان، "ڕۆژی نوێ" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ٥، ئابی ١٩٦٠.

٢- سدیق ساڵح، ڕەشید کابان نوێنەرێکی کوردستانی باشوور (ساڵی ١٩١٩)، "پەیڤین" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ ٤، دیسەمبەری ١٩٩٨.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٣- سديق ساڵح، بەڵگەنامەیەکی دووەم حکوومەتی کوردستانی باشوور، "هەزارمێرد" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ٦، کانوونی یەکەمی ١٩٩٨.
٤- سدیق ساڵح، شەجەرەکەی بنەماڵەی صائیب، "پەیڤین" (گۆڤار)، ژ٦، حوزەیرانی ١٩٩٩.
٥- سدیق ساڵح، (مەفرەزەی موحافیظی سواری-مایسی ١٩٢٣) لە بەڵگەنامەیەکدا، "هەزارمێرد"، ژ١٨، کانوونی یەکەمی ٢٠٠١.
٦- سی.جەی. ئەدمۆندز، بیبلیۆگرافیای چاپکراوی کوردیی باشوور، وەرگێڕانی سەلمان عەلی، ١٩٢٠-١٩٣٦، گۆڤاری شاهانەی ناوەندی ئاسیا، لەندەن، ب٢٥، بەشی ٣، تەمووزی ١٩٣٧و، ١٩٣٧-١٩٤٤، هەمان سەرچاوە، ب٣٢، بەشی ٢، مایسی ١٩٤٥.
٧- عبدالرقیب یوسف، لە کەلەپووری بەڵگەنامەیی کوردی، "ڕۆشنبیری نوێ" (گۆڤار)، بەغدا، ژ ١١٠، حوزەیرانی ١٩٨٦.
٨- کەمال ڕەئووف محەمەد، ١٩١٨/١١/١٥ نەك ١٩١٨/١١/١ یەکەم حکوومەتی کوردستان دامەزرا، "کوردستانی نوێ" (ڕۆژنامە)، هەولێر، ژ ١١٦٦، ١٩٩٥/١٢/١٥و، یێکەم حکوومەتی کوردستان ١٩١٨/١١/١٧ نەك ١٩١٨/١١/١ دامەزراوە، "کوردستانی نوێ"، سلێمانی، ژ ١٤٣٤، ١٩٩٧/٧/١٠.
٩- د.کەمال مەزهەر، چمکێك لە مێژووی یەکەم چاپخانەی کوردی لە شاری سلێمانی، "ڕۆشنبیری نوێ"، ژ٧٧، تشرینی یەکەمی ١٩٧٩.
١٠- کەمال مەزهەر، گاڵتەوگەپ و گەمەکانی نێوان شێخ مەحموودو فڕۆکەوانە ئینگلیزەکان، ژ ١٣٦، ١٩٩٥.

www.zheen.org

١١- هـەڵۆ، روون کردنەوەیـەك دەربـارەی هەنـدێك لـە باسـەکانی چـیم دی، "بەیان" (گۆڤار)، بەغدا، ژ٥، کانوونی دووەمی ١٩٧١.

٢. عەرەبی:

٢. ١. کتێب:

١- ارنلـد تـي. ويلـسون، بـلاد مـابين النهـرين بـين ولاءيـن، ترجمـة فـؤاد جميل، ط ١، ج٣، بغداد، ١٩٩٢.

٢- أي. إم. هـاملتون، طريـق في كردسـتان، ترجمـة جـرجيس فـتح الله، مطبعة دار الجاحظ- بغداد، ١٩٧٣.

٣- المس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، ترجمة جعفر الخيـاط، ط٢، بغداد، ١٩٧١.

٤- توفيق وهـبي، حول مقال مسؤولية الاديب الكردي الكبرى للاستاذ عبدالمجيد لطفي، بغداد، ١٩٧٣ (عني بنشره محمد الملا عبدالكريم).

٥- جمال بابان، مذكرات علي كمال عبدالرحمن، شركة الخنساء للطباعة المحدودة- بغداد، ٢٠٠١.

٦- جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، دار ئاراس- أربيل، ٢٠٠٢.

٧- جليلـي جليل واخـرون، الحركة الكرديـة في العصر الحديث، ترجمـة عبدي حاجي، بيروت، ١٩٩٥.

٨- دبليـو. ار. هـي، سـنتان في كردسـتان، ترجمـة فـؤاد جميـل، الجـزءان الاول والثاني، بغداد، ١٩٧٣.

٩- سـي.جـي. ادمونـدز، كـرد وتـرك وعـرب، ترجمـة جـرجيس فـتح الله، بغداد، ١٩٧١.

www.zheen.org

١٠- عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، الشيخ محمود الحفيد "البرزنجي" والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، دار الحكمة- لندن، آذار ٢٠٠٥.

١١- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ط٥، ج١، بيروت، ١٩٧٨.

١٢- عبدالعزيز ياملكي، كشف القناع عن بعض الوقائع العراقية، ج١، بغداد، ١٩٥٧.

١٣- الدكتور فاضل حسين، مشكلة الموصل، ط٢، مطبعة اسعد-بغداد، ١٩٦٧.

١٤- مذكرات القادري في بيان الثورة الروسية وايضاح غوامضها، نقله الى العربية القاسم العاوي، المطبعة العصرية-بغداد، ١٩٢٥.

١٥- الدكتور كمال مظهر احمد، اضواء على قضايا دولية في الشرق الاوسط، بغداد، ١٩٧٩.

١٦- مير بصري، اعلام الكرد، رياض الريس للكتب والنشر-لندن- قبرص، ديسمبر ١٩٩١.

١٧- د.وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، لندن، ١٩٩١.

١٨- الحكومة العراقية/ وزارة العدلية، مجموعة البيانات والنظامات العدلية ماصدر بين ١/١٠/١٩٢٠-٣١/١٢/١٩٢٢ من قوانين، مطبعة العراق-بغداد.

بنكەی ژین
www.zheen.org

**٢. ٢. گۆڤارو ڕۆژنامه:**

١- الدكتور احمد عثمان ابوبكر، كردستان في عهد السلام، القسم الاول، "الثقافة" (مجلة)، بغداد، العدد٨، اب ١٩٧٩، ص٣٨-٤٨، والقسم الثامن، نفس المصدر، العدد ٧، تموز ١٩٨٠، ص٤٥-٥٤، والقسم التاسع، نفس المصدر، العدد ٨، أب ١٩٨٠، ص ٣٤-٤٦، والقسم العاشر، نفس المصدر، العدد ٩، ايلول ١٩٨٠، ص٩٢-١٠٣، والقسم الثاني عشر، العدادان ١١-١٢، تشرين الثاني-كانون الاول ١٩٨٠، ص٦٨-٧٦، و القسم الثامن عشر، العددان ١٠-١١، تشرين الاول-تشرين الثاني ١٩٨١، ص٧٠-٧٨، والقسم الثالث والعشرون، العدد ١، كانون الثاني ١٩٨٣، ص٥٨-٦٧.

٢-دافيد كورن، رجلان اقحما الاكراد بالعراق: مناورات كوكس-ولسن، ترجمة د.حميد عبدالملك، ا، "الاتحاد" (جريدة)، السليمانية، العدد ٣٢٣، ١٩٩٩/٦/١٨، /٢ العدد ٣٢٤، ١٩٩٩/٦/٢٥، /٣-٤، العدد ٣٢٥، ١٩٩٩/٧/٢،/ الحلقة الاخيرة، العدد ٣٢٦، ١٩٩٩/٧/٩.

٣- ك، صفحات من الماضي يرويها الاستاذ فؤاد مستي، "التآخي" (جريدة)، بغداد، العدد ١٥٨٢، ١٩٧٤/١/٢١.

٤- دراسة تحليلية لمستقبل كردستان السياسي/١، "الاتحاد"، العدد ٤٣١، ٢٠٠١/٧/٢٧.

بنكەی ژین
www.zheen.org

# پاشکۆ

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

**دوورگەی هەنگام لەناو تەنگەڵانی هورمز**

www.zheen.org



دوورگەی ئەندامان

Goodall & Darby, The University Atlas, $2^{nd}$ ed., London, 1940, PP. 62-63.

www.zheen.org